# گوڵان

■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فوئاد سـدیق**
Editor-in-Chief
Fuad Sideeq
fuadsdeeq@yahoo.com
تەلەفون: ٠٦٦ ٢٢٣٢٣٨٥
مۆبایل: ٠٧٥٠٤٤٥٢٣٥٨

■ جێگری سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Deputy Editor-in-Chief
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Farhadmohmad@gulan_media.com
تەلەفون: ٢٢٣١٥٢٧

■ بەڕێوەبەری نووسین
**شوان تاڤینگ**
Managing Editors
Shuwan A. Mihemmad
taving@myway.com

■ بەڕێوەبەری هونەری
Art Manager
**شاخەوان جەعفەر**

■ بەرگ و دیزاین
**لوقمان ڕەشیدی**

■ بەڕێوەبەری پەیوەندیەکان
**ساڵح عومەر قادر**
Relation`s Manager
Mobil 0750 456 7070
salih_omer2003@yahoo.com



■ فایلەکان
هاوژین عومەر: کۆمەڵایەتی
شەماڵ نووری: ئابووری
مەهدی حاجی ساڵح: ڕەنگاوڕەنگ
سەنگەر شنۆیی: IT
خەلیل بلەیی: هونەری
ئەحمەد عەزیز: وەرزش

■ ناوونیشان: هەولێر - شەقامی ٤٠ مەتری
تەنیشت مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی (پ.د.ك)

ژمارە (٦٧٣) ٢٠٠٨/٢/٢٥

## پاشەکشەی سوپای تورکیا لە هەرێمی کوردستان نمایشی هێزی دیپلۆماتی کوردستان بوو لە بەرامبەر ئەقڵیەتی عەسکەرتاری ژەنەراڵەکانی تورکیادا








ئایا ئەمجارەیان کۆتایی ڕۆناڵدۆیە



چۆنیەتی پاراستنی بۆیە و سووراوی لێو



هاوسەرگیری لەگەڵ ئەورووپییەکان تا چەند بەردەوام دەبێ؟

# ئەگەر تورکیا بەتەواوی کشایەوە، ئەمریکا چ دەکات؟



ئاسۆ کەریم

• ٢٢ی شـــوبات، پاش لەشکرکێشییەکەی تورکیا، کۆشکی سپی جەختی لەوە کردەوە کە "ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەگەڵ تورکیا هاوڕایە کە پەکەکە ڕێکخراوێکی تیرۆریستەو .. دوژمنێکی تورکیا، عێراق و ئەمریکایە". دواتر وتەبێژی کۆشکی ســـپی، Dana Perino گوتی "هەقی تورکیایە دیفاع لە خۆی بکات." لە کەســـیش شاراوە نییە کە ئەو لەشکرکێشییەی دوایی، بەئاگاداری ئەمریکا بـــووە، ئەوە بێ لەوە کە لە دوای دیمانەی بۆش- ئۆردوگان لە ٢٠٠٧/١١/٥دا، بەردەوام ئەمریکا زانیاریی ئیستخباراتی لەسەر پەکەکە بە تورکیا داوە.

• راســـتە پێشـــوەختە تورکەکان بەڵێنی ئەوەیان بە ئەمریکا دابوو، کە لەشکرکێشـــییەکە هەم لە رووی کات و هەم لەرووی ئارمانـــج و هەم قوڵایی تخوب بەزاندنەکە، ســـنووردار دەبێت و زیـــان لە خەڵکی مەدەنی نادەن، لـــێ دواتر (وەعدە بە خیلاف) دەرهاتن و پاش دەســـپێکردنی ئۆپەراســـیۆنەکەش ئاخاوتنی نا روونیان دەدا کە بووە مایەی ئەوە وردە-وردە هەڵوێســـتی وڵاتان، لە "نیگەرانی" لە لەشکرکێشییەکە ببێتە بەرزبوونەوەی "نارەزایی" کە دیپلۆماســـییەتی ئەمریکی خســـتە هەڵوێستێکی ناسك-ەوە کە چۆن وا بکات بەلانســـێك لەنێـــوان تورکیا و کوردی عێراقدا رابگرێـــت و رێگە لە گرژی و تێهەڵچـــوون بگرێت بەتایبەتی کە هەم لەســـەر ئاســـتی میللی و هەم لەســـەر ئاستی رەسمی لەناو عێراقدا، لەم چەند رۆژەی دوایی، پشـــتەوانییەکی دیار لە هەرێمی کوردستان و سەرۆکایەتییەکەی کرا.

• ئەوەبوو، رۆبرت گیتـــس، وەزیری بەرگریی ئەمریکا بەر لەوەی (دەلهی) بەجێ بهێڵێ و بێتە ئەنقەرە، تورکیای ئاگادار کردەوە کە ئاگای لە "سەروەریی عێراق" بێت و خێرا بچێتە دەرێ و، روونیشی کردەوە کە مەبەستی لە کورتخایەن "چەند رۆژێك، حەفتەیەك یان دووەو ئا ئاوا، نەك بەمانگان". شـــایانی گوتنە، گیتس لە ئۆکتۆبەری پاریشـــدا، ســـەبارەت بە لەشکرکێشیی تورکیا بۆ ناو خاکی عێراق گوتبووی: "تەنگژەیەکی نێودەوڵەتی دەنێتەوەو ســـەقامگیری لە عێراقدا پتر تێکدەدا". بۆش-یش، لە ٢٨ی مانگدا، لە پرێس کۆنفرانسێکدا لە کۆشکی سپی هەمان راو بۆچوونی گیتس-ی دوبارە کردەوە، بەڵام ئەمجارە پەکەکەی بە "دژمنی هاوبەشـــی تورکیـــا، ئەمریکا، عێـــراق بەکوردی عێراقیشەوە"دانا.

• هەرچەنـــدە، تورکـــەکان لـــە ٢٨ی مانگدا، لـــە وەڵامدا گوتیان ئەوان خشتەیان بۆ کشـــانەوەی هێزەکانیان دانەناوە، لێ بەپێی ســـەرچاوە تورکی و عێراقی و ئەمریکییەکان، هەندێ لە هێزەکانی تورکیا رۆژی هەینی لە خاکی هەرێمی کوردســـتان چوونـــە دەرێ و چوونەتەوە ئەو دیوی ســـنوور، بەڵام هێشـــتا بەتەواوەتی نەکشاونەتەوە، لەکاتێکدا بەقسەی رۆژنامەی (زەمان تودەی٢٩-ی شوبات) سەرچاوەیەکی ئەمنییی تورکی باس لە دامەزراندنی (١١) بنکەی ســـەربازیی تر دەکات بۆ ماوەیەکی کاتی لەناو خاکی کوردستانی عێراقدا لەبابەتی بنکەی بامەڕنی و بێگوڤـــا، گوایا لەمبارەوەش "ئەمریکایـــی و عێراقییەکانیان ئاگادار کردۆتەوە". هەرچی ئۆپۆزیسیۆنی تورکییە، داوا دەکەن لەناو خاکی عێراقدا سەرســـنوورو سەرســـنوور ناوچەیەك داببڕن (منطقە عازلـــە- buffer zone)، بەڵام جەمیل چیچەك، وتەبێژی رەســـمیی حکوومەت ئەوەیـــان بەبەرژەوەندیی تورکیا نازانێت.

• دەگەڕێمەوە، سەر قسەکانی چەند رۆژ لەمەوبەری گیتس، کە پێیوایە تورکیا بەرێوشوێنی سەربازی دەرەقەتی پەکەکە نایەت و ناتوانێت لەناوی ببات، ئەگەر رێوشوێنی ئابووری و سیاسیشی لەگەڵ نەبێت و دڵی کوردەکانی تورکیا بۆ لای خۆی رانەکێشێت. کەواتە گیتس، بەتەنێ رێگەچارەی ســـەربازی پێ پەسند نییە، بۆ رێوشوێنی سەربازی، ئەمریکا زانیاریی ئیستخباراتی لەسەر پەکەکە بە تورکیا دەدا، کەواتە ئەمریکا، بۆ ئەوەی رێوشـــوێنی سیاســـی و ئابووری بۆ دڵراگرتنی کوردی تورکیا پەیڕەو بکرێ، چ یارمەتییـــەك پێشـــکەش بە تورکیا و بە کـــورد دەکات؟ ئایا ئەمریکا چ نەخشـــەو پلانێکی هەیە؟ ئایا مامەڵە لەگەڵ دەتەپە (کە لـــە پەرلەمانی تورکی گروپی خۆی هەیەو ٥٤ ســـەرۆك شارەوانی لە شارە کوردنشینەکاندا بەدەستە)و حزبە کوردییەکانی تـــر دەکات کە توندوتیژی و زەبروزەنـــگ رەتدەکەنەوەو بەرنامەو ئەجێندای خۆیان بۆ چارەســـەرکردنی کێشـــەی کورد لە تورکییا هەیـــە؟ ئایا ئەمریکا دەکارێت لە کەناڵە جیا-جیاکانی خۆیەوە وا لە حکوومەتی تورکیا بکات دان بەناســـنامەی نەتەوەیی کوردو مافە کولتووری و سیاســـییەکانی لە تورکیا بنێت؟ ئایا دەشێت گەڵاڵەی نەخشـــەو پلانێك بۆ تورکیا بکات کە لە ئاکامدا ناوچە کوردنشـــینەکان لە رووی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە ببوژێنەوە؟ ئایا ئەمریکا دەکارێت، قەناعەت بە حکوومەتی تورکیا بکات کە دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا لە بەرژەوەندیی هەردوولا و سەقامگیری و ئاشتی ناوچەکە دایە؟ ئایا ئەمریکا چ پلان و نەخشەیەکی بۆ پەکەکە پێیە، هەرچەند بە دژمنێکی هاوبەشیشی ناودەبات؟ ئایا پلانێکی پێیە بۆ دەرکردنی لێبوردنێکی گشتی بۆ پەکەکە، چەك پێدانان، دوبارە بارهێنانەوەو تێکەڵکردنەوەیان بەپرۆســـەی سیاســـیی لە تورکیادا؟ ئەمریکا تاقیکردنەوەی ئەو وڵاتانەی کە "کێشـــەی چەکداری"یان تێدایە رەچـــاو دەکات و جیاوازی دەکات لەنێوان "قاعیدە" و "پەکەکە"دا. ئایا پێویســـت نییە ئەمریکا هەســـت لە خەڵکی کورد لە تورکیا رابگرێـــت کە چی گەرەکـــە و چی گەرەك نییـــە؟ لە تورکیا دامەزراندنی "ســـەحوە" ناخوات، چونکە لەمێژە "قوروچی" هەن. یان ئەمریکا (بۆش و گیتس) ئەم قسانەیان تەنیا بۆ هێورکردنەوەو ئیحتیواکردنی تەنگژەکەو خاوکردنەوەی گرژییەکانەو بەس!

• ئـــەی پەکەکە لێـــرە بـــەدواوە چ دەکات، لەبارێکدا ئەگەر تورکیا لەشکرکێشـــی راگرت و جموجولی دیپلۆماسی و سیاسی دەســـتییپێکرد، ئایا پەکەکە غرور دەیگرێت و خۆی بۆ شـــاڵاوی بەهارێ ئامادە دەکات یان بانگەشـــە بـــۆ دایەلۆگ و خیتابی ئاشـــتیخوازانەو بڕاندنەوەی توندوتیژی دەکات؟ وەڵامی ئەمەیان لای سەرکردایەتیی پەکەکەیە.

Aso2karim@yahoo.com

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

# شەڕی عێراق لە هەڵبژاردنەکانی ئەمەریکادا



فەیسەڵ دەباغ

دواشـــت کە کۆشـــکی ســـپی لێی دەترســـێ ئەوەیـــە نەوەك هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ســـاڵی٢٠٠٨ببێتە راپرسییەك لەسەر ئەوەی کە ئایا شەڕی عێراق ئەو گەلێرییەی ماوە کە پێشتر هەیبوو یان نا، وەڵامی راپرسییەکەشی بە نەرێ بێت.

هەڵبژاردنەکانی کۆنگرێس کە لە ســـاڵی٢٠٠٦بەڕێوەچوو، ئەو راپرســـییەی نواند و تێیدا کۆمارییەکان تووشی دربێکی زۆر گەورە بوون.

بەڵام سەرۆك بوش کە لەم دواییەدا بڕوایەکی پتەوی بەوە هێنابوو کە ستراتیژییەتی زیادکردنی هێزەکان ئەنجامێکی باشی لێکەوتووە، ئێســـتا خەریکی هەنگاونانە بۆ ئەوەی عێـــراق بکاتە پاڵدەرێك بۆ هەڵبژاردنەکان و، واشـــی پێ باشـــە تـــا هەڵبژاردنەکانی مانگی تشـــرینی دووەم ئەنجام دەدرێ هێزێکـــی ئەمەریکی زۆر لە عێراق بهێڵێتەوە، بەشێوەیەك ژمارەکەی نزیکی ئەو ژمارەیە بێت کە بەر لە زیادکردنەکە بـــوو، واتە(١٣٠)هەزار، ئەم بوونە زۆرەی هێز حەتمەن ئاگری دیموکراتەکان خۆشتر دەکات و کێبڕکێییەکەی سەرۆکایەتی دەکاتە بابەتێکی تاقیکردنەوەی نێوان پاڵێوراوی پارتی کۆماری کە لاگیری شەڕەکەی عێراق دەکات و ئەو پاڵێوراوەی پارتی دیموکرات کە دژیەتی.

لە واقیعدا ســـەرۆك بوش برەو بەگرەوی ســـەرکەوتنی لە عێراق دەدات، ئەگـــەر تـــا مانگی تشـــرینی دووەم شـــەڕەکە نەتیوانی گەلێرییەکی زۆر پەیدا بکات، ئەوە هەڵوێســـتەکە زیان بە پاڵێوراوە کۆمارییەکان و پارتەکە دەگەیەنێ، بەڵام ئەوەی لە ســـەرۆك بوش زانراوە کابرایەکە زۆر بایەخ بە راپرســـی نادات، لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ کەناڵی فۆکس نیوزدا ئەوەی درکاند کە مێژوو سەرپشـــکی ئیدارەیە و بە راشکاویەوەش گوتی: من بایەخ بە راپرسی نادەم.

ئێستا گەورە سەرکردە ســـەربازییەکانی ئەمەریکا لە مشتومڕی ئەوەدان کە کەمکردنەوەی هێز لە عێراقدا و لە کۆتایی ئەمســـاڵدا بۆ(١٠٠) هەزار، فشارەکە بۆ سەر سوپا کەم دەکاتەوە.

بەڵام سەرۆك بوش ئەو قسەیەی گەورە سەرکردە سەربازییەکانی ئەمەریـــکای پێ هەزم ناکرێ و لە جیاتـــی ئەوە دەیەوێ هێزێکی زۆر لـــە عێرقدا بهێڵێتەوە، چونکە پێی وایە لەباری بوونی هێزێکی وا زۆردا، ئەگەر ســـەرۆکی داهاتوو کەمیشی بکاتەوە، ناگاتە ئەو ئاستەی کە مەترسیدار بێت.

هەر چەندە وەزیری بەرگری دژی ئەو بۆچوونەی سەرۆك بوش بوو و دەیویســـت تا کۆتایی ئەمساڵ ژمارەی هێزەکان بۆ(١٠٠٠) هەزار کەم بکاتەوە، بەڵام ئێستا لەو هەڵوێستەی خۆی پاشەکشەی کردووە و هاوڕایە لەگەڵ سەرۆکەکەیدا.

کاتێ مرۆسەیری رەوشی ئەمڕۆی کۆشکی سپی دەکات، بۆی بەدیار دەکەوێت کە خەمی گەورەی سەرۆك بوش ئەوەیە کە سەرۆکی داهاتووی ئەمەریکا ئەو دەســـکەوتانە بەفیڕۆ نەدات کە لە عێراقدا هاتوونەتەدی کە ئەمەیش هۆی کەیف پێ هاتنی سەرۆك بوش بە جۆن ماکینی پاڵێوراوی پارتی کۆماری راڤە دەکات، کۆمارییەکان وا ســـەیر دەکەن کە تەنیا سیاسەتکارە بەرامبەر بە عێراق لە سەرۆك بوش سەر رەقتر بێت.

بەڵام ســـەرۆك بوش زیاتر حەز لەوە دەکات کە سیناتۆر هیلاری کلینتۆن ببێ بـــە جێگرەوەی بە بەراورد لەگەڵ بـــاراك ئوبامادا، ئەمەیش زۆر بە روونی لە نیانەوەکانی سەرۆك بوشدا دیارە.

لـــە دیمانەکەیدا لەگـــەڵ فۆکس نیوزدا گوتـــی: بەر لە چەند مانگێك هەســـتم بەسەرکەوتنی کلینتۆن کرد، هەروا بەرگری لەبیل کلینتۆنی مێردیشی کرد وگوتی: لە هۆکاری دڵگەرمی سەرۆکی پێشوو و بەرامبەر  بە هەڵمەتی خێزانەکەی تێدەگەم، من بڕوام بەوە هەیە کە خاتوو کلینتۆن بە کتوپڕی لە عێراق ناکشـــێتەوە، من هیچ حسابێك بۆ هەڵمەتەکەی ناکەم، چونکە باش دەیناسم و ئەوەی ئێستا دەیڵێ تەنیا پڕۆپاگەندەی هەڵبژاردنە.

سەبارەت بە ئۆباماش، سەرۆك بوش هەست بە جۆرە نیگەرانییەك دەکات، بە فۆکس نیوزی راگەیانـــد: منیش نازانم باوەڕی بەچی هەیە، رەخنەشی لە لێدوانێکی پارساڵی ئوباماگرت کە گوتبووی: ئەگەر پێویستی کرد بە تەنیا هێرش دەبەمەسەر پێگەکانی رێکخراوی قاعیدە لە پاکســـتاندا و ئامادەشم لەگەڵ سەرۆکی ئێران مەحموود ئەحمەدی نەژاد کۆ ببمەوە.

سەرۆك بوش حەز دەکات لەسەر پلانەکانی خۆی بەردەوام بێت و لە هەمان کاتیشدا زانیاری پێویست سەبارەت بە عێراق و ئاسایشی نەتەوەیـــی ئەمەریکا بداتە پاڵێورانی هـــەردوو پارتی دیموکراتی و کۆماری، دەشیەوێ هەردوولا بۆ گفتوگۆکردن بە مەبەستی هێنانە دی عێراقێکی ئارام هان بدات.

بەڵام لە ســـاڵی هەڵبژاردنەکاندا کە عێـــراق جارێکی تر بووەتە تەوەرێکی سەرەکی ئەو هەڵبژاردنە، لەوانەیە دیموکراتەکانی ئەمەیان پێ ناخۆش بێت کە هەمیشـــە عێراق بە(ڕووگەی مردن) وەســـف دەکەن.

راستە راپرســـییەکان ئەوەیان دەرخســـت کە مەسەلەی ئابووری لە مەســـەلەی عێراق گرنگترە و سەر لیســـتی ئەو کێشانەیە  کە دەنگدەری ئەمەریکی بایەخێکی زۆری پێ دەدات، بەڵام شـــەڕەکە هەر وەك باراك ئۆباما دەڵێ:( ئەو عەقڵیەتەی کە تووشـــی شەڕی کردین) وەك مەســـەلەیەکی هەســـتیار دەمینێ لـــە چوارچێوەی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠٠٨ دا.

ئۆباما دەڵێ: (بابەتی عێراق وەك بابەتێکی سەرەکی میدیارکانی ئەمەریکا نەماوە، ئەو وڵاتە وەك بەرمیلێکی باروت وایە کە ئەگەر گڕی گرت ئیتـــر کەس نازانێ چ کارەســـاتێکی لێ دەکەوێتەوە، پاشەکشـــەی توندوتیژی بەهۆی زیادکردنی هێزە ئەمەریکییەکانەوە نەبوو، بەڵکـــو بەهۆی گۆڕینی تەکتیکی گروپـــە عێراقییەکانی هاوچاو بوو، هـــەر هۆکارێکی ناوەکی و دەرەکی دەتوانێ ئاگر لەو بەرمیلە باروتـــە بەربدات کە ئەمەیش دەبێتە هۆی ســـەر لە نوێ هەڵدانەوەی ناکۆکییە بنەڕەتییەکان.

ئێران وەك هێزێکی ئەقلیمی و ئاراســـتەی کـــورد و زیادبوونی گرژی نێوان گروپە شیعییەکانی شەڕکەر لە باشوور و هەروا گرژی نێوان گروپە سوننیەکان کە لەم دواییەدا راهێنران و چەککران و هێزە

سەرۆک بوش زۆر بایەخ بە راپرسی نادات

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

ئەمنییەکانــی عێراق کە شــیعە کۆنترۆڵی کردوون بوونەتە درز کە خەریکە قەوارەی کۆمەڵگەی عێراقی بنکۆل دەکەن و کاریگەریشیان رۆژ لە دوای رۆژ لە زیاد بووندایە.

لــەم چوارچێوەیەدا، نابێ ســەرۆك بوش یــان لاگیرێکی ئەو، وەك(جــون ماکینی ) بێــت و بڵێ: وەڵلا ســەرکەوتنمان لە عێراق وەدەست هێناوە.

لە مانگی تشــرینی دووەم، یان بەر لەو مانگەش ململانێیەکەی نێوان هــەردوو حزبی کۆمــاری و دیموکراتی توونـدتــر دەبێتەوە، جــون ماکین و هاوپەیمانەکانی تەئکید لەســەر پێویســتی هێنانە دی ســەرکەوتنێکی ســەربازیی دەکەن و لە هەر نزیکبوونەوەیەکی دیپلۆماسی دوور دەکەونەوە.

پرســیار ئەوەیە: چۆن پاڵێــوراوی دیموکراتــەکان وەڵامی ئەو ئاراستەیەی جون ماکینی دەدەنەوە و ئەو سروشتە دیالۆگییە چییە کە دەبێت پەیڕەوی بکەن؟

لە ســایەی ئەگەری نوێبوونەوەی ململانــێ و زیادبوونی ئەو ململانێیە پێویســتە لە سەر دیموکراتەکان پەیڕەوی تاکتیکێك بکەن کە جیاوازی هەبێ لەو تاکتیکەی کە بەر لە (٥) ســاڵ پەیڕەویان دەکرد، واتە بەر لەوکاتەی کە زەڵکاوی عێراق دەستی پێکرد.

هەمووومان وەبیرمان دێت کەچۆن بەر لە شەڕی عێراق دەسەڵاتی کۆشکی سپی لەســەر وەتەری ترس و تیرۆر و ئاسایشی نەتەوەیی لێ دەداو حزبی دیموکراتیش خۆی لێ بێ دەنگ کردبوو.

حزبی دیموکرات ئەوکات نەیویست خۆی وا دەربخات کە بایەخ بە ئاسایشی نەتەوەیی نادات، بۆیە پشتگیری لە هەڵوێستەکەی سەرۆك بوشــی کرد، کە ئەمەیش بە دیدی چەند پســپۆڕێکی سەربازی و سیاسی هەڵەیەك بوو و ئەو هەڵەیەش نایەتە چارەسەر کردن.

لە ســاڵی ٢٠٠٣ دا چەند کۆنگرێســمانێکی حزبی دیموکرات داوایــان لەو حزبە کــرد بڕیارێك دژ بە شــەڕ دەر بکات، چونکە دەسەڵاتی کۆشکی ســپی وەڵامی ئەو حزبەی نەداوەتەوە سەبارەت بــە پاڵنەر و تێچوون و رەنگدانەوەی ئەو شــەڕە لەســەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

ئەوکات ئەو کۆنگرێســمانانە بە دەنگێکی بەرزەوە هاواریان دەکرد و دەیانگوت: ئەو شــەڕە بەبێ پاڵپشــتی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەڵەیەکــی گەورەیە و ئەنجامی خراپی لێ دەکەوێتەوە، بەتایبەتی ئەو کات ئەمەریکا خەریکی شەڕ بوو لە ئەفغانستاندا.

ئەو هەوڵەیــان ســەری نەگرت،چونکە ســەرکردەکانی حزبی دیموکرات لەوە دەترسان نەوەکو بەلاوازی لە قەڵەم بدرێن، هەندێکیان بە هەمان زمانی پێشوو قســەیان دەکرد و دەیانگوت: ئێمە لەگەڵ ســەرۆك بوش داین بۆ بەرگریکردن لە نیشتمان، هەندێکی تریشیان پێیان وابوو کە ئەگەر پشــتگیری لە سەرۆك بوش بکەن ، بایەخی زیاتر بە کێشە ناوخۆییەکان دەدات.

بەرای زۆربەی چاودێرانی سیاســی ئەم دوو هەڵوێستەی پارتی دیموکراتی هەڵە بوون، چونکە پاش روودانی شــەڕەکە هەســت بە جیاوازییەك نەکرا، ئێســتا ئەو چاودێرە سیاســییانە دووبارە رووی خۆیان لە دیموکراتەکان کردووە پێیان دەڵێن: کاتێ مانگی تشــرینی دووەم فەشــەلی سیاسەتی دەرەوەی ســەرۆك بوش لە رۆژهەڵاتی نێونیــدا، ئەمەریکا و جیهان رووبــەرووی بەرنگاربوونەوەیەکی زۆر بوونەتەوە، عێراقێکی ئاڵۆز، ئێران وەکو هێزێك توندڕەوی و تیرۆریست و ..... تاد.

ئەو کاتەی باراك ئۆباما دژە شەڕ بوو کە ئەو شەڕە گەلێرییەکی زۆری هەبــوو، هەروا خاوەن پرۆژەیەکە بــۆ بە کۆتا هێنانی ئەو شەڕە، ئەو پرۆژەیەی کە ئەو پرنسیپانەی لەخۆ گرتووە کە گروپی لێکۆڵینەوەی رەوتی عێراق بانگەشەی بۆ دەکرد، ئەمەو سەرەڕای گرتنەبەر دیبلۆماسیەتێکی بەهێز.

راســتە ئۆباما تا ئێســتا لە پێــش هاوچــاوە دیموکرات و کۆمارییەکانە، بەڵام پرسیار ئەوەیە: ئایا ئەو پێشکەوتنەی ئۆباما هۆیەکەی بۆ گەلێرییەکەی و توانا شەخسییەکەی و خۆشەویستی ئەمەریکیەکان دەگەڕێتەوە؟ یان بەهۆی پاڵپشــتی کۆمارییەکان کە پێیان وایە لاوازترین پاڵێوراوی ناو دیموکراتییەکان و پارویێکی ئاسانە لەبەردەم جون ماکینی دا؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە پێویستە ئاورێك لە مێژووی ئۆباما بدەنەوە، ئۆباما کەســایەتییەکی بەهێزی هەیە بەر لە شەش ساڵ وەك پیاوی داهاتــوو بەدیارکەوت ئامادش دەکرا بۆ رۆژێکی وا، بەتایبــەت توانایەکی ئیعلامی بەهێزی هەیە لەرێی ئەو توانایەوە توانی دڵــی خەڵکی بۆ لای خۆی رابکێشــێت، بەتایبەت رەش پێستەکان، بەڵام خاڵە لاوازەکانی بریتییە لە:

-١ شــارەزاییەکی ئەو تۆی لە سیاسەتی نێو دەوڵەتی نییە تا بتوانێ بەهۆیەوە سەرکردایەتی بەهێزترین وڵات لە دنیادا بکات.

-٢ باوکی موسوڵمانە و هەر لە ئێستاوە نەیارانی (کۆمارییەکان) ئەو مەســەلەیەیان بۆ خۆی ئیستغلال کردووە و بەناوی باوکییەوە (حوسێن) ناوی دەهێنن.

-٣ رەش پێستە و باوەڕ ناکرێ خەڵکی ئەمەریکا ئامادەبن وەك سەرۆك کۆمار قەبوڵی بکەن.

با پرســیارەکەمان بەشێوەیەکی تر بخەینە روو: ئایا سەرکەوتنی ئۆباما لەسەر هیلاری بەواتای سەرکەوتنی کۆمارییەکان دێت لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا؟

ســەرەتا نێــوان ئۆباما و هیــلاری زۆر باش نەبوو قســەی شەخســیان بەیەکتر دەگوت، بەڵام پاشــان وا بە بــاش زانرا لەو قسە شەخســیانە دووربکەونەوەو تەرکیز لەســەر کێشە ناوەکی و سیاســییەکان بکەنەوە، بەڵام بابەتی عێراق هــەر وەك بابەتێکی ســەرەکی ئەو ململانێیە دەمێنێتەوە، ئۆباما داوای کشانەوەیەکی خێرا لە عێراق دەکات و دەیەوێ تەرکیز لەسەر ئەفغانستان بکات، واتە بــە پێچەوانەی هیلاری کە دەیەوێ ئەو کشــانەوەیە پلەدار بێت و زیان بە بەرژەوەندییەکانی ئاسایشــی نەتەوەیی نەگەیەنێ، بۆیە ئەگەر پۆســتەکەی ســەرۆك بــوش بەبــەر دیموکراتەکان بکەوێ، ئەوە حەز دەکات سنیاتۆر، هیلاری بێتە جێی نەك باراك ئۆباما،ســەبارەت بە جون ماکینیش، راســتە سیاسەتە ناوەکی و جیهانییەکەی زۆر جیاوازی لە سیاســەتەکەی بەر لەخۆی نابێ و شانسیشــی وەك هەڵبژێراوەکی پارتی کۆماری لەوانیتر زیاترە ئەمــە ئەگەر ئەو بێ ئابڕوییەی ئەو لەگــەڵ (فیکی ئیزمان) کــە خاوەنی کۆمپانیای (باســکۆن) ە و گۆڤاری نیویۆرك تایمز تۆمەتبار دەکات کە پەیوەندییەکی خۆشەویستی لەگەڵیدا هەیە، و بۆ پرۆپاگەندە کــردن بۆ (ئیزمان) ٢٠ هەزار دۆلاری پێداوە و ئەویــش لە بەرامبەر ئەوەدا داوای لە لێژنەی گەیاندنی فیدراڵی کردووە ئاسانکاری پێویست پێشــکەش بە کۆمپانیای (باکسۆن) یکات بۆ دامەزراندنی کەناڵێکی تەلەفزیۆنی لە بێتسبێرگ، کار نەکاتە سەر دەنگدەرانی.

●●●

**سەرۆک بوش زیاتر حەز لەوە دەکات کە سیناتۆر هیلاری کلینتۆن ببێ بە جێگرەوەی بە بەراورد لەگەڵ باراک ئۆباما**

●●●

●●●

**مەسەلەی ئابووری لە مەسەلەی عێراق گرنگترە و سەر لیستی ئەو کێشانەیە کە دەنگدەری ئەمەریکی بایەخێکی زۆری پێ دەدات**

●●●

●●●

**سەرەتا نێوان ئۆباما و هیلاری زۆر باش نەبوو قسەی شەخسیان بەیەکتر دەگوت، بەڵام پاشان وا بە باش زانرا لەو قسە شەخسیانە دووربکەونەوەو تەرکیز لەسەر کێشە ناوەکی و سیاسییەکان بکەنەوە**

●●●

# ئەو چاوەی کارە باشەکان نابینێ!



سالار عوسمان

یەکێ لە کارە باشـــەکانی دەسەڵاتی سیاسی لە کوردستان فەراهەمکردنـــی پانتایـــی ئازادییە کە ســـەرچاوەکەی لە بڕوابوونی دەســـەڵاتی سیاســـی بـــە پڕەنســـیپی ئازادییەوە هەڵقوڵاوە، دیارە لە نێو ئەو پانتاییەدا خەڵك و نێوەندە میللی و جەماوەریی و کلتوورییەکان بە ئاراستەی جوداوجودا قسەی خۆیـــان دەکەن و لەمەڕ بچووك تا گەورەترین پرســـی وڵات بیروڕاکانی خۆیان دەردەبڕن، کە بە بڕوای من کۆی پرۆسەکە خەســـڵەتێکی مودێرنانەی بە دەســـەڵاتی سیاسی کوردستان بەخشیوە کە ئەویش بڕوابوونی دەسەڵاتی سیاسییە بە ئازادیی و دواجار دروســـتکردنی (ڕا)یە لە کوردستاندا!.. دیارە لە نێو قسەکردنیشدا هەندێ کەڕەت باش و هەندێ کەڕەتیش خراپ قسە دەکرێ، مەبەســـتم لە باش قسەکردن مەدح و پیاهەڵدان نییە و مەبەستیشـــم لە خراپ قســـەکردن ڕەخنە و دەربڕینی نارەزایـــی نییە، بە پێچەوانەوە مـــن لەو بڕوایەدام حکومەتی کوردســـتان و کۆی سیستەمی سیاسی وڵات نەپێویستی بە پیاهەڵدان هەیە و نە لە ڕەخنەش دەترســـێ، چونکە لە پشـــت هەموو پیاهەڵدانێك جۆرێـــك لە گەورەکردن هەیە و هەمدیس لە پشـــت هەموو ڕەخنەیەکیش جۆرێك لەراســـتی هەیە، بۆیە حکومەتی هەرێمی کوردســـتان هێنـــدەی لاگیری ڕەخنەیە نیو هێنـــدە مەتڵەبی مەدح و پیاهەڵدان نییە، هەر بۆیەشـــە هەموو ئەو دێڕانەی ڕەخنە لەگەڵ خۆیاندا بە ئاراســـتەیەکی دروستدا دەبەن مایەی دڵخۆشییە، چونکە دروستکردنی (ڕا) لە کوردســـتان یەکێ لە ئارمانجە بەردەوامەکانی سیستەمی سیاسی کوردســـتانە و لە هەر قۆناغێکدا و بەپێی گونجانی قۆناغەکە کاری بۆ کردووە!...

دوای ئەم پێشەکییە کورتە دەمەوێ سەرنجتان بۆ حاڵەتێکی نێگەتیڤ رابکێشـــم کە بەبڕوای من دەبێ قســـەی لە بارەوە بکرێن و بە نێو وردەکاریەکانیدا شۆڕبینەوە کە ئەویش حاڵەتی نەدیتنی کارە باشەکانە!...

لە کوردستان لە هەموو بوارەکاندا کار کراوە، لە کۆی هەموو ئەو کارانەدا کۆمەڵێك کاری باشـــی سیاســـیی و کلتووریی ئابـــووری کراوە کە هەنـــدێ لە چاوەکان نـــەك هەر نابینن بەڵکو بەردەوامیش لە هەوڵی ناشیرینکردن و بێ زەوەرکردن و بچووککردنەوەیدان!....

پرسیار ئەوەیە هاووڵاتییەك کە دەیەوێ کارەکانی حکوومەتی کوردستان هەڵســـەنگێنێ و تەنێ لەسەر سلبیات قسە دەکات و هەنـــدێ کەڕەت بـــێ زانیارییش دەکەوێتە نێو باســـەکان و شەلم کوێر ناپارێزم نێو ناشیرینکردنی جوانییەکان ئایا لەخۆی ناپرســـێ بۆ چـــاوی ئەو کارە باشـــەکان نابینـــێ، هەروەها ڕۆژنامەنووســـێك، یا دەزگایەکی ڕاگەیانـــدن، یا نێوەندێکی کلتووریی و جڤاکی کە خۆی بەشـــێکە لەم ئەزموونە پرسیار لەخۆی ناکات بۆ چاوەکانی ئەو کارە باشەکان نابینێ و ئەرێ لەخۆی ناپرسێ هۆی چییە ڕاست و چەپ کەوتۆتە وێژەی ئەم هەموو دەسکەوت و کارە باشانە!....

ئایا دەیەوێت قەناعەت بەخۆیی و خەڵك بێنێ کە لە کوردستان کارێکی باش نەکراوە و هەندێکی خێر نەنراوە.!!؟؟....

ئەی باشـــە لەبەرامبەر ئەم هەموو سووربوون و پێداگرتنە نەتەوەییە چی دەڵێ؟!...

ئەی باشـــە لەبەرامبەر ئەم هەمـــوو ئاوەدانکردنەوەیە چی دەڵێ؟!...

ئـــەی بەرامبەر بوونـــی ئەو ئازادییە چـــی دەڵێ کە ئەو لەنێو پانتایەکانیدا ڕەخنە دەگرێ و هەندێ جار سنوورە کەش دەبەزێنێ و دەکەوێتە جنێو و ناوزڕاندن!!؟...

ئەی باشـــە بەرامبەر ئەم کرانەوە و پێشکەوتنە خێرایانەی کوردستان چی دەڵێ؟!...

ئەی باشـــترین ئەو هاووڵاتیە، یا ئەم ڕۆژنامەنووسە، یان ئەو نێوەنـــدە جەماوەرییە هەوڵ بـــدات واقیعەکە وەك خۆی ببینێ و لە نێو بینینی دروستی ئەم واقیعەدا قسەکانی خۆی ڕێکبخات،..

ڕێکخستنێك ڕەخنەشی لەنێودا جێ بکاتەوە، بەڵام ڕەخنەیەك دواجار وڵات قازانجی لێ بکات نەك دوژمن!... ئەوەی ئەوان دەیکەن، مەبەســـتم ئەو چاوانە کـــە کاری باش نابینن دەبێ پرسیار لە خۆیان بکەن: ئایا بۆ کارێك دەکەن دوژمن قازانجی لێ بکات؟!.. ئەمە ئاو کردنە لە ئاشی دوژمن!..

لێرەوە بۆمـــان ڕوون دەبێتەوە کە لە نێـــوان ڕایەڵەکانی ئەم هاوکێشـــەیەدا نزیکییەك هەیە هەندێ کـــەڕەت ڕەش دەکا بە سپی و بە پێچەوانەوەش!..

دەبێ هاووڵاتی کوردســـتان و تەنانەت نێوەندەکانی میدیا و کلتوور و... تاد.

هەر هەموو لەوە وریابن ســـپی نەکەن بـــەڕەش و هەوڵیش دەن لە نمایشـــکردنی ڕەنگەکاندا ڕەخنـــە گربن وەلێ ڕەخنە گرێکی بەرپرس، ڕەخنەگرێك دواجار ڕەنگە سپییەکانی خۆش بوێ!!..

لە دووماهی ئەم نووسینەدا دەمەوێ ئەوە بڵێم:

دوژمـــن وازمان لێناهێنێ، بەڵام هەر قۆناغە و بە جۆرێك، دەبێ وریابین بە کەرەســـە نێوخۆییەکانی وڵات کاری دوژمن نەکەین، هەموو ئەو شـــەڕانەی لە پەنای ئازادییەوە دەکرێت (مەبەســـتم ئیســـتغلالکردنی ئازادیە) وامان لێدەکات ســـەر لە نوێ داڕشـــتنەوەیەکی نوێ بـــۆ چەمکی ئازادیی بکەین (بێگومان بەبێ ئـــەوەی تۆزقاڵێك لە ئازادیی کەمکەینەوە)، چونکە چەمکی ئازادیی لە کوردســـتان کەلێن و کەلەبەری تێدایە!..

بۆ ئەم مەبەستە پێویســـتە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە کۆمەڵێك پرۆژەوە دەســـت بەم پرۆسەیە بکات کە دواجار لە قازانجی چەمکی ئازادیی تەواو بێت و کوردستانیش دەربازی قۆناغێکی نوێتر بکات!!.

Salar osman@yahoo.com

# کاتی هاتووه
# لەنێوان ئەنقەرەو هەولێر دانوستاندن دەست پێبکات



ئیلنۆر چەڤیک

ئۆپەڕاسیۆنی زەمینەیی سووپای تورکیا لەدژی PKK لە چیاکانی هەرێمی کوردستانی عێراق کۆتایی پێ هات، ئەویش لە ڕۆژی هەینی بوو، یەك ڕۆژ لەدوای ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا جەختی لە تورکیا کرد بۆ ئەوەی بە زووترین کات کۆتایی بە ئۆپەراسیۆنەکەی بێنێت.

ئێستاش مەزەندەیەکی بەهێز هەیە لەسەر ئەوەی کە تورکیا لەژێر فشاری واشنتۆن کۆتایی بە ئۆپەڕاسیۆنەکە هێناوە.

لەوانەیە ئەمەش تەمومژیی تێدا هەبێت. لەبەر ئەەوەی، بە پێی ئەو زانیارییانەی کە لە ناوەوە پێمان گەیشتووە، دەبوایە ئۆپەڕاسیۆنەکە لە پشووی ئەم هەفتەیە کۆتایی بهاتایە. تورکیا ئامادە نییە خۆی بخاتە مەترسییەکی گەورەوەو لە وەرزە سەختەکەی زستان درێژە بە ئۆپەڕاسیۆنە زەمینییەکەی بدات . بەڵام کۆتایی هاتنی ئۆپەڕاسیۆنی زەمینەیی مانای ئەوە نییە کۆتایی هەموو ئۆپەڕاسیۆنەکان بێت لەدژی میلیشیاکانی PKK لە هەرێمی کوردستانی عێراق.

بەڵکو بەپێچەوانەوەیە، لەبەر ئەوەی سووپای تورکیا بەردەوام دەبێت لە ئەنجامدانی هێرشە ئاسمانییەکانی و لەگەڵ هاتنی وەرزی بەهار و مانگە گەرمەکان، سووپای تورکیا دەست دەکاتەوە بە ئەنجامدانی هێرشی زەمینەیی. بەهەرحاڵ، ئەمە نابێتە مایەی ڕوودانی داگیرکردنی تەواو، بەڵکو شێوەیەك وەردەگرێت لە هێرشی لێدانی کتوپڕ لەدژی بنکەکانی PKK.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ویستی شتێك بۆ سەرکردەکانی کوردستان بسەلمێنێت، کە هەرچەندە لە لایەنێکەوە لایەنگری تورکیا بووە لە جەنگەکەی لەدژی PKK، هەر لە یارمەتیدانی بەشێوەیەکی چالاکانەو دابینکردنی زانیاریی پێویست لەسەر بنکەو حەشارگەکانی PKK تاکو دەگاتە کردنەوەی ئاسمانی عێراقی لەپێشی فڕۆکە جەنگاوەرییەکانی تورکیا، ئەوە لەهەمان کاتدا، پشتی کوردەکانی بەرنەداوە. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەزانێت کورد چەند هەستیارە، بۆیە، هەر خێرا داوای لە تورکیا کرد بۆ ئەوەی بە زووترین کات کۆتایی بە ئۆپەڕاسیۆنە زەمینییەکەی بێنێت. بۆیە، ئەنقەرەو واشنتۆن ڕێککەوتوونە لەسەر پێکهێنانی سیناریۆیەك سەبارەت بە کشانەوەی هێزەکانی تورکیاو پلانی ئەمەریکییەکانە بۆ ڕازی کردنی کوردەکان.

لەهەمان کاتدا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا جەختی لەوە کردەوە کە شەڕ لەدژی PKK بەردەوام دەبێت و واشنتۆن بەردەوام دەبێت لە پاڵپشتیکردنی تورکیا بۆ ئەم مەبەستە.

ئەم ئۆپەڕاسیۆنە سەربازییە بووە مایەی پیشاندانی تواناو هێزە گەورەکەی تورکیا. تورکەکان لە سەختترین بارودۆخدا دەتوانن ئۆپەڕاسیۆنی زەمینەیی ئەنجام بدەن و گەورەترین سەرکەوتن بەدەست بێنن. تورکەکان دەتوانن لە شەوەکاندا هێرش بکەنە سەر بنکەو حەشارگەکانی PKKو پێشکەوتووترین تەکنەلۆژیا بەکاربهێنن و زۆر بەسەرکەوتوویی ئەنجامی بدەن.

بەهەرحاڵ، ئەمەش ئەو ڕاستییە دەگەیەنێت کە تورکیا توانای هەیە لەسەر ئەنجامدانی ئۆپەڕاسیۆنێکی سەرکەوتوو بۆ لەناوبردنی PKK لە تورکیاو هەرێمی کوردستان و ئەم کارە تەنها لەڕێگای بەکارهێنانی ڕێگاچارەی سەربازییەوە ئەنجام دەدرێت.

سەرەڕای ڕێگاچارەی سەربازی، ئێمە پێویستیمان بە بەکارهێنانی ئیجرائاتی تر هەیە، لەڕووی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی. هەروەها پێویستیمان بە دانوستاندنێکی پێویست هەیە لەگەڵ سەرکردەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق.

ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە ئەنقەرە بەشێوەیەکی جددیتر کوردەکانی عێراق ڕەچاوبکات و دەست بکات بە ئەنجامدانی پرۆسەیەکی ئاسایی کردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ هەولێر لەپێناوی زەمینە خۆش کردن بۆ دانوستاندنێکی بەواتا.

ئەمەش دوومانا لە خۆ دەگرێت: پێویستە لەسەر کوردەکانی عێراق واز لەو هزرە بێنن کە ئۆپەڕاسیۆنەکانی سووپای تورکیا لەدژی PKK نییە، بەڵکو لەدژی هەرێمی کوردستانە.

هەروەها پێویستە لەسەر تورکەکان واز لەو هزرەیان بێنن کە سەرۆك مەسعود بارزانی دۆستی تورکیا نییە یان دەستی هەبووبێت لە چالاکییە تیرۆریستییەکان لەدژی تورکیا. ئێمە بەردەوام لەسەر کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانی تورکیا بڵاوی دەکەینەوە کە ئەمە مەسەلەکە نییە. بەڕێز مەسعود بارزانی و کوردەکانی عێراق هاوپەیمانن و دۆستێکی گرنگن لەگەڵ تورکیا. بەڵام ئەمڕۆ، پێویستە ئەو ڕاستییانە بەشێوەیەکی جددی لە لایەنی ئەنقەرەوە ڕەچاوبکرێت.

تایبەت بە گوڵان دەینوسێت

# بۆ سوپای تورکیا بەو شێوە کت و پڕە لە کوردستان کشایەوە؟



سامی شۆڕش

ئەو شەڕەی سوپای تورکیا لە ماوەی سێ هەفتەی رابردوودا لە ناوچە سنووریەکانی کوردستانی عیراق بەرپای کرد، بە پێچەوانەی هەڵوێستە راگەیاندراوەکانی ئەنقەرە، زۆر بە کت و پڕی، نەك هەر بڕیاری راگرتنی درا، بگرە بڕیاری کێشانەوەی سوپاو هێزە سەربازیەکانیشی درا لە کوردستانەوە بۆ ناو تورکیا. بێگومان، ئەم بڕیارە، کە بە سەرکەوتنێکی گەورە بۆ کورد لە قەڵەم دەدرێت، هەروا بە خۆڕایی نەبوو. بەڵکو ئەنجامی چەند فاکتەرێکی گرنگە کە بەم شێوەیەی خوارەوە دەتوانین ریزبەندیان بۆ بکەین:

**یەکەم،** هاندەری هەرە گەورەی پشتی بڕیارەکە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو. بەر لە راگرتنی شەڕ بە رۆژێك، وەزیری بەرگری ئەمریکی رۆبەرت گیێتس لە ئەنقەرە بوو. دوای چەند کۆبونەوەیەکی خەست و چڕ لەگەڵ بەرپرسە گەورەکانی دەزگای سیاسی و سوپایی تورکیا، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا ئاشکرای کرد کە چوار جار بە بەرپرسانی ئەنقەرەی گوتووە دەبێت بە زووترین کات شەڕەکە کۆتایی پێ بهێنن و لە خاکی عیراق بکشێنەوە. لەوەش زیاتر، گیێتس هەر لە هەمان کۆنگرەدا رایگەیاند کە ئەو کێشەیەی تورکیا لە پێناو چارەسەرکردنیدا چۆتە ناو خاکی عیراق، نەك بە چەك و شەڕ بەڵکو تەنیا بە شێوەی سیاسی و لە ناو خاکی خۆیدا چارەسەر دەکرێت.

دوای گیێتس بە کەمتر لە دانێك، سەرۆك جۆرج دەبلیو بوش، لە گوتارێکی دا رایگەیاند کە بۆچوونەکەی گیێتس لە بارەی شەڕەکەی تورکیاوە بە راست دەزانێت و داوا لە ئەنقەرە دەکات بە زووترین کات شەڕەکە کۆتایی پێ بهێنێت. لەوەش بەولاتر، بە گۆتەی بوش دەبێت ئەنقەرە ئەم کێشەیە بە هاوکاریی ئەمریکاو عیراقیەکان، واتە حکومەتی کوردستان و حکومەتی عیراق، چارەسەر بکات.

ئەم فشارەی ئەمریکا، کە هەر لە یەکەم رۆژەوە دەستی پێکرد، لە ماوەی چەند رۆژێکدا زۆر خەست بووەوە. بۆیە، دوور نیە، گیێتس بە ئەنقەرەی راگەیاندبێت کە ئیتر ئەمریکا ناچارە دوای چەند رۆژێکی کەم، مۆڵەتی بەکارهێنانی ئاسمانی عیراق لە لایەن فڕۆکە جەنگیەکانی تورکیاوە هەڵبوەشێنێتەوەو ئیتر رێگە نەدات هیچ فڕۆکەیەکی جەنگیی تورکی سنووری ئاسمانیەکەی عیراق ببەزێنێت. مەعلومە، ئاسمانی عیراق هەر لە رووخانی رژێمی پێشووی عیراقەوە لەژێر سوڵتەی یاسایی ئەمریکادایە. واتە هەر فڕۆکەیەکی مەدەنی یان سەربازی ئەگەر بیەوێت بە ئاسمانی ئەم وڵاتەدا گوزەر بکات، ئەوا پێشەکی دەبێت مۆڵەت لە ئەمریکا وەربگرێت. کاتێك ئەنقەرە لە سەرەتای شەڕەوە ئیدیعای ئەوەی دەکرد کە واشنتۆن تیشکی سەوزی بۆ داگیرساندوە بۆ هێرش کردنە سەر عیراق. بەڵام ئەوەی دەشاردەوە کە ئەمریکا بۆ ماوەیەکی دیاری کراو ئەو مۆڵەتەی پێ داوە.

هەروەها، دوور نیە گیێتس هەڕەشەی ئەوەیشی لە ئەنقەرە کرد بێت کە ئیتر لەگەڵ راگرتنی مۆڵەتەکە، هەموو جۆرە زانیاریەکیشی لێ رادەگرێت کە ئەمریکا لە رۆژانی شەڕدا دەیانداني بۆ ئەوەی بە هەڵە لە جیاتی بارەگاکانی (پی کە کە) لە خەڵکی سیڤیل و هێزی پێشمەرگەو پاسەوانانی سنووری هەرێمی کوردستان نەدەن. بە هەر حاڵ، فشاری سەرۆك بوش کاریگەریەکی بێ ئەندازەی هەبوو لە بڕیارەکەی ئەنقەرە. ئەوەی هەڵوێستی ئەمریکایشی بەهێزتر کردبوو هەڵوێستی نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتی ئەوروپی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بوو کە هەر هەموویان خوازیاری کشانەوەی بەپەلەی هێزەکانی تورکیا بوون لە کوردستان.

هەڵوێستی ئەمریکا لەو تەنگژە سیاسی و سەربازیەی ئەنقەرەدا، سەر لە نوێ راستیەکی گرنگی سەلماندوە کە ئەویش مکوڕ بوونی واشنتۆنە لەسەر ئەوەی کە جارێکی دیکە ئامادە نیە هاوپەیمانێتی خۆی لەگەڵ کورد لە دەست بدات و پشت لە کورد بکات هەتا لە پێناو بەرژەوەندیی دەوڵەتێکی هاوپەیمانی وەکو تورکیا. ئەوەی واشنتۆن لە کوردی دەوێت لەم جۆرە تەنگژانەدا، چ لە بەرامبەر عیراق و چ لە بەرامبەر تورکیاو چ لەگەڵ دەوڵەتانی دیکە، کەمێك دان بە خۆداگرتن و سەبرو نەفەس درێژیە.

**فاکتەری دووەمی** بڕیاری راگرتنی شەڕ، هەڵوێست و وردبینیی جەنابی سەرۆکی کوردستان بوو. هەر لە یەکەم سەعاتی راگەیاندنی هێرشەکە، جەنابی سەرۆك رووی لە ناوچەی بادینان کرد تا لە نزیکەوە یەکڕیزی و خۆراگری و ورەی میللەتەکەی بەرز بکاتەوە. هەر لە یەکەم سەعاتیشەوە ئیدانەی هێرشەکەی کردو داوای لە تورکیا کرد بە زووترین کات لە کوردستان بکشێتەوە. لە هەمان کاتدا، بەوپەڕی جورئەت و لە خۆبوردوویيەوە رایگەیاند کە هێزی پێشمەرگە لە ئامادەباشی دایە بۆ روو بە روو بوونەوەی هەر تەعەدایەکی تورکی لە خەڵکی کوردو لە هێزی پێشمەرگەو لە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان. لەوانەش بەولاتر، زۆر بە پەلە نامەیەکی ئاراستەی سەرۆك بوش کردو داوای لێ کرد کە تا زووە فشار بۆ سەر ئەنقەرە ببات تا دەست لەو هێرشەی هەڵبگرێت و روو لە

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

چارەسەری سیاسی بکات.

لە لایەکی دیکەوە، جەنابی سەرۆکی حکومەتی کوردستان، سەرکردایەتی کردنێکی زۆر بە دیققەتی گۆڕانکاریەکانی دەکرد. لە باری خۆیەوە، بەرنامەیەکی زۆر تێروتەسەلی سیاسی و ئیداری و میدیایی دەست پێ کرد بۆ روون کردنەوەی هەڵوێستە راست و دروستەکانی کورد لە بەرامبەر هێرشەکە. هەروەها ئەوەیشی دووپات کردەوە کە تاکە رێگەی چارە لەبەردەم ئەنقەرە رێگای دانوستان و گفتوگۆی راستەوخۆو دایەلۆگە. یەك لە دیققەتە گەورەکانی جەنابی سەرۆکی حکومەت ئەوە بوو کە پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە گومانی هەیە لەوەی تورکیا مەبەستی (پێ کە کە) بێت لەو هێرشە، بەڵکو پێ دەچێت مەبەست هەرێمی کوردستانی عیراق بێت. ئەم پێ داگرتنە، بەشداری کردنێکی زیرەکانە بوو لە هوشیار کردنەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئەمریکا و ئەوروپا لە راستیی ئەوەی کە ئەم شەڕو هێرشە دەبێت بە زووترین کات رابوەستێت و سوپای تورکیا بکشێتەوە ناو خاکی خۆی، چونکە مەبەستی هێرشەکە لە ناو بردنی تیرۆرو توندوتیژی و کێشەی (پێ کە کە) نیە، بەڵکو مەبەست لە ناوبردنی هێمنی و بوژانەوەی ئابووری و سیاسیە لە عیراق و کوردستاندا.

جولانی سیاسەت لە بازنە کوردیەکەی ئەو شەڕەدا، دەریخست کە شەڕ، رەنگە بە زەرەری (پێ کە کە) بشکێتەوە، بەڵام گومان لەوەدا نیە بە قازانجێکی ستراتیژی و گەورە بۆ نەتەوەی کورد تەواو دەبێت نەك هەر لە عیراق بەڵکو لە تەواوی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. لەو بوارەدا، ئەنقەرە، هیوای زۆری بە هەڵوێستی ئەو کەس و لایەنانە هەبوو، چ لە ناو عیراق و چ لە ناو کوردستان، کە بە دڵساردی و بێ خەمی و بێ بایەخیەوە سەیری هێرشەکەیان دەکردو خواخوای ئەوەیان بوو ئەنقەرە بەو ساردوسڕەیەی ئەوان زۆرتر هان بدرێت بۆ دنەدانی بەرفراوانتر کردنی هێرشەکە.

**فاکتەری سێیەم،** ئەوە بوو هێرشەکەی تورکیا، وەك چاوەڕوان دەکرا، دەماری بوغزو کینەو هێرش و سنوور بەزاندنی لای دەوڵەتانی دیکەی دەوروبەری عیراقیش گرژ کرد. ئێرانیش لە دەوری باقووبە و خاڵیس دوژمنی هەیەو لە رێگەی سنووری عیراقەوە، جار جارە هێرش دەکەنە سەر ئێران. بگرە ئەو دوژمنانە، موجاهیدینی خەڵق بۆ نموونە، بۆنی ئەوەیان لێ دەکرێت سبەی رۆژێ لە لایەن ئەمریکاوە لە دژی ئێران بەکار بهێنرێن. کەواتە، ئاساییە ئێرانیەکان وای لێك بدەنەوە بۆ تورکیا هەقی هەبێت بۆ هێرش کردنە سەر عیراق، بۆ ئەوانیش ئەو هەقەیان نەبێت؟ دیارە، لە چەند رۆژی رابردوودا هەندێ ناوچەی سەر سنوورەکانی عیراق و ئێران جموجولێکی سەربازیی بەرچاوی ئێرانیان پێوە دیار بوو. ئەمریکا لە لایەك و حکومەتەکانی ئەوروپا لە لایەکی دیکەوە بەڕاستی کەوتبوونە مەترسی ئەوەی کە رەنگە درێژەکێشانی شەڕەکەی تورکیا لە کوردستانی عیراق، ببێتە هۆی بەرپا بوونی توندوتیژی و روو بە روو بوونەوەیەکی ناوچەیی خەتەرناك کە رەنگە راگرتنی گۆڕانکاریە خراپەکانی زۆر ئاڵۆزو نادیار بێت.

**فاکتەری چوارەم** لە پشت بڕیارەکەی راگرتنی شەڕ ئەوە بوو کە سوپای تورکیا بە سەرەوخواری حیسابەکانی خۆی لە بەرامبەر شەڕی (پێ کە کە) داڕشتبوو. لێرەدا، گرنگ ئەوە نیە ئەم حیزبە رێکخراوێکی تیرۆریستیە یان نا؟ شایەنی شەڕو لەناو بردنە یان نا؟ بەڵکو گرنگ ئەوەیە کە ئەم حیزبە، بە پێچەوانەی سوپای تورکیا، شەڕێکی گیانی بە گیانی دەکات. ئینجا لەوەش گرنگتر، بەم هێرشە، ئەنقەرە کورت بینی خۆی دەرخست لە بەرامبەر ئەوەی کە وای دەزانی عیراقی ئێستا دەرفەتی ئەوەی هێشتا تێدا ماوە بەسەر کوردو کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان باز بدات و بچێت لەگەڵ بەغدا راستەوخۆ پێك بێت. وای دەزانی، بە بێ پەیوەندیەکی راشکاوی هاوکاری و ئیحتیرام دەتوانێت دەسەڵاتی خۆی لە عیراق و کوردستاندا بسەپێنێت. وای دەزانی، مادامەکی دەوڵەتێکی هاوپەیمانی ئەمریکایە، کەواتە بۆی هەیە پەنجە بخاتە ناو کێشەی کەرکوك و رێگە لە سیستەمی فیدرالی لە عیراق بگرێت و دان بە دەستووری هەمیشەیی عیراقەوە نەنێت و رۆڵی کورد لە ناو پرۆسەی سیاسی عیراقدا کەم بکاتەوە.

بە هەر حاڵ، تورکیا کارێکی باشی کرد شەڕو هێرشەکانی راگرت و هێزەکانی خۆی کێشایەوە دەرەوەی کوردستانی عیراق. بەڵام وا باشتر بوو هەر لە سەرەتاوە شەڕەکەی نەکردایەو لە جیاتی شەڕ بە عەقلی سیاسی بیری بکردایەتەوە، چونکە شەڕو هێرشەکەی کۆمەڵێك کێشەی تازەیان بۆ هێنایە پێشەوە:

شەڕەکە تا رادەیەکی زۆر تەواو بوو، بەڵام (پێ کە کە) نەك لە ناو نەچوو بەڵکو بەهێزتر بوو. بە هۆی ئەو شەڕەوە، جیهان یەکی گرت لە بەرامبەر ئەوەی کە دەبێت کێشەی ئەنقەرەو کوردی تورکیا بە ئاشتیانە چارەسەر بکرێت. هەروەها ئیرادەیەکی نێودەوڵەتی هاتە کایەوە لە ئاست ئەوەی کە دەبێت لەمەو دوا ئەنقەرە پەیوەندیەکانی ئاسایی بکاتەوە لەگەڵ کوردستانی عیراق. هەر لەگەڵ ئەو حکومەتەش خەمی بە ئاشتی چارەسەر کردنی کێشەکانی (پێ کە کە) بخوات. ئیتر لە دوای ئەم شەڕەوە، دەبێت قەناعەتی بە هاوپەیمانێتی ئەمریکاو کورد هەبێت و رێز لەم هاوپەیمانێتیە بگرێت. هەڕەشەی هێرشی سەربازی لە دژی کوردو عیراق بەکار نەهێنێت و لێ بگەڕێت ماددەی ١٤٠ی دەستوور بە پەلە جێ بە جێ بکرێت لە عیراقدا.

لەوانەش بەولاتر، دەبێت ئەنقەرە، لەمەودوا، هیوایەکی زۆری بە یارمەتی و هاوکاریی و دۆستایەتی ئەو کەس و لایەنانە نەبێت کە کشانەوەی سوپای تورکیا تووشی شۆك و داتەپینی کردن. ئینجا لەو هەمووەش گرنگتر، پێویستە، هەر نەبێ لە ناخی خۆی دا، دان بەو راستیە بنێت کە ئەنجامە سیاسیەکانی شەڕو ناتەبایی و خووە شەڕانیەکانی تورکیا، سەرکەوتنێکی لە رۆژ رووناکتری بۆ سیاسەتە دووربینەکانی سەرۆك مەسعود بارزانی تۆمار کرد.

●●●

**ئەنجامە سیاسیەکانی شەڕو ناتەبایی و خووە شەڕانیەکانی تورکیا، سەرکەوتنێکی لە رۆژ رووناکتری بۆ سیاسەتە دووربینەکانی سەرۆک مەسعود بارزانی تۆمار کرد**

●●●

●●●

**کاتێک ئەنقەرە لە سەرەتای شەڕەوە ئیدیعای ئەوەی دەکرد کە واشنتۆن تیشکی سەوزی بۆ داگیرساندوە بۆ هێرش کردنە سەر عیراق. بەڵام ئەوەی دەشاردەوە کە ئەمریکا بۆ ماوەیەکی دیاری کراو ئەو مۆڵەتەی پێ داوە**

●●●

●●●

**شەڕەکە تا رادەیەکی زۆر تەواو بوو، بەڵام (پێ کە کە) نەک لە ناو نەچوو بەڵکو بەهێزتر بوو. بە هۆی ئەو شەڕەوە، جیهان یەکی گرت لە بەرامبەر ئەوەی کە دەبێت کێشەی ئەنقەرەو کوردی تورکیا بە ئاشتیانە چارەسەر بکرێت**

●●●



# له ئێستاوه

# داهاتی سامانه سرووشتییه‌كان بۆ بونیادنانه‌وه‌ی ژێرخانێكی پته‌و و ئاوه‌دانكردنه‌وه‌ی كوردستان به‌ كاردێت

**هه‌تا ئێستا سامانی نه‌وت هۆكارێك بووه‌ بۆ كاولكردنی كوردستان**

له‌و كاته‌وه‌ی كه‌ نه‌وت له‌ كوردستان دۆزراوه‌ته‌وه‌، داگیركه‌ران له‌ هه‌وڵی ئه‌وه‌دان، كه‌ ناسنامه‌ی نه‌ته‌وه‌ییمان بتوێننه‌وه‌ و دیمۆگرافیا و، جوگرافیای كوردستان بشێوێنن، ئه‌و شه‌ڕانه‌ش كه‌ بۆ سه‌ركوتكردنی شۆڕشه‌كانی كوردستان پیاده‌كراون و به‌ده‌یان ملیار دۆلاری تێدا خه‌رجكراوه‌ هه‌ر به‌ داهاتی سامانی ئه‌و نه‌وته‌ بووه‌ كه‌ له‌سه‌ر خاكی كوردستان ده‌ریانهێناوه‌ و داویانه‌ به‌ چه‌ك و ته‌قه‌مه‌نی و گه‌لی كوردستانیان پێ سه‌ركوت كردووه‌ و، له‌م پێناوه‌شدا چه‌ندین سیاسه‌تی دڕندانه‌ و نامرۆڤایه‌تیان دژ به‌سه‌رجه‌م گه‌لی كوردستان به‌ كورد و توركمان و كلد وئاشوریه‌وه‌ پیاده‌ كردووه‌ ته‌نانه‌ت له‌و ناوچانه‌ی وه‌ك كه‌ركووك و خانه‌قین و مه‌نده‌لی كه‌ سه‌رچاوه‌ی نه‌وتی كوردستان بوون،



# بۆ داهاتوو

- ئەو سەردەمە بەسەرچوو داهاتی سامانە سروشتییەکانمان بدرێتە چەک و تەقەمەنی و کوردستانی پێ کاولبکرێت
- ئێستا داهاتی سامانی نەوت بە ئاوەدانکردنەوەی کوردستان دەگۆڕدرێتەوە.
- کۆمپانیاکانی نەوتی جیهانی متمانەیان بە یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان هەیە و بەستاندەری جیهانی پێناسەی دەکەن.
- جیۆلۆجیەکان مەزەندە دەکەن رێژەی نەوتی کوردستان بەرزە و داهاتەکەی کوردستانی پێ ئاوەدان دەکرێتەوە.
- دروستکردنی ئاستەنگ بۆ گرێبەستەکانی هەرێم لەلایەن وەزارەتی نەوتی عێراقەوە، رێگرتنە لە ئاوەدانکردنەوە و بونیادنانەوەی ژێرخانی ئابووری کوردستان.

مافی هاووڵاتیبوونیان لەگەلی کوردستان بەگشتی و گەلی کورد بەتایبەتی سەندبوو و وەك بێگانەیەك لەسەر خاکی خۆیان مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرا و رەفتارەکانیش بریتی بوون لە:

١- راگواستنی هاووڵاتیانی کوردستانی بە بیانووی جۆراوجۆر لەوناوچانە و دەرکردنیان بۆ شارەکانی دیکەی عێراق.

٢- نیشتەجێکردنی عەرەبی هاوردە لە شارەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق لە جێگەیان و زەوتکردنی ماڵ وسامانی هاووڵاتیانی کوردستان.

٣- ئەو هاووڵاتییانەی کوردستان کە لەو ناوچانە مابوونەوە، مافی کڕینی مۆڵك و زەوییان لە شارەکانی کەرکووك و خانەقین و مەندەلی لێ سەنرابووە، بەڵام رێگەیان پێدرابوو کە موڵك و زەوییەکان بفرۆشن، بەڵام بەمەرجێ ئەو کەسەی دەیکڕێت تەنیا عەرەب بێت و هاووڵاتی

کوردستان نەبێت.
٤- ڕێگرتن لە خوێندن بە زمانی »زگماکی دایك«ی سەرجەم زمانەکانی هاووڵاتییانی کوردستان وەك کوردی، تورکمانی، سریانی تەنیا خوێندن لەو ناوچانە بە زمانی عەرەبی بووە.
٥- دەرکردنی ئەوکرێکارانەی کە کورد بوون یان هاووڵاتی کوردستان بوون لە کۆمپانیاکانی نەوت و دامەزراندنی عەرەبی هاوردە لە جێگەیان.
ئەمانە و چەندین ڕەفتاری نامرۆڤانەی دیکە دژ بە هاووڵاتییانی کوردستان لەو ناوچانە پیادە دەکرا کە خاوەنی ئەم سەرچاوە سروشتییە بوون، هەر بۆیە سامانی نەوتی کوردستان ببووە هۆکارێك بۆ کاولکردنی کوردستان

### حکوومەتی هەرێمی کوردستان
### بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراك

لەو کاتەوەی کە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانی کەوتۆتە سەر شان، دروشمی سەرەکی سەرجەم ئەو کابینە وەزارییانەی سەرۆکایەتی کردووە بە کابینەی یەکگرتووی هەرێمی کوردستانیشەوە، بریتی بووە لە:
١- دابینکردنی سەرجەم خزمەتگوزارییەکان بۆ هاووڵاتیانی کوردستان.
٢- هەوڵدان بۆ پیادەکردنی یاسا و بونیادی ژیانی دامەزراوەیی:
٣- هەوڵدان بۆ دابینکردنی سەرچاوەی دارایی پێویست بۆ جێبەجێکردنی سەرجەم پرۆژە خزمەتگوزارییەکان و پرۆژەی ستراتیژی کورت مەودا و درێژ خایەن.
ئەم خاڵە سەرەکییانە کە کۆڵەگە سەرەکییەکانی سەرجەم بەرنامەی ئەو کابینەی وەزارییانە بووە کە نێچیرڤان بارزانی سەرۆکایەتی کردووە، بە هەنگاوی لەسەرخۆ و هێمنی و لۆژیکانە بەرەوپێشەوە براوە و حکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵیداوە ئەو مافانەی بە زۆر و بەزەبری ئاگر و ئاسن لە کوردستان سەنراون، بە زمانی دیالۆگ و تووێژ و ڕێککەوتن بیانگێڕێتەوە.
لە دەسپێکی کابینەی سێیەم و چوارەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا لەو کاتەی کوردستان لە ژێر باری دووگەمارۆی ئابوری نێودەوڵەتی و عێراقدا بوو، حکومەتی هەرێمی کوردستان بونیادنانەوە و ئاوەدانکردنەوەی کوردستانی کردبووە ئەولەویەتی بەرنامەی کاری خۆی بۆ ئەمەش پشتی بە سەرچاوە داراییە سنووردارەکان بەست کە لە داهاتی گومرگەکانەوە دەستی دەکەوت.
پاش ئەوەی بڕیاری ٩٨٦ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کە ناسراوە بە بەرنامەی نەوت بە خۆراك کەوتە واری جێبەجێکردن و بەپێی ئەو بڕیارە ١٣٪ی داهاتی ئەو بەرنامەیە بۆ بەشە ئازادەکەی کوردستان تەرخانکرا، بەڵام بە هەندێك مەرج کە بریتی بوون لە:
١- بڕی داهاتی لە ١٣٪ی بەرنامەی نەوت بە خۆراك بەپێی ژمارەی دانیشتوان بەسەر هەر سێ پارێزگای هەولێر و سلێمانی و دهۆك دابەش بکرێت.
٢- ئەم پارەیە لە ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بوو، ڕاستەوخۆ لەلایەن -un - وە سەرفبکرێت.
٣- ئەم پارەیە تەنیا بۆ کڕینی خۆراك و پرۆژەی خزمەتگوزاری سەرف دەکرێت، بەڵام هەندێك پرۆژەی گرنگ هەر بۆ نموونە (بەرگری شارستانی ) کە پێشتر سەر بەوەزارەتی ناوخۆ بووە، کە دەکەوتنە چوارچێوەی بەرنامەی٩٨٦ وە، بەپێی ئەو مەرجە سەپێنراوانە-un- لەسەر عێراق و هەرێمی کوردستانیش لەبەر ئەوەی لە چوارچێوەی عێراقدا بوو ئەو مەرجانە دەیگرتەوە ئەوە بوو هیچ پرۆژەیەك یان هیچ کەلوپەلێك بکەوێتە ناو ئەو بەرنامەیەکە بە پێی پۆلینی- un- بەرکاهێنانی دوولایەنە، هەر بۆنموونە کڕینی ماددەی کلۆر بۆ پاککردنەوەی ئاوی خواردنەوە، دەکەوتە چوارچێوەی ئەو ماددانەی کە بەکارهێنانی دوولایەنە دەیگرێتەوە نەدەهات بۆ کوردستان.
٤- حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ئەو پەڕی حەماس و ئامادەباشی هەبوو بۆ ئاوەدانکردوەی کوردستان لەبەردەم ڕۆتین و بیرۆکراتیەتی دامەزراوەکانی un»کە لە جیهاندا بە ڕۆتین و بیروکراس ناسراون» پرۆژەکان بە ئامادەکراوی لەلایەنunوە دوا دەخرا و، ڕەوتی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان و دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان وەك خۆیان مانەوە.
٥- لەماوەی دەسپێکردنی بەرنامەی٩٨٦هەتا ڕووخانی ڕژێم، کوردستان لە بەشە داهاتی خۆی خاوەنی ٤ملیار دۆلار بوو، ئەم پارەیە ئەگەر لەبەردەستی حکومەتی هەرێمدا بوایە گۆڕانێکی گەورەی بەسەر کوردستان دەهێنا، بەڵام دوای ڕووخانی ڕژێم لە بڕی ئەوەی ئەم پارەیە بگەڕێتەوە بۆ کوردستان، غەدرێکی گەورە لە کوردستان کراو ئەم پارەیە بە حساب دەخرێتە ئەو سندوقەی کە ناویان لێنابوو سندوقی ئاوەدانکردنەوەی عێراق، بەڵام ئەو پارەیەش وەك سەرجەم داهاتەکانی عێراق بووە بەشێك لەو پرۆسە گەندەڵییەی کە لە بەغدا پیادە دەکرێت و نەکوردستان سودی لێوەرگرت و نە ناوچەکانی دیکەی عێراقیش.
حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر هەوڵیدا سوود لە بەرنامەی نەوت بە خۆراك وەربگرێت و بۆ ئەم مەبەستەش هەوڵی بێوچانی خستەگەڕ کە پرۆژەکانی کوردستان لەگەڵ پۆلێنەکانی un بگونجێت، بەڵام لەبەر ئەوەی سەرچاوەی داهاتەکە لەدەستی حکومەتی کوردستان نەبوو هەمەوو هەوڵەکانی بەفیرۆ چوون.

لەماوەی دەسپێکردنی بەرنامەی٩٨٦هەتا ڕووخانی ڕژێم، کوردستان لە بەشە داهاتی خۆی خاوەنی ٤ملیار دۆلار بوو، ئەم پارەیە ئەگەر لەبەردەستی حکومەتی هەرێمدا بوایە گۆڕانێکی گەورەی بەسەر کوردستان دەهێنا

### حکوومەتی کوردستان دەبێت خاوەنی سەرچاوەی داهاتی خۆی بێت نەوت و سامانی سروشتی بەرامبەر ئاوەدانکردنەوەی کوردستان

ئەو ململانێیە و ناکۆکییەی لە هەندێك کاتدا لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق ڕوو دەدەن، ململانێیە لەسەر دروستکردنی پایەکانی هەرێمێکی بەهێز و هەوڵدانی ناوەند بۆ ڕووخاندنی ئەو کۆڵەگانە.
لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوە، سەرکردایەتی سیاسی کوردستان هەوڵیداوە عێراقێك بوونیاد بنرێتەوە، کە پێکهاتە سەرەکییە جیاوازەکانی کە بریتین لە کورد شیعە و سوننە بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانە پێکەوە بژین و بۆ هەتا هەتایە سەردەمی سەر کوتکاری و بە زۆر پێکەوە لکاندن کۆتایی پێ بهێنرێت.
بۆ دروستکردنی ئەم عێراقە دەستوورێك نووسرایەوە کە بەشی زۆری داخوازییەکان سەرجەم پێکهاتەکانی لەخۆی گرتووە و دەکرێت بە جێبەجکردنی ئەم دەستوورە عێراق پێ بنێتە قۆناغێکی نوێ و هەنگاوی گەورەتری بەدوادابێت، بەپێی دەستووری عێراق، هەرێمە

فیدرالییەكانی عێراق، كە هەرێمی كوردستان تەنیا هەرێمی فیدرالی لە عێراقی تازەدا ئەم مەرجانەی هەیە:

١- بەپێی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراق دەبێت چارەنووسی ئەو ناوچانە یەكلایی بكرێتەوە كە ئێستا ململانێیان لەسەرە وەك شەنگار و كەركووك و خانەقین و مەخمور و ناوچەكانی دیكە.

٢- بەپێی دەستووری عێراق، كوردستان هێزێكی چەكداری دەبێت ئەم هێزەش بە ناوی گاردی كوردستان بەشێك دەبێت لە سوپای عێراق.

٣- بەپێی دەستووری عێراق بەشە داهاتی كوردستان لە كۆی سەرجەم داهاتی عێراق دیاری دەكرێت كە بەپێی رێككەوتنی حكوومەتی هەرێمی كوردستان لەگەڵ حكوومەتی كاتی عێراق هەتا ئاماری گشتی لە عێراقدا رێكدەخرێت ئەو بەشە لە (١٧٪) مەزندە كراوە.

٤- حكوومەتە هەرێمەكان (واتە بۆ ئێستا كە هەرێمی دیكە لە عێراقدا نییە، حكوومەتی هەرێمی كوردستان) مافی وەبەرهێنانی لەو كێڵگە نەوتییانە هەیە كە دوای نووسینەوەی دەستووری عێراق دەدۆزرێتەوە و هەروەها مافی حكوومەتی هەرێمی كوردستانە، كە گرێبەست ئیمزا بكات بە مەرجێ لەگەڵ دەستووری عێراق هاوتا بێت.

بێگومان ئـــەم خاڵانە، كە دەبنە كۆمەڵگەی بەهێزی ناســـنامەی هەرێمی كوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا، سەرچاوەی سەرجەم كێشە و ئاستەنگەكانی نێوان هەولێر و بەغدایە.

لەم راپۆرتەدا تەنیا ئاماژە بە دەسەڵاتی حكوومەتی هەرێمی كوردستان دەكەیـــن لە بواری وەبەرهێنان نەوت لەو كێڵگە تازانەی كە لە دوای نووسینەوە و پەسەندكردنی دەستوور دۆزراونەتەوە.

## گرێبەستەكانی هەرێم و ئاستەنگەكانی وەزارەتی نەوتی عێراق

دوای پەسەندكردنی دەســـتوور و دیاریكردنی دەسەڵاتی هەرێمەكان، پەرلەمان و حكوومەتی كوردستان بۆ رێكخستنەوەی ژیانی هاووڵاتیان و دابینكردنـــی پێداویســـتییەكانیان و بە گوڕكردنـــی پرۆژەكانی ئاوەدانكردنـــەوە، هەوڵیاندا كە لە چوارچێوەی دەســـتووری عێراقدا، دەسەڵاتەكانی خۆیان پیادەبكەن. لێرەدا تەنیا باسی نەوت دەكەین.:

١- پێش ئەوەی یاســـای نەوت و گازی هەرێمی كوردستان لەلایەن پەرلەمانی كوردستانەوە پەسەندبكرێت، سەرۆكی حكوومەتی هەرێمی كوردستان بە سەرۆكایەتی شاندێك سەردانی بەغدای كردووە، لەگەڵ حكوومەتی فیدرالی لەسەر یاسای نەوت و گازی عێراق رێككەوتن.

٢- پاش چاوەڕوانییەكی زۆر لەلایەن بەغداوە ناوەرۆكی ئەو یاســـای نـــەوت و گازە شـــێوێنرا و هەوڵنەدرا كە زوریی راســـتبكرێتەوە و پەرلەمانی عێراق پەســـەندی بكات، هەر بۆیە حكوومەتی هەرێمی كوردستان ناچاربوو، رەشنووسی یاسای نەوتی گازی هەرێم( كەلە بەر رۆشنایی دەستوور و رەشنووسی ئەو یاسای نەوت و گازەی عێراق وا داڕێژرابوو كەلەسەری رێككەوتبوون، بخاتە بەردەم سەرجەم پسپۆڕانی یاســـای نەوت و گازی جیهانی، بۆ ئەم مەبەستەش كۆنفرانسێك لە ســـەر ئەم یاســـایە لە لەندەن گرێدرا و پاش وەرگرتنی راوسەرنجی پســـپۆڕانی دەسكاریكردنی یاســـای نەوت و گازی هەرێم، داوا لە حكوومەتی عێراق بكات یاســـای نەوت و گاز بەو شێوەیەی لەسەری رێككەوتوون بداتە پەرلەمانی عێراق، بەڵام ئێستاشـــی لەگەڵدا بێت حكوومەتی عێراق ئەو یاسایەی نەداوەتە پەرلەمانی عێراق.

٣- پاش ئەوەی پسپۆڕان یاســـایی نێودەوڵەتی تایبەتمەند لە بواری نەوت یاســـای نەوت و گازی هەرێمیان بە ستاندەری جیهانی وەسف كرد و ئاســـتەنگ دروســـتكردنیان بۆ ئەو یاســـایە بە پێشێلكردنی دەستووری عێراق لە قەڵەمدا، حكوومەتی هەرێمی كوردستان یاسای خۆی پێشكەشـــی پەرلەمانی كوردســـتان كرد و بە تێكڕای دەنگی پەرلەمانتارانی كوردستان پەسەندكرا.

٤- حكوومەتی هەرێمی كوردستان لەبەر رۆشنایی ئەم یاسایە كەوتە گرێدانی كۆنتراكت لەگەڵ كۆمپانیا جیهانییەكان بۆ گەڕان بە دوای نەوت لە كوردستان و ئەو كۆمپانیانەی كە گرێبەستیان لەگەڵ كراوە هەموویان یاسا نەوت و گازی كوردستانیان لەگەڵ دەستووری عێراق بەراوردكردووە.

٥- وەزارەتـــی نەوتی عێـــراق بەبێ گەڕانەوە بۆ دەســـتوور، كەوتە بانگەشەی ئەوەی كە یاسای نەوتی كوردستان پێچەوانەی دەستوورە و هەروەشـــەی لە كۆمپانیا جیهانییەكان كرد بەوەی نابێت كۆنتراكت لەگەڵ هەرێم ئیمزا بكات.

٦- بۆ چارەسەركردنی ئەم گرفتە حكوومەتی هەرێمی كوردستان داوای لە بەغدا كرد با هەردوولا بگەڕێنەوە بۆ دەستووری عێراق، لەمەش زیاتر با دادگای فیدراڵی ئەم كێشەیە چارەسەر بكات.

٧- لە بـــری وەڵامدانـــەوەی ئیجابییانە لە بەرامبـــەر ئەم داوا یاساییەی حكوومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی نەوتی عێراق بەشێوەیەكی تاكلایەنەوە و بەپێی بوونی هیچ بنەمایەكی دەستووری هەستا بە بایكۆتكردنی نەوت بۆ ئەو وڵاتانەی كە كۆمپانیاكانیان گرێبەستیان لەگەڵ حكوومەتی هەرێم ئیمزاكردووە.

٨- بۆ ئەوەی ئەم كێشـــەیە بە رێگەی یاسایی چارەسەر بكرێت، حكوومەتـــی هەرێمـــی كوردســـتان جارێكی دیكـــە داوای لە كۆمپانیایەكی راوێژكاری یاسایی نێودەوڵەتی كرد كە بە یاسای نەوتی هەرێمی كوردســـتاندا بچێتەوە و لەگەڵ دەستووری عێراق بەراوردی بكاتەوە، پاش بەراوردكردنی تەواو سەلماندنەوەی لەلایەن ئەو تیمە راوێژكارییە یاســـاییە نێودەوڵەتییەوە، ئەو كۆمپانییانەی كە گرێبەستیان لەگەڵ حكوومەتی هەرێمی كوردستان گرێدابوو ســـوور بوونی خۆیان لەسەر پابەندبوونیان لەسەر گرێبەستەكانیان دووپاتكردەوە.

ئەو كۆمپانییانەی كە گرێبەستیان لەگەڵ حكوومەتی هەرێمی كوردستان گرێدابوو سوور بوونی خۆیان لەسەر پابەندبوونیان لەسەر گرێبەستەكانیان دووپاتكردەوە

## لە گرێبەستی نەوتەوە بۆ رێككەوتنی درێژخایەن

ئێســـتا لای هەموو جیهان ئاشكرابوو كە گرێبەستە نەوتییەكانی حكوومەتی هەرێمی كوردستان یاساییـن و نەك هەر كۆمپانیاكانی نەوت بەڵكو سەرۆكی دەوڵەتانیش ئامادەن پێشوازی لە سەرۆكی حكوومەتی كوردســـتان بكەن و داوای لێبكەن پشـــكی زیاتر لەو گرێبەستانە بداتە كۆمپانیاكانی ئەوان، هەروەها ئامادەن گرێبەستی درێژخایەن لەگەڵ حكوومەتی هەرێمی كوردستان ئیمزا بكەن.

بۆ بە دواداچوونی ئەم پرسە گرنگە، گوڵان هەڤپەیڤینی تایبەتی لەگەڵ ئەم بەرێزانە ئەنجامدا:

١- د. پیتەر ســـیافتر، بەرێوەبەری گشتی كۆمپانیای movی نەمساوی

٢- پرۆ فیســـۆر پارك -هانگ-جۆ، لە بەشـــی كاروباری بزنسی دەرەوەی كۆریای باشور.

ئەمەش دەقی ئەو قسانەیە كە هەردوو بەرێز بۆ گوڵانیان كردووە:

## د. پیتەر سیفتەر بەڕێوەبەری کۆمپانیای movی پەترۆڵی نەمساوی بۆ گوڵان:



د. پیتەر سیفتەر بەڕێوەبەری گشتییە لە کۆمپانیای mov ی پەترۆڵی نەمساویی و بەرپرسی وەبەرهێنانە نەوتییەکانی کۆمپانیا mov لە کوردستان.
پاش ئەوەی وەزیری نەوتی عێراقی کۆمپانیایmov ی نەمساوی خستە لیستی رەشەوە لەبەر ئەوەی کۆمپانیای ناوبراو گرێبەستی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان گرێداوە، کۆمپانیای ناوبراو لە زاری د. پیتەر سیفتەر بە گوڵانی راگەیاند کە mov لە هەڵوێستی خۆی سەبارەت بە پابەندبوون بەو گرێبەستەی لەگەڵ حکوومەتی کوردستان کردوویانە پابەندن و هەڵوێستی حسێن شەهرستانی وەزیری نەوتی عێراقیش هەڵوێستێکی نایاساییە و نرخی بۆ دانانێین، ئەمەش دەقی ئەو هەڤپەیڤینە کە گوڵان لەگەڵیدا ئەنجامیداوە.

# یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان بە ئاستی ستاندەری نێودەوڵەتییە و هەڵوێستی وەزیری نەوتی عێراقیش نایاساییە

**کۆمپانیاکەمان لە ساڵی ١٩٥٥ دامەزراوەو بێجگە لە کوردستان لەزۆر شوێنی جیهان گرێبەستمان هەیە**

*** سەرەتا حەزدەکەین باسی (کۆمپانیایmovمان بۆ بکەن کە بە نیازە لە کوردستاندا بە دوای نەوتدا بگەڕێت؟**

- کاتێك کۆمپانیاکەمان لە ساڵی ١٩٥٥ دامەزرا، دوای ئەوەی سوپای یەکێتی سۆڤیەت نەمسای بەجێهێشت، لەبەر ئەوەی دوای جەنگی جیهانی دووەم لە ساڵی ١٩٤٥ەوە تاوەکو ساڵی ١٩٥٥ هەندێ لە کێڵگە نەوتییەکانی نەمسا لە لایەن سوپای یەکێتی سۆڤیەتەوە بەڕێوەدەبران. کاتێك ئەو سوپایە نەمسای جێهێشت لە ساڵی ١٩٥٥دا، نەمسا سەربەخۆیی وەرگرت و ئەم کۆمپانیایە دامەزرا. سەرەتا تەرکیزی لە سەر کێڵگە نەوتی و گازییەکان دەکردەوە لە نەمسادا، بەڵام دواتر لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی کەوتەگەڕ لە ئێران و لیبیا و میسر و تونسدا، کە ئەوانە یەکەم هەوڵی بە دواداگەڕانی نەوت بوون لە دەرەوە لە لایەن ئێمەوە. دواتر کۆمپانیاکە بە رەوتێکی لەسەرخۆ گەشەی کرد و لە وڵاتانی وەك شانشینی یەکگرتوی بەریتانیا و ئیرلەندا دەستی بە کارکرد. لە کۆتایی هەشتاکاندا دەستی کرد بە دامەزراندنی وێستگەکانی سووتەمەنی لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی نەمسادا، وەك هەنگاریا و سلۆفاکیا و کۆماری چیك. دواتر ئەم کۆمپانیایە بە شێوەیەکی جوزئی تایبەت کرا، کە ئێستا حکومەتی نەمسا کەمتر لە سەدا ٣٠ی پشکی لەم کۆمپانیایەدا هەیە، هەروەها کۆمپانییای نەوتی ئەبو زەبی نزیکەی لە سەدا ١٧ی پشکی ئەم کۆمپانیایەی هەیە، واتە نزیکەی لە سەدا ٥٠ی ئەم کۆمپانییایە

لە بازاڕی بۆڕسەدا مامەڵەی پێوە دەکرێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەندێ لایەن پشـــکی گەورەیان هەیە و هەندێکی دیکە پشکی بچوکیان هەیە تێیدا و لە گەشە و بەرەپێشچوونی بەردەوامدایە. لە دیســـەمبەری ٢٠٠٤دا بوە خاوەنی بەشێکی گەورەی کۆمپانییای نەوتـــی رۆمانیای کە نزیکـــەی پانزە هـــەزار کارمەندی هەیە و ئێســـتا بۆ ماوەی سێ ساڵە لەگەڵ ئەو کۆمپانیایەدا هەڵساوین بە دووبارە رێکخســـتنەوەی کاروباری کێڵگە نەوتی و گازییەکان کە سەرەتایەکی ســـەرکەوتوانەی هەبووە و ئێستاش لە گەشەکردندایە. کە توانیمان بەرهەمێکی باشـــتری گاز و نەوت پێشکەش بکەین، لەگەڵ شـــێوازی پێشکەوتووتر و باشتر بۆ گەڕان بە دوای نەوتدا. ئیستا کۆمپانییاکەمان نزیکەی شـــەش هەزار کارمەندی هەیە لە نەمسا و بەریتانیا و پاکستاندا، هەروەها لە کۆمپانیای نەوت رۆمانی کـــە نزیکەی ٣٥ هەزار کارمەندی هەیە. واتە لە بەرەپێشـــچوونی بەردەوامدایـــن و رومان کردۆتە وڵاتانی دیکە، لە هاوینی ســـاڵی ٢٠٠٦دا نوسینگەمان لە ئۆسلۆی پایتەختی نەرویج کردەوە، هەروەها بەهاری رابردوو لە قاهیرە نوســـینگەی بە دواداچوون و گەڕان بە دوای نەوتمان کردەوە. تازەترین نوسینگەشـــمان سێ هەفتە بەر لە ئێستا لە هەولێر کردەوە و پێشتریش گرێبەستێکمان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا گرێداوە بۆ مەبەستی گەڕان بە دوای نەوتدا، گرێبەســـتەکەمان لە نۆڤەمبەری ســـاڵی ٢٠٠٧دا ئیمزا کردووە و ماوەکەی سێ ساڵە. دوو مەوقیعیشمان دیاری کردووە بۆ مەبەستی گـــەڕان و دۆزینەوە، کە دەکەونە رۆژهەڵاتی هەولێر و باشـــووری رۆژهەڵاتی هەولێرەوە، دوای سێ ساڵ لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا پێکەوە دادەنیشین و گفتوگۆی دەرئەنجامەکان دەکەین، گەر دەرئەنجامەکان باش و دڵخۆشـــکەر بوون ئەوا گرێبەستەکە بۆ ماوەی سێ ساڵی دیکە نوێ دەکەینەوە.

**یاسایی نەوت و گازی حکومەتی هەرێمی کوردستان**
**بە باشی لەگەڵ یاسای نێودەوڵەتی گاز و نەوتدا دەگونجێ**

*** تێڕوانینی ئێوە چییە لەســـەر یاســـای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان ؟**

- ئەو یاســـایەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەریکردووە کە بە باشی لەگەڵ یاســـای نێودەوڵەتی گاز و نەوتدا دەگونجێت، لەبەر ئەوەی گرێبەســـتەی لێرە دەکرێت تا رادەیەك زۆر لەو گرێبەستانە دەچێت کە لە وڵاتانی دیکەدا دەکرێن، تەنیا جیاوازی ئەوەیە کە هەر وڵاتێك پشکێکی جیاوازی لە پرۆژەکاندا و باجێکی جیاوازی هەیە لەسەریان. گرێبەستەکە زۆر سادەیە، گەر دەست کرا بە بەرهەمهێنانی نەوت راستەوخۆ بەشێکی دەدرێت حکومەتە و ئەوی دیکەی دابەش دەکرێـــت بۆ دوو بەش بەشـــێکی بۆ پڕکردنـــەوەی خەرجییەکانی گەڕانەکەیە، بەشەکەی قازانجە کە حکومەت بەشێکی زۆری دەبات و بەشێکی کەمتری دەدرێتە ئەو لایەنە نێودەوڵەتییەی هەڵساوە بە وەبەرهێنان تێیدا. بۆ ئێمەش ئاسانە گفتوگۆی ئەم گرێبەستانە بکەین لەبەر ئەوەی نە جیاوازە و نە تەواو نوێیە، بەڵکو بە هەمان شـــێوەی گرێبەســـتەکانی دیکەیە کە لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا ئیمزا دەکرێت. هەر بۆیە ئاسان بوو بۆ ئەو لایەنانەی دەیانەوێت بەرهەمهێنان بکەن لێرەدا کە لە سروشتی گرێبەستەکە تێبگەن و بۆ ئێمەش گفتوگۆکە زۆری نەخایەند.

**هەڵوێستی وەزیری نەوتی عیراق لەڕوویی یاساییەوە هەڵەیە**

*** چۆن ســـەیری هەڵوێستی وەزیری نەوتی عێراق دەکەن لە ئاست کۆمپانیاکەتاندا؟**

- بە دڵنیاییەوە ئێمە خۆشـــحاڵ نین بەو هەڵوێســـتە، لەبەر ئەوەی باوەڕمان وایە لە رووی یاساییەوە ئەوە هەڵوێستێکی هەڵەیە و درەنگ یا زوو حەقیقەتەکە روون دەبێتەوە کە یاسای نەوت و گازی کوردستان لەسەر زەمینەیەکی یاسایی دروست دانراوە. هەروەها ئەو رەشنوسی یاســـای نەوت و گازەی داڕێژراوە و پێشکەشی پەرلەمان کراوە سەد دەر سەد لەگەڵ دەستوری عێراقیدا دەگونجێت، بە هەمان شێوە ئەو لێکدانەوە یاساییەی لە لایەن مامۆستاییەکی یاسای نێودەوڵەتییەوە لە بەریتانیا خراوەتە روو هەمان ئەو بۆچونە دووبارە دەکاتەوە و دەڵێت پێویستە دەستکاری بکرێت بۆ ئەوەی لەگەڵ دەستوردا بگونجێت. ئێمە دەڵێین گەر وەزیری نەوتی عێراقی نائومێدی خۆی دەربڕیوە کە هەندێ لە کۆمپانیاکانی نەوت گرێبەستیان ئیمزا کردووە لێرە، دەکرێت دواتر بە شێوەیەکی هێمن و گونجاو چارەسەر بکرێت.

*** ئایا نیازتان هەیە لە هیچ شـــوێنێکی کوردستان دەست بکەن بە دەرهێنانی نەوت؟**

ئێمە مۆڵەتمان وەرگرتوە کە لە دوو شوێندا کاربکەین، لەرۆژهەڵاتی هەولێردا و لە باکووری کێڵگەی نەوتی تەق تەقدا، کە ئێمە دەســـت دەکەین بە کاری گەڕان و پشکنین کە دواتر بۆمان دەردەکەوێت ئایا دەتوانین نەوتی لێ دەربهێنین و ئایا بڕەکەشی چەندە.

**شارەزایان و جیۆلۆجییەکان پێیان وایە کوردستان ناوچەکەی باشە و دەکرێت نەوتێکی زۆری لێ بدۆزرێتەوە**

*** ئایا گەشبینن بەوەی سامانی نەوتی کوردستان بەشی ئەوە دەکات ئەوەندە پـــرۆژەی ئاوەدانکاری پێ بخرێتەگەڕ کە ئەو کاولکاری و وێرانکارییەی بەسەر کوردستاندا هاتووە بسڕێتەوە؟**

- من کەسێکی جیۆلۆجیم، بەڵام کاتێك بوومە بەڕێوەبەر و دەبوو بەرەو کوردستان بێم زۆرێك لە هاوڕێ و دۆستەکانم ووتیان ئێمە نیگەرانین لـــە بارەی تۆوە لەبەر ئەوەی ئەو ناوچەیە و عێراق بارودۆخێکی پڕ لە مەترسیان هەیە، بەڵام دۆستەکانی خۆم لە کۆمپانیاکەمان پێیان راگەیاندم کە تۆ کەسێکی بەختەوەریت و پیرۆزبایت لێدەکەین، لەبەر ئەوەی کوردستان جێیەکی زۆر گونجاوە و بڕێکی گەورەی نەوتیشی تێدایە. کەواتە شـــارەزایان و جیۆلۆجیەکان پێیان وایە کە کوردستان ناوچەیەکی باشە و دەکرێت نەوتێکی زۆری لێ بدۆزرێتەوە، ئەگەری پرسیاری ئەوەش بکەین ئایا ئەو نەوتەی هەیە لە کوردستاندا بەشی ئاوەدانکردنەوە دەکات، من پێم وایە ئەوە دەوەستێتە سەر نرخی نەوت لـــە بازاڕەکانی جیهاندا، گەر ئەو نرخە بەرز بێت ئەوا نرخی نەوتی کوردســـتانیش بەرز دەبێت و ئەو کاتە دەتوانین بڵێین بەڵێ دەکرێت کوردســـتانی پێ ئاوەدان بکرێتەوە. لە لایەکی دیکەوە دەکرێت گاز بەرهەم بهێنرێت، کە دەتوانرێت بۆ مەبەســـتی بەرهەمهێنانی کارەبا سوودی لێوەر بگیرێت، هەروەها دەکرێت لە رێی تورکیاوە و بە هۆی بۆرییەوە بۆ وڵاتانی ئەوروپا رەوانە بکرێت.

**حکومەتی هەرێمی کوردستان تائێستا توانیویەتی ١٥ کۆمپانیایی نەوت بێنێتە کوردستان و بەدوای نەوتدا بگەڕێن**

●●●

**گرێبەستەکەمان لە نۆڤەمبەری ساڵی ٢٠٠٧دا ئیمزا کردووە و ماوەکەی سێ ساڵە، دوای سێ ساڵ لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستاندا پێکەوە دادەنیشین و گفتوگۆی دەرئەنجامەکان دەکەین، گەر دەرئەنجامەکان باش و دڵخۆشکەر بوون ئەوا گرێبەستەکە بۆ ماوەی سێ ساڵی دیکە نوێ دەکەینەوە**

●●●

●●●

**ئێمە مۆڵەتمان وەرگرتوە کە لە دوو شوێندا کاربکەین، لەرۆژهەڵاتی هەولێردا و لە باکووری کێڵگەی نەوتی تەق تەقدا**

●●●

**شارەزایان و جیۆلۆجیەکان پێیان وایە کە کوردستان ناوچەیەکی باشە و دەکرێت نەوتێکی زۆری لێ بدۆزرێتەوە، دەکرێت کوردستانی پێ ئاوەدان بکرێتەوە. هەروەها دەکرێت لە رێی تورکیاوە و بە هۆی بۆرییەوە بۆ وڵاتانی ئەورووپا رەوانە بکرێت**



*** ئێوە وەکو سەرمایەدارێك زۆر بایەخ بە سیستەمی حکومڕانی دەدەن لە ئەو وڵاتانەی وبەرهێنانی تێدا دەکەن، ئێوە تا چەند متمانەتان بە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە کە گرێبەستی لەگەڵدا دەکەن؟**

- رەنگە من تەنیا بتوانم لە کەرتی نەوت و گاز تێبگەم و ئاگاداری بوارەکانی دیکەنیم و نازانم لە بواری ژێرخاندا چی کراوە. بەڵام هەروەك ئاماژەم پێکرد من تەنیا تایبەتمەندم لە بواری گاز و نەوتدا و بیروبۆچونی من ئەوەیە کە یاسا و گرێبەستە نەوتیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هەمان شێوەی گەر بەراورد بکرێن بە یاسا و گرێبەستە نێودەوڵەتییەکان، کە گفتوگۆکان بۆ ماوەی چەند ساڵێك درێژ ناکەنەوە بەڵکو بە ووردی و بە چڕ و پڕی گفتوگۆ دواتر گرێبەستەکە ئیمزا دەکەن، کە توانیویانە پانزە کۆمپانیای نێودەوڵەتی نەوت بهێننە کوردستانەوە کە لە ماوەی دوو سێ ساڵی رابردوودا گرێبەستیان ئێمزا کردووە. لەبەر ئەوە گەر لە کەرتی نەوت و گازی کوردستانی بڕوانیت ئەوا بە باشی بەڕێوە براوە و بە شێوەیەکی پیشەوەرانە ( موحتەریفانە ) هەڵسوڕێنراوە. گەر کەرتەکانی دیکەش بە هەمان شێوەی گاز و نەوت بێت ئەوا ناوچەکە دەرفەتێکی باشی دەبێت بۆ ئەوەی بەم نزیکانە دووبارە خۆی بنیات بنێتەوە.

## نەمسا دەتوانێت بێجگە لە بواری نەوت لە بوارەکانی دیکەشدا یارمەتی کوردستان بدات

*** ئێمە داهاتی نەوتی کوردستان بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان بەکار دەهێنین، لەبەر ئەوەی تا ئێستا ئەو داهاتانە بۆ کاولکردنی کوردستان بەکارهاتووە، ئایا نەمسا وەکو وڵاتێکی پێشکەوتوو دەتوانێت لە بوارەکانی دیکەدا بەشداری لە ئاوەدانکردنەوەدا بکات بە شێوەیەکە سوودی بۆ هەردوولامان هەبێت؟**

- نەمسا لە رووی پێشەسازی ئاسن و چیمەنتۆ و پەنیەوە پێشکەوتنێکی گەورەی بە خۆوە بینیوە لە ماوەی بیست بۆ بیست و پێنج ساڵی رابردوودا، راستە ئێمە کۆمپانیای نەوتی گەورەمان هەیە بەڵام کۆمپانیای دیکەمان هەیە کە لە بوارەکانی دیکەدا دەستی باڵایان هەیە وەك ژینگە و پیشەسازی بەکارهێنانەوەی پلاستیك بۆ دروستکردنی بەرهەمی نوێ، هەروەها لە بواری ئاوەڕۆدا، بە هەمان شێوە لە بواری کۆکردنەوەی زبڵدا و سوتاندنی بە شێوەیەك کە ژینگە پیس نەکات. لە بواری گاز و نەوتیشدا ئێمە نوێترین تەکنەلۆجیا بەکار دەهێنین بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە بەرهەمهێنان بکەین.

***- ئێوە وەکو کۆمپانیای نەوت دەزانن چۆن وڵات بنیات دەنرێتەوە، کاتێکیش دەبینین حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەندە بایەخ بە رێکخستنەوەی ژێرخانی ئابووری دەدات، ئەوا پێشبینیتان چییە بۆ داهاتوی ئەم هەرێمە لە سایەی حکومڕانێتیکدا کە بەو شێوەیە بیر دەکاتەوە؟**

- من پێم وایە ئایندەیەکی باشتری دەبێت لەبەر ئەوەی کۆمپانیا دەرەکییەکان دێن و خەڵکی شارەزا دەخەنە گەڕ لێرەدا ئەمەش دەبێتە هۆی دروستکردنی هەلی کار بۆ خەڵکی ئێرە و دەبێتە مایەی ئاوەدانکردنەوە. ئێمە لە کۆمپانیاکەمان خەڵکانی شارەزای کوردمان هێناوە لەگەڵ خۆماندا کە لە نەمسا خوێندنیان تەواو کردووە، ئێمەش سوود لەم خەڵکانە وەردەگرین لەبەر ئەوەی هەم شارەزای کارەکەن و لە لایەکی دیکەشەوە دەتوانن باشتر لە خەڵکی ئێرە تێبگەن، هەروەها باشتر کاریگەر بن لە سەر حکومەتی ئێرە و دەستی شارەزای زیاتر بهێننە ئەم وڵاتەوە. کەواتە بە هۆی پێکەوە کارکردنی خەڵکی ئێرە و ئەو شارەزایانەی لە ئەورووپا و ئەمریکاوە دێنەوە ئەوا لە ماوەی پێنج ساڵی داهاتوودا بارودۆخەکە زۆر باشتر دەبێت لە ئێستا.

## بونیادنانەوە لە پەروەردەو فێرکردن و بایەخدان بە لاوانەوە دەستپێدەکات

***بە حوکمی ئەوەی نەمسا وڵاتێکە لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە دەستی کرد بە ئاوەدانکردنەوەی وڵاتەکەی، واتە وڵاتێکی دوای شەڕ بوو، چۆن دەکرێت ئێمە سوود لە ئەزمونی ئاودانکردنەوەی نەمسا وەربگرین کە توانێتی ئابوریەکی بەهێز بۆ خۆی بنیات بنێت؟**

- سەرەتا دەبێت بایەخ بە پەروەدەکردن و فێرکردنی نەوەی گەنجانی وڵاتەکەتان بدەن، هەروەها سوود لە شارەزای ئەو خەڵکانەی خۆتان وەربگرن کە لە وولاتانی دەرەوەن. لە لایەکی دیکەوە پێویستە ژیرانە وبەرەهێنانی کۆمپانیا دەرەکیەکان بەرکاربهێنن و سوود لە سەرچاوە سروشتیەکانی خۆتان وەربگرن و شەڕی گەندەڵی بکەن. دەبێت بە هۆشیارییەوە مامەڵە لەگەڵ بە تایبەتکردندا بکەن. خەڵکی ئێرە بە تێڕوانینێکی ئیجابیانەیان هەیە و بە گوڕ و تینن بۆ کارکردن و بنیاتنانەوە کە جێی سەرنج و سەرسوڕمانی ئێمەیە.

# سەرۆک لی بونگ پاک بەنیازە پەیوەندییەکی فراوان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان دابمەزرێنێت



## پرۆفیسۆر پارک هانگ جۆ لە بەشی بزنسی دەرەوەی کۆریای باشوور بۆ گوڵان:

# نێچیرڤان بارزانی سەرۆک حکومەتێکی لێهاتووە و دەتوانێت کوردستان وەک کۆریای باشوور پێش بخات

**سەردانەکەی بەرێز نێچیرڤان بارزانی وەرچەرخانێکە لە پەیوەندییەکانی نێوان حکوومەتی کۆریاو حکوومەتی هەرێمی کوردستان**

***دوای سەردانەکەی سەرۆکی حکوومەت رێزدار نێچیرڤان بارزانی بۆ کۆریاو مۆرکردنی گرێ بەست لەگەڵ کۆمپانیای KNOC و کۆمپانیای "سەنگیۆنگ"، کە گرێبەستەکە ناوی لێ نرا بە ناوی: "یاداشتنامەی تێگەیشتن". بەرای تۆ، سەردانەکەی بەرێز "نێچیرڤان بارزانی" چۆن دەبینیت بۆ کۆریا؟ بەتایبەتی کە گرێبەستی "نەوت بەرامبەر بە بونیاتنانەوە" دەگاتە ١٢ بلیۆن دۆلار.**

-بەرای من، سەردانەکەی بەرێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکوومەت کاریگەرییەکی باشی دەبێت لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان حکوومەتی کۆریاو حکوومەتی هەرێمی کوردستان.

**یاداشتنامەی لێکتیگەیشتن دەرفەتێکی گرنگە بۆ کۆریاو کوردستان**

***بە پێی یاداشتنامەی لێك تێگەیشتن، ئێوەی کۆری هەڵدەستن بە دەرهێنانی نەوت لە کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان، کە دەگاتە نزیکەی ١-٢ ملیار بەرمیل. تا چەند ئێوە پشتتان بە حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەستووە؟**

**■ پرۆفیسۆر پارك هانگ جۆ کە کۆلۆنێڵی خانەنشینی سوپای کۆریای باشوورە و ئێستا یەکێکە لە ئەندامانی بزنسی دەرەوی کۆریای باشوور، یەکێکە لەو بزنسانەی کە لە نزیکەوە لە هەرێمی کوردستان ئاگادارە و یەکێکە لەو بزنسانانەی کە پەیوەندییەکی گرنگی لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە.**

**هەر بۆیە بە پێویستمان زانی کە بیروبۆچوونی بەرێزی سەبارەت بە ئیمزاکردنی یادداشتنامەی لێکتێگەیشتنی نێوان کۆریای باشوور و کوردستان بزانین، بۆ ئەم مەبەستەش پەیوەندیمان کرد بە ئۆفیسی تایبەتی پرۆفیسۆر جۆ لە سیئول بەڵام پێیان راگەیاندین ئەوەی ئێوە لەسیئۆل بۆی دەگەڕێن ئێستا میوانی خۆتانە لەکوردستان، هەربۆیە کە پەیوەندیمان پێوەکرد، ئەویش بەسەرسوڕمانەوە لێی پرسین ئێوە چۆنتان زانی لە کوردستانم.**

**پرۆفیسۆر جۆ دوای دەربڕینی خۆشحاڵی خۆی بەم دیدارەی لەگەڵ گوڵان، بەر لەمە ئەو سەرقاڵی کۆبوونەوە بوو، ئێمەش دوارۆژی دەرچوونی گۆڤارەکەمان بوو، هەر بۆیە بە تەلەفۆن بەمجۆرە رای خۆی بە گوڵان راگەیاند. ■**

- بەڕای من ئەمە دەرفەتێکی زۆر گرنگە، نەك تەنها بۆ کۆریا، بەڵکو بۆ حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش، بۆ دروستکردنی ئەم جۆرە پەیوەندییانەو بۆ دەرهێنانی نەوت لە کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان.

**سەرۆک لی بەنیازە پەیوەندییەکی فراوان**
**لەنێوان حکومەتی کوریا و حکومەتی کوردستان دابمەزرێنێت**

***لە ٢٥ی شوباتی ٢٠٠٨دا، بەڕێز "لی بیۆنگ باك" بەشێوەیەکی فەرمی وەکو سەرۆکی کۆریا هەڵدەبژێردرێت. بەڕێزی بەڵێنی بە سەرۆك حکوومەتی هەرێمی کوردستان داوە کە کۆمپانیاکانی کۆریا بەشداری دەکەن و ڕۆڵیان دەبێت لە بونیاتنانەوەی هەرێمی کوردستان. دەمانەوێت بزانین، کۆمپانیا کۆرییەکان بەنیازن لە چ بوارێك بەشداری بکەن لە پرۆژەکانی بونیاتنانەوە؟**

- هەروەکو دەزانن، بەڕێز "لی" ئابووری ناسە. بەڕێزی پێشتر سەرۆکی گرووپی "ئۆشن دای پی"بووە، کە گەورەترین گرووپی بازرگانییە لە کۆریا. هەروەها، لەبەر ئەوەی بەڕێزی شارەزاییەکی زۆری هەیە لە بواری ئابووری، بۆیە، بەڕێزی بەنیازە پەیوەندییەکی باشترو فراوانتر دروست بکات لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان. لەبەر ئەوەی ئێوە کێڵگەی نەوتیتان هەیە لە هەرێمەکەتان و حکوومەتی کۆریا پێویستیی بە نەوت و غازە. ئێوە پێویستیتان بە بونیاتنانەوە هەیەو ئێمەش پێویستیمان بە نەوت و غازە. بۆیە، ئەمە دەرفەتێکی زۆر باشە بۆ هەردوو وڵات بۆ پتەوکردنی پەیوەندییەکان و بۆ هەماهەنگی لەنێوانی هەردوو حکوومەت کە لە هەمان کاتدا دەبێتە مایەی سوودمەندبوونی هەردوو نەتەوە. کاریگەرییەکی زۆری لێ دەکەوێتەوەو هەماهەنگییەکی فروان درووست دەکات لەنێوانی هەردوو وڵات.

**هەرچەندە ئایینەکانمان جیاوازە**
**بەڵام هەمان تێگەیشتنمان هەیە بۆ ئایینده**

***بەڕێزت ئاشناییەکی زۆرت هەیە لەگەڵ کوردستان و لەنزیکەوە کوردستانت بینیوە، لەبەر ئەوەی بەڕێزت لێرە دەژیت، لە هەرێمی کوردستانی عێراق هەروەها، ئێستا بێ گومان تێڕوانینی خۆت هەیە لەسەر کوردستان گەر بێت و باسی کوردستان بکەیت بۆ کۆرییەکان، ئەوە چییان پێ دەڵێیت؟**

- بە تێڕوانینی من، لەبەر ئەوەی لە هەست و هزری خەڵکانی کوردستان تێ دەگەم، بەڕای من، هەرێمی کوردستان هاوشێوەیە لەگەڵ کۆریا هەرچەندە ئایینەکانمان جیاوازە، بەڵام هەمان تێڕوانین و تێگەیشتنمان هەیە بۆ بابەتەکان. هەروەکو دەبینم، خەڵکانی هەرێمی کوردستان خاوەن دڵێکی گەورەو فراوانن، بە تایبەتی لەگەڵ بیانییەکان بۆیە، من لەو بڕوایەدام کە لە ئایندە پەیوەندییەکی پتەو و باش درووست دەبێت لە نێوانی هەردوو وڵات.

**لەو بڕوایەدام حکومەتی هەرێمی کوردستان**
**ئایندەیەکی گەش و ڕووناکی دەبێت**

***ئایا ئایندەی کوردستان چۆن دەبینیت؟ ئایا لەو بڕوایە نیت کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەژێر سەرۆکایەتیی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی، کوردستان ببێتە نموونەیەك لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟**

- سەبارەت بە ئایندەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، من لەو بڕوایەدام کە ئایندەیەکی گەش و ڕووناکی دەبێت ئەویش لەبەر ئەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان خاوەن سەرچاوەو سەرمایەیەکی دەوڵەمەندە، هەروەها لەوانەیە لە سەرەتادا جۆرە ئاستەنگ و ڕێگرێك بێتە پێشتان لە بواری بونیاتنانەوەی هەرێمەکەتان، بەڵام خۆش بەختانە ئێوە توانیتان کێڵگەی نەوتی بدۆزنەوە لە هەرێمەکە بۆیە، دەرفەتێکی باش لە پێش وڵاتەکەتان ڕەخساوە بۆ ئەوەی بتوانن گەشەی پێ بدەن و پێشکەوتنی لێ وەدی بێنن، بۆ ئەوەی ئێوەش بتوانن وەکو دوبەی بن لەبەر هەبوونی کێڵگە نەوتییەکان، هەرێمەکەتان دەرفەتی باشی لە پێشە بۆ ئایندەیەکی باشتر.

**لەبەرئەوەی هەردوولا (کۆریا وکوردستان) پێویستمان بەیەکە**
**پێویستە پەیوەندیەکانمان فراوانتر بکەین**

***ئایا یاداشتنامەی تێگەیشتن تاکو چەند کاریگەریی دەبێت لەسەر پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات، حکوومەتی کۆریای باشوورو حکوومەتی هەرێمی کوردستان؟ ئایا دەکرێت ئەم هەنگاوە بە پەیوەندییەکی درێژخایەن دابنێین لەنێوانی هەردوو وڵات؟**

- ئێمە تاکو ئەمڕۆش پەیوەندییەکی باشمان هەیە لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئێوەی کورد توانیتان کێڵگە نەوتییەکان بدۆزنەوە، پێویستە ئێمەش پێشکەوتن وەدی بێنین لەو بوارە، بۆیە لەپێناوی جێبەجێ کردنی ئەم مەبەستە، ئێوە پێویستیتان بە تەمویلی زیاتر دەبێت هەروەها پێویستە لەسەرتان بڕی تێچوونی ئەو پرۆسەیە دابین بکەن. هەروەها پەیوەستە بە خێرایی و جموجۆڵیی ئێوە لەسەر گەشەسەندن لەبواری دۆزینەوەو دەرهێنانی نەوت لە کێڵگە نەوتییەکان. سەبارەت بە پەیوەندییەکانی نێوان حکوومەتی عێراق و حکوومەتی هەرێمی کوردستان، ئێستا هەرێمی کوردستان بەشێکە لە دەوڵەتی عێراقی، بۆیە، پێویستە پەیوەندییە باشەکانتان بپارێزن لەگەڵ حکوومەتی عێراق. لەسەر بنەمای پەیوەندییەکی باش و درووست لەنێوانتاندا، دەتوانن بەشێوەیەکی خێراتر و باشتر گەشە بە هەرێمی کوردستان بدەن.

**ئێمە دەزانین حکومەتی عێراق نەوتی ڕاگرتووە**
**بەڵام ئەم کێشانە دەبێت بە وتوویژ چارەسەر بکرێن**

***بەڵام هەر وەکو دەبینین، لەدوای مۆرکردنی یاداشتنامەی تێگەیشتن لەنێوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیای ئێس کەی ئینێرجی. وەزارەتی نەوتی عێراقی ناردنی نەوتی ڕاگرتووە بۆ کۆریا. ئایا بەڕای تۆ، بە پێی دستووری عێراق، ئەو گرێبەستانە تا چەند یاسایین؟**

- ئێمە بەدواداچوونی هەواڵەکان دەکەین لە دەزگاکانی میدیاو ئاگامان لە پەیوەندییەکانی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی کۆریا هەیەو هەروەها دەزانین وەزارەتی نەوتی عێراقی بڕیاری داوە بە ڕاگرتنی ناردنی نەوت بۆ کۆریا. پێویستە ئەم جۆرە گرفتانە لەنێوانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراقی چارەسەر بکرێت، ئەویش لەڕێگای دانوستاندن و گفتوگۆو پێویستە پەیوەندییەکانتان باشترو بەهێزتر بکەنەوە لەگەڵ حکوومەتی عێراقی، پێویستە جۆرە هاوبەشییەك بکەن لەگەڵ حکوومەتی عێراقی لەبواری گەشەپێدانی بواری نەوت، ئەو کات لەوانەیە حکوومەتی عێراقی ڕەزامەند بێت لەسەر پەیوەندییە بازرگانییەکانی نێوان هەردوو حکوومەت، حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی کۆریا.

**دەتوانین هەتا ١٠-١٥ساڵی دیکە**
**هاوکاری هەرێمی کوردستان بکەین**

***خەڵکی هەرێمی کوردستان کۆرییەکان بە هاوڕێی خۆیان دەزانن. ئایا تاکو چەند ئێوە ئامادەن بۆ هاوکاری کردنی کوردستان و هاووڵاتییەکانی و بۆ بونیاتنانەوەی هەرێمەکە؟**

- بەڕای من خەمڵاندنی ئاستەکە زۆر زەحمەتە بۆ من، بەڵام لەوانەیە لە مەودای ٥-١٠ ساڵ دەتوانین یارمەتیی هەرێمی کوردستان بدەین. ئێمەش ئامادەین هاوکاریی هەرێمەکە بکەین لەبواری دەرهێنانی نەوت و بونیاتنانەوەو پێشخستنی وڵاتەکە.

***ئایا بەڕێز نێچیرڤان بارزانی چۆن دەبینی؟ ڕات چییە بەرامبەر بە سەرۆك حکوومەت؟ ئایا تۆ لەو بڕوایەدای کە نێچیرڤان بارزانی بتوانێت هەرێمی کوردستان وەکو کۆریای لێ بکات و پێشی بخات؟**


- بەڕای من، نێچیرڤان بارزانی سەرۆك حکوومەتێکی لێهاتوو و زیرەك و بەتوانایە سەبارەت بە ئایندەی کوردستانیش لەژێر سایەیی حوکمرانی ئەودا، بەڵێ من لەو بڕوایەدام کە بەڕێز نێچرڤان بارزانی توانای هەیە هەرێمی کوردستان وەکو کۆریای باشوور پێش بخات.

**چارەسەرکردنی کێشەی گرێبەستەکان پێویستی بە وتوویژ و دانوستاندنە لە نێوان حکومەتی کوردستان و حکومەتی بەغدا**

**کۆریای باشوور و هەرێمی کوردستان پێویستیان بە یەکە بۆیە دەبێت پەیوەندییەکانیشان فراوان بێت**

**سەرۆک لی بەنیازە پەیوەندییەکی باشترو فراوانتر دروست بکات لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان. لەبەر ئەوەی ئێوە کێڵگەی نەوتیتان هەیە لە هەرێمەکەتان و حکوومەتی کۆریا پێویستیی بە نەوت و غازە. ئێوە پێویستیتان بە بونیاتنانەوە هەیەو ئێمەش پێویستیمان بە نەوت و غازە**

**لەوانەیە لە مەودای ٥-١٠ ساڵ دەتوانین یارمەتیی هەرێمی کوردستان بدەین. ئامادەین هاوکاریی هەرێمەکە بکەین لەبواری دەرهێنانی نەوت و بونیاتنانەوەو پێشخستنی وڵاتەکە**



فوئاد سديق

# ئامانجی سیاسی تورکیا و دونیای سەردەم

لەوەتەی AKP سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنەکانی تورکیا وەدەستهێناوە، حکومەتی تورکیا هەمیشە شەڕێکی دەروونی لە بەرامبەر هەرێمی کوردستانی عێراق دا هەڵگیرساندووە، بەوەندەش نەوەستا هێرشی سەربازی دەستپێکردو بارودۆخەکەی ئاڵۆزترکرد. ئەمە لە کاتێکدا سەرکردایەتی کورد لەم هەرێمە هیوای زۆری بە سەرکەوتنی akp هەبوو، کەچی خەریکە جیاوازییەك نەمێنێ لە نێوان AKP و حزبەتورکەکانی دیکەی تورکیا کە بەربەرەکانی AKP یاندەکردلە کاتی هەڵبژاردندا.

ئێستا دەرکەوت AKP ئەو حیزبە نییە بتوانێ موعجیزە دروست بکات، سەرباری بەرەنگاربوونەوەی لابەلای هەندێ جاری لەگەڵ سوپادا، بەڵام نەیتوانی تا سەر لەسەر بەربەرەکانیکردنی سوپا بەردەوام بێت، ئێستا ئەردۆگان و هەروەها حیزبەکەیشی ئاراستەی سیاسیان شێلووە، جارێك باس لە مافی کوردان دەکەن، جارێکی تر کە سوپا چاوی سوور دەکاتەوە، باس لە هێرش و پەلامار دەکەن،ئەمەش تەواو پێچەوانەی جێگیربوونی دیموکراتییەت و تەناهی و ئاشتییە لە ناوچەکە.

با بپرسین ئایا تورکیا لەم پەلامارەی بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان چ سوودێکی پێدەگات؟ ئایا بە هێرشی عەسکەری PKK لەناو دەچێت؟ یان با کەمێك روونتر قسە بکەین، ئایا بەراستی ئامانجی تورکیا پێکانی PKK یە ؟، مەگەر تورکیا لە ئێمە باشتر نەزانێ کە کێشەی PKK بە گورزی عەسکەر چارەسەر ناکرێت، بگرە کە بەرەو بەهار دەچین، بە هۆی ئەم توندو تیژییەی تورکیاوە گرفتی زیاتر بۆ ناو خاکی تورکیاش دروست دەبێت, کەواتە ئامانجی بنچینەیی حکومەتی تورکیا – لە پەنای PKK وە - تێکدانی ئەو ئارامییەیە کە هەنووکە لە هەرێمی کوردستاندا هەیە. دەنا بۆچی هەنگاوێکی جیدی لە تورکیا بۆ کوردەکان نانێت تا گرفتی کوردان چێ ببن؟ قیروسیا لە PKK!!

لەوەتەی ماوەی ئەم شەش مانگەی دوایی بۆ جێبەجێکردنی مادەی ١٤٠ دیاریکراوە، تورکیا ئارامی لێ هەڵگیراوە، بیانووی سەیر سەیر دەدۆزێتەوە، ئاخر هەموو دونیا ئێستا وا درکی پێ دەکەن کە ئاوارەکردنی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان و بۆردومانکردنی گوندو خاکی هەرێم و تێکدانی پرد کە بۆ هاتوچۆی خەڵکن، دەبێت چ پەیوەندییەکی بە PKK وە هەبێت؟!! ئایا بە تێکدانی پرد و تێکچوونی ژیانی ئاسایی خەڵکی ئەو ناوچانەی کە لە هێرشەکانی تورکیاوە نزیکن، تورکیا دەتوانێ تا سەر رای گشتی بۆ خۆی وەدەست بهێنێ؟

تورکیا یەکەم جاری نییە سەرکێشی دەکات، بەڵام لەوەتەی مادەی ١٤٠ هەنگاوی جیدی بۆ دەنرێت، سەبری لێ هەڵگیراوە و ئەم هەموو سەروەت و سامانەی خۆی دەرخواردی عەسکەر دەدات، کە تا ئەیلولی ٢٠٠٦ خەرجیەکانی عەسکەر گەیشتبووە ٢٠٠ ملیار دۆلار لە بەرامبەر PKK کە ئەمە گەورەترین زیانگەیاندنە بە خودی تورکیا .

راستە تورکیا ئاڵۆزی پێ دروست دەکرێت و ئارامی کوردستانیش دەشێوێنێ، بەڵام رووی تورکیاش بە تایبەت AKP ئەوەندە گەش نابێت تا ئیتر متمانەو بڕوای پێ بکرێت. ئایندەی تورکیا بە عەقڵیەتی بەڕێوەبردنی ئۆپەراسیۆن و نەخوێندنەوەی ئەوی تر گەشە ناکات، بەڵکو زۆرترین زیان بەخۆی دەگەیەنێ، بەر لەوەی لە هەر وڵات و نەتەوەیەکی دیکە بگەیەنێ.

AKP کە هاتە سەر حوکم دەبوو بەرنامەی هەڵبژاردنەکەی وردە وردە جێبەجێ بکردایە، دەبوو لە لایەك گرنگی بە کارە خزمەتگوزارییەکان و لە لایەکی تریشەوە پەیوەندیە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانی خۆی گەشە پێبدابوایە، بەڵام ئەوەی لەکاتی هەڵبژاردنەکاناو لە گوتارەکانی ئەوکاتی ئەردۆگانا بینیمان ئاو نەبوو سەراب بوو، ئێستا خەریکە سەفیری ئەمریکا لە بەغدا و پتریۆس و سۆلانا و بەریتانیاو زۆری تر لەو هێرشەی تورکیا نیگەران و دڵپڕ دەبن، باشتر لە جاران لە نیازی تورکیا دەگەن، سەرۆکی کوردستانیش بە حەکیمی خۆی وردە وردە رای گشتی نێودەوڵەتی بەلای خۆیدا دەهێنێ، کە دەرەنجام تورکیا جگە لە شەرمەزاری هیچی دیکەی بۆ نامێنێتەوە.

لە پەراوێزی هێرشە سەربازییەکەی تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستان

# ژاپۆنی ئەمڕۆ و دوێنێ وەک نموونە

## ئەوەی ڕێگە چارەی سەربازی هەڵبژێرێت ناتوانێت ڕۆڵی سوپەر پاوەری هەرێمیی بگێڕێت



لە جیهانی ســەردەمدا دەوڵەتی خاوەن شــكۆ و پێگەی بەهێز لەســەر ئاســتی هەرێمی و جیهانی، ئەو دەوڵەتە كە بتوانێت لەســەر بنەمــای بەرژەوەندی و ڕێزی هاوبــەش و پەیوەندییە بازرگانــی و ئابوورییەكان لەگەڵ دەوروبەری خۆی و جیهاندا بوونی خۆی بســەلمێنێت و هەوڵبدات دەوڵەتانی دراوســێی بە شــێوازی جۆراوجۆر ســوودی لێوەربگرن و ببێتە دەروازەیەك بۆ گەشەسەندنی سەقامگیری هەرێمی و جیهانی لە سەر ئاستی ناوچەكە.

لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، ژاپۆن توانیویەتی ئەو ڕۆڵە كاریگەرەی وەك ســوپەر پاوەرێكی هەرێمی پیادە بكات، ئێستا هیچ كام لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا بە دەوڵەتی چینیشەوە ناتوانن ڕۆڵی ژاپۆن لە هاوكێشــەی ناوچەكە و جیهانــدا فەرامۆش بكەن، بەڵام ژاپۆنی ئەمڕۆ نەك ژاپۆنی سەردەمانی شەڕی یەكەم و دووەمی جیهانی.

## جیاوازی نێوان ژاپۆنی ئەمڕۆ و دوێنێ

مەبەست لە دوێنێی ژاپۆن ئەو سەردەمەیە كە ژاپۆن هەوڵیدەدا بە ڕێگەی هێزی ســەربازی و نمایشــكردنی ماسولكەی هێز هەژموون و پێگەی خۆی بەســەر ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و پاشان جیهان بسەپێنێت، ژاپۆن كۆریای داگیر كرد «كۆریای باكوور و باشووری ئەمڕۆ» هەروەها بەشێكی گەورەی چینی داگیر كرد، هێندە بڕوای بە چارســەری ســەربازی بۆ كێشەكان هەبوو، پەلاماری ئەمەریكاشــی دا بەڵام



ســەرەنجام نەك هــەر نەیتوانی درێژە بە داگیــركاری كۆریا «باشــوور و باكوور» و چین بدات، بەڵكو وڵاتەكەی خۆشی كاولكرد.

ڕاســتە كارەســاتی ناكازاكی و هیرۆشــیما دوو كارەســاتی جەرگبڕی شەڕی دووەمی جیهانی بوو، بەڵام سەركێشیەكانی ژاپۆن نەبوایە ئەم كارەســاتە ڕووینەدەدا و سەرەنجامیش ژاپۆن چەكی تەسلیم بوونی بۆ هاوپەیمانی ئیمزا نەدەكرد.

نموونــەی ژاپۆنی دوێنێ پەندێكە بۆ هەموو ئەوانەی پشــت لە چارســەرەی ئاشــتیانە دەكەن و ڕێگە چارەی ســەربازی هەڵدەبژێرن ژاپۆن بە پەنابردن بۆ هێزی سەربازی ئەم ئاكامەی بەدەست هێنا:

١- ئەو سەروەت و ســامانە مرۆییەی ئەمڕۆی ژاپۆن هەموو جیهانی سەرسام كردووە، بۆ شەڕ و كاولكاری بەكاردەهێنرا.

٢- ســوپاكەی ژاپۆن ڕاســتە توانی چین و كۆریا بەباشــوور و باكوورەوە داگیر بكات، بەڵام ســەرنجام وڵاتەكەی خۆشــی كاولكرد.

٣- ئــەو ئابوورییە بەهێزەی ئەمڕۆ ژاپۆن هەیەتی و گوزەرانی ژاپۆنییەكان لە ئاستی بەرزدا پۆلێن دەكرێت، پێشتر ئەو دەستانەی ئەو ئابوورییەی ئەمڕۆیان دروستكرد، كرابوونە دەستێكی بێكارو وڵاتی دراوسێ و وڵاتانی خۆیانی پێ كاولدەكرا.

## ژاپۆنی ئەمڕۆ ئەو سوپەر پاوەری جیهانی ڕێزی دەگرێت پەندێك بۆ توركیا

لەوانەیــە ژاپــۆن نموونەیەكی زۆر باش بێــت بۆ حكومەت و ژەنراڵەكانی ســوپای توركیا، لەبەر ئــەوەی هەردوو دەوڵەتی ژاپۆن و توركیا لەسەر بنەمای دوو شەڕی دۆڕاو بونیادنرانەوە، پێگەی توركیاش لــە ڕووی جیۆپۆلیتكی جیهانەوە گەلێك لە پێگەی ژاپۆن باشترە.

هــەر بۆیە زۆر گرنگە توركیا ســوودێكی گــەورە لە ژاپۆن وەربگرێت. بەتایبەتی كە چەند ڕوویەكی لێكچوویان هەیە:

١- گەلانی توركیا بە هەموو پێكهاتەكانییەوە، گەلێكی ئیشكەرن و حەزیــان لەوەیە خاوەنی وڵاتێكی ئاوەدان و پێشــكەوتوبن، هەر ئەم حەزەش وایلێكــردون كە خەون بە ئەندامیەتی یەكێتی ئەورووپاوە ببینن، بەڵام لەبەر ئەوەی دەســتەبژێری حوكمڕان و ژەنەراڵ ســتافەكانی توركیا، ئەم توانایەی گەلانی توركیا بۆ دوژمنایەتی و دەستدرێژی پەروەردە دەكەن، دەبینین:

أ- بەردەوام سوپایەكی مۆڵدراوی بێ ئیشیان دروستكردووە بەبێ ئەوەی هیچ هەڕەشــەیەكی جدی لەســەر ئاسایشی نەتەوەیی توركیا هەبێت.

ب- وەك میدیاكان ئاماژەی پێدەكەن ئەوە چەند ساڵێكە، هێزێكی گەورەی سوپای توركیا كە بە ١٠٠-١٥٠ هەزار سەرباز مەزندە دەكرێت لەســەر سنووری هەرێمی كوردستانی عێراق مۆڵدراوە، بێگومان ئەم ژمــارە زۆرە هەموویان لە تاكێكی بەرهەمهێنەوە كراون بە ســەربازێكی بێكار، ئەگەر ئــەم هێزە مرۆییە لەبری ئەوەی لەسەر ســنوور بۆ هەڕەشەكردنی دانراون، بكرێنە هێزی كار و وەبەرهێنان بۆ هەرێمی كوردســتانی عێراق، كە ئێســتا پێویستی بە بونیادنانەوە هەیە، ئایا ئاكامەكەی چۆن دەبوو؟

**لەوانەیە ژاپۆن نموونەیەكی زۆر باش بێت بۆ حكومەت و ژەنراڵەكانی سوپای توركیا، لەبەر ئەوەی هەردوو دەوڵەتی ژاپۆن و توركیا لەسەر بنەمای دوو شەڕی دۆڕاو بونیادنرانەوە، پێگەی توركیاش لە ڕووی جیۆپۆلیتكی جیهانەوە گەلێك لە پێگەی ژاپۆن باشترە**

**ئابووری توركیا بەردەوام هەڵئاوساوەوە و ئەو كۆمپانیا توركیانەش لە دەرەوەی توركیا كاری بزنس و وەبەرهێنان دەكەن بەردەوام لە حاڵەتێكی دڵەراوكێی دەژین، بەتایبەتی ئەو كۆمپانیا و سەرمایەدارانەی توركی كە بڕی ١-٢ ملیار دۆلار وەبەرهێنانیان لە كوردستان هەیە**



وەڵامی ئەم پرسیارە ئاسانە:
١- هەرێمی کوردستان دەبووە وەرشەیەکی کارکردن بۆ تورکیا.
٢- هەرێمـــی کوردســـتان دەبووە دەروازەیەك بـــۆ بوژاندنەوەی ئابووری تورکیا بە گشـــتی و ئابووری باشووری رۆژهەڵاتی تورکیـــا، کە خراپترین ناوچەی تورکیایە، ئەمەش لەبەر ئەوەی دانیشتوانی ئەو ناوچانە کوردن.
٣- حکومەتـــی هەرێمـــی کوردســـتان لـــەرووی ئابووری و بازرگانییەوە هێندە پشتی بە تورکیا دەبەست، هەتا ئەو ئاستەی تورکیـــا دەبـــووە دەروازەی هەناردە و هێنانە ناوەوەی ســـەرجەم کەلوپەلەکانی کوردستان بە ناردنە دەرەوەی نەوتیش لە رێگەی تورکیاوە.
٤- کۆمەڵێك بەرژەوندی هاوبەش لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی، کەلتووری، ئابووری، بازرگانی دروست دەبوو، ئەم پەیوەندییانە پێویســـتیان بە بەرژەوەندی ئاسایشی هاوبەشی هەردوولا دەبوو، هەربۆیە نە هەرێمی کوردســـتان و نە دەوڵەتی تورکیاش رازی نەدەبوون سنوورەکانیان ئاژاوەی تێدابێت.
٥- لەســـەر ئاســـتی جیهان و یەکێتی ئەوروپا پێگەی تورکیا بەهێزتر دەبوو، هەروەك چۆن پێگەی دەوڵەتانی دیکەی ئەوروپا بەهۆی شکۆی هەرێمیانەوە لەناو یەکێتییەکە بەهێزتر بووە.
٦- لەســـەر ئاســـتی بەرژەوەنـــدی هاوپەیمانـــی تورکیـــا و کوردســـتان کە ئەمەریکایە ئـــەم پەیوەندییە ئابوورییە بەهێزەی نێوان کوردســـتان و تورکیـــا دەبووە هاندەرێك بـــۆ بوژاندنەوەوە و رێکخســـتنەوەی سەرتاســـەری ناوچەکـــە و هاتنی زیاتری سەرمایەدار و کۆمپانیاکانی ئەمەریکا، ئەمەش دەبووە سەرەتای وەرچەرخانێکی گەورە لە ناوچەکەدا.

## دەسکەوتەکانی تورکیا لە رێگەچارەی سەربازی و نمایشکردنی ماسولکەی هێز

چاودێرانی بارودۆخی تورکیا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هەندێك جار بە گومانەوە ســـەیری ئەو دەکەن کـــە تورکیا لە کاتێکدا دەیەوێـــت ئەندامی یەکێتـــی ئەوروپا و ناتۆ بێـــت و هەروەها هاوپەیمانی ســـتراتیژی ئەمەریکاش بێـــت، بەڵام رەفتارەکانی بەوجۆرە بێت کە ئەو بیرکردنەوە و رەفتارانە ئەم دەســـکەوتانەی بۆ تورکیا لێ کەوتۆتەوە.
١- تورکیا بە مۆڵدانی ژمارەیەکی زۆری ســـەرباز و هەوڵدان بۆ دروســـتکردنی هەڕەشەی دەرەکی، کێشە ناوخۆییەکانی بێ چارەســـەر هێشـــتۆتەوە، ئەمەش بۆتە هـــۆکاری ئەوەی جۆرە ناســـەقامگیرییەکی بەردەوام لە تورکیادا هەبێت، ئەمەش بۆتە ئاستەنگی سەرەکی ناسنامەی بەئەوروپابوونی تورکیا.
٢- ئابـــووری تورکیا بـــەردەوام هەڵئاوســـاوەوە و ئەو کۆمپانیا تورکیانەش لە دەرەوەی تورکیا کاری بزنس و وەبەرهێنان دەکەن «وەك رۆژنامەنووس و بزنســـمان ئیلنۆ چەڤیك چەندین جار بە کـــوردی ئەمەی لە گوڵان و بـــە ئینگلیزی لە نێو ئەنەتۆلیان نووسیوە»، بەردەوام لە حاڵەتێکی دڵەراوکێی دەژین، بەتایبەتی ئەو کۆمپانیا و ســـەرمایەدارانەی تورکی کە بڕی ١-٢ ملیار دۆلار وەبەرهێنانیان لە کوردســـتان هەیە، هەموو کات ترســـی ئەوەیان هەیە کە بارگرژی سیاسی کاریگەری لەسەر کارەکانیان هەبێت.
٣- ئێستا تورکیا کە ناتوانێت بنەماکانی دیموکراسی و مافەکانی مـــرۆڤ جێبەجێ بکات، یەکێتـــی ئەوروپا بە دوژمنی خۆی دەزانێت، لەکاتێکدا ئەگـــەر تورکیا بنەماکانی یەکێتی ئەوروپا جێبەجێ بکات، هیچی لە فەرەنسا و ئەلمانیا و بەریتانیا کەمتر نییە، کە سێ دەوڵەتە گەورەکەی یەکێتی ئەوروپان.
٤- لەسەر ئاســـتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت تورکیا بێجگە لە ئیسرائیل هەموو دەوڵەتانی ناوچەکە بە دوژمنی خۆی دەزانێت وەك: سوریا، ئێران، ئەردەن، هەرێمی کوردستان، عێراق، میسر. لە کاتێکدا تورکیا میراتگری مەدی ئیمپراتۆریەتی عوسمانییە خاوەنی کولتورێکە لەو وڵاتانە، دەبوایە ئێستا تورکیا وەك چۆن ئیســـپانیا دەروازەی یەکێتی ئەوروپایـــە بۆ ئەمەریکای لاتین، بەهەمان شـــێوە تورکیاش دەروازەی یەکێتـــی ئەوروپا بوایە بۆ ســـەرجەم دەوڵەتانی ناو چوارچێوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کۆن.
٥- لەبـــەر ئەوەی تورکیا نەیتوانیوە لەســـەر ئاســـتی ناوخۆ دەوڵەتێکی ســـەرکەوتووی هەبێت لەســـەر ئاســـتی ناوچەکە رەنگدانەوەیەکـــی ســـلبی هەیە، تورکیا بە حیســـاب زیاتر لە ٥٠ ســـاڵە ئەندامی ناتۆیە و گەورەترین دەوڵەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاســـتە، تا ئێســـتا بۆ هیچ پرۆسەیەکی سیاسی ناوچەکە بانگهێشـــت نەکراوە، بەتایبەتی بۆ پرۆســـەی ئاشـــتی نێوان عەرەب- ئیسرائیل، لەکاتێکدا تورکیا تەنیا دەوڵەتی ئیسلامی گەورەی غەیرە عەرەبە لەگەڵ عەرەب و ئیســـرائیل پەیوەندی هەیە.

**دەبوایە ئێستا تورکیا وەک چۆن ئیسپانیا دەروازەی یەکێتی ئەوروپایە بۆ ئەمەریکای لاتین، بەهەمان شێوە تورکیاش دەروازەی یەکێتی ئەوروپا بوایە بۆ سەرجەم دەوڵەتانی ناو چوارچێوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کۆن**



## ژاپۆن لە رۆژهەڵاتی ئاسیا

لـــە بەرامبەردا ئەگەر ســـەیری رۆڵی ژاپۆن بکەین لەســـەر ئاســـتی هەرێمی واتە دەوڵەتانی ئاسیان یان دەوڵەتانی ئاسیای رۆژهەڵات دەبینین، رۆڵی ژاپۆن لەســـەر سیاســـەتی هەرێمی دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ئاســـیا هێندە کاریگـــەرە هەربۆ نموونە تایوان کە هاوشێوەی هەرێمی کوردستان بارێکی تایبەتی هەیە، بۆ یەکلایکردنەوەی کێشـــەکان لەگـــەڵ پەکین هانا بۆ تۆکیۆ دەبات، هەروەها لەسەر ئاستی چارەســـەرکردنی هەڕەشەکانی کۆریای باکـــوور ئەمەریکا ناتوانێت رۆڵـــی ژاپۆن لەبەرچاو نەگرێـــت و لەهەموو ئەو کۆبوونەوانەی کە بۆ داماڵینی چەکە نێوکلیارییەکانی کۆریای باکـــوور رێکدەخرێت، ژاپۆن یەکێکە لەو دەوڵەتانەی ئامادەبوونی هەیە و هەڵوێستەکانیشی بەڕێزەوە لەبەرچاو دەگیرێت.

ئەم پێگە هەرێمیەی ژاپۆن، لەســـەر ئاستی رۆژهەڵاتی ئاسیا یەکەمجار ژاپۆنی کردە ســـوپەر پـــاوەری هەرێمی و دواتریش لەسەر ئاســـتی جیهان بەتایبەتی دەوڵەتانی پیشەسازی گەورە G٧ ئەو دەوڵەتەی کە نەخشـــەی سیاســـەتی ئابووری جیهان دادەڕێژێت.

## بۆچی دەوڵەتانی ئاسیای رۆژهەڵات رێزی ژاپۆن دەگرن

دەوڵەتی چین، کە گەورەتریـــن دەوڵەتی جیهانە لەرووی ژمـــارەی دانیشـــتوانەوە و یەکێکـــە لە پێنـــج ئەندامە هەمیشەییەکەی ئەنجومەنی ئاسایش و مێژوویەکی شەڕو خوێنـــاوی لەگەڵ ژاپۆندا هەیە و ئێســـتاش هەندێك لە هاووڵاتیانی ژاپۆنی و چینی لەســـەر ئەو رابردووە چاو لەیەکتری سووردەکەنەوە و هەوڵدەدەن پەیوەندییەکانی نێوان چیـــن و ژاپۆن ئاڵۆز بکەن «وەك ئەو کتێبانەی لەم چەند ساڵەی دوایی کە لە ژاپۆن چاپکران هاووڵاتییانی چینی نیگەران کرد». بەڵام لەبەر ئەوەی سیستەمی حوکمڕانی ژاپۆن ئامانجی بەرەو پێشەوە بردن و گەشەسەندنی ژاپۆن و ناوچەکەیـــە، دەبینین کۆماری چیـــن رێزی دەوڵەتی ئێســـتای ژاپۆن دەگرێت و تەنانەت کە ژاپۆن پشتگیری لە تایـــوان دەکات بۆ ئەوەی نەگەڕێتـــەوە بۆ چین هیچ ئاژاوەیەك دروست نابێت.

ئێســـتا پڵنگەکانـــی رۆژهەڵاتـــی ئاســـیا، لـــە رووی گەشەسەندنی ئابوورییەوە هەموو جیهانی سەرسام کردووە،

گواســـتنەوەی ئەزموونی ژاپۆن بۆ ئەو وڵاتانە، ژاپۆن بە ناردنی کۆمپانیا و سەرمایەدارەکانی بۆ ئەو وڵاتانە، ئەو وڵاتانەی کردووە بە بەشـــێك لە ئیمپراتۆریەتی ئابووری، ئـــەم وڵاتانە هەر ئـــەو وڵاتانە بوون کـــە ئامادەبوون بە ملیۆنەها کەســـیان لێ بکوژرێت بـــە مەرجێك ژاپۆن لە وڵاتەکانیاندا نەبێت، کەچی ئێستا ئامادەن هەموو هەوڵێك بدەن بۆ ئەوەی کۆمپانیا و سەرمایەگوزارەکانی ژاپۆن لە وڵاتەکەیاندا بمێنێتەوە.

کەواتە ئەگەر لەم راستەوە سەیری رەفتاری تورکیا لەسەر ئاستی هەرێمی و جیهان بکەین، راســـتە هەرێمی کوردستان یان سوریا ناتوانن لە ئاستی هەڕەشە و دەستدرێژییەکانی تورکیا بەرامبەر بن، راستە ســـوپای تورکیا دەتوانێت چەند پردێکی پەڕینەوەی هاووڵاتییان تێکبدات، کە هەر ئەندازیارانی خۆماڵی کوردستان دروســـتیان کـــردووە «وەك بۆ ئەم راپۆرتە تیمـــی ئەندازیاری بەڕێوەبەرایەتی رێگاوبانی پارێزگای دهۆك پێی راگەیاندین» ئەو پردانە لە ماوەی کەمتـــر لە مانگێك چاکدەکرێتەوە، بەڵام پردی متمانەی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردســـتان بەئاسانی چاکناکرێتەوە.

بۆ هەڵسەنگاندنی زیاتری ئەم پرسە لە سەر ئاستی چاودێرانی نێودەوڵەتی، گوڵان پەیوەندی بەم بەڕێزانە کرد:

١- د.محەمەد نوردەین، پسپۆر و تایبەتمەندی دۆسێی تورکیا لەسەر ئاستی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

٢- پرۆفیســـۆر هنری بارکی، پســـپۆرو تایبەتمەندی دۆسێی تورکیا لەسەر ئاستی ئەمەریکا و جیهان

٣- رۆژنامەنووس داڤید ئیگتاتۆس، ستوون نووسی بەناوبانگی واشنتۆن پۆست و چاودێری سیاسی لەسەر بارودۆخی عێراق و تورکیا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

بۆ هەڵســـەنگاندنی ئەو زیانانەش، کە لە ئاکامی هێرشەکەی تورکیا بەهەرێمی کوردســـتان کەوتوون، گوڵان پەیوەندی کرد بەم بەڕێزانەوە:

١- تەمەر رەمەزان، پارێزگاری دهۆك.

٢- عومەر ئیبراهیم، بەڕێوەبەری گشتی رێگاوبان لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان

٣- ئەندازیار دێوالی، بەڕێوەبەری چاککردنەوەی پرد و رێگاوبان لە بەڕێوەبەرایەتی رێگاوبانی دهۆك.

**تورکیا بە حیساب زیاتر لە ٥٠ ساڵە ئەندامی ناتۆیە و گەورەترین دەوڵەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، تا ئێستا بۆ هیچ پرۆسەیەکی سیاسی ناوچەکە بانگهێشت نەکراوە، بەتایبەتی بۆ پرۆسەی ئاشتی نێوان عەرەب- ئیسرائیل، لەکاتێکدا تورکیا تەنیا دەوڵەتی ئیسلامی گەورەی غەیرە عەرەبە لەگەڵ عەرەب و ئیسرائیل پەیوەندی هەیە**

# د. محەمەد نورەدین پسپۆڕ لەسەر دۆسیێ تورکیا بۆ گوڵان:



■ د. محەمەد نورەدین یەکێکە لەو ئەکادیمیانەی کە پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر دۆسیێ تورکیا و بەردەوام وتارەکانی لەسەر کێشەکانی کورد و تورکیا لە رۆژنامەکانی لوبنان و کەنداو و لەندەن بڵاو دەکاتەوە.

د. محەمەد نورەدین پسپۆڕە لە مێژووی دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی کەمالی تورکیا و هەروەها لەسەر رەوشی ئێستای تورکیا لەگەڵ یەکێتی ئەورووپا و هەڕەشە و دەستدرێژییەکانی بۆ سەر هەرێمی کوردستان.

گوڵان کە بەردەوام لەسەر کێشەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستان پەیوەندی پێوە دەکات، ئەمجارەش دوای هێرشی زەمینیەکەی تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستان پەیوەندی بە د. محەمەد نورەدین کرد و بەڕێزی بەمجۆرە بۆ چوونەکانی خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو. ■

## مەبەستی تورکیا لەم ئۆپەراسیۆنە تەنیا پەکەکە نییە

**ئەو هێرشە زەمینییەی تورکیا بۆسەر کوردستان بەرەنجامی رێککەوتنی ئەردۆگانە لەگەڵ بوش**

*** سووپای تورکی دەستی کرد بە هێرش کردن بۆ سەر خاکی هەرێمی کورردستانی عێراق، ئەویش بە بیانۆی PKKە. ئایا بەڕێزت تێڕوانینت چییە بەرامبەر بەم هێرشە سەربازییەی کە لەسەر هەرێمی کوردستانی عێراق کراوە؟**

- سەرەتا، بڕوا ناکەم ئەم پرۆسەیە رووداوێکی کتوپڕ و نوێ بێت، بەڵکو لەسەر رێچکەی ئاسایی خۆی رۆیشتووەو پرۆسەیەکە کە لە کۆتاییەکانی ساڵی رابردووەوە دەستی پێ کردووە. ئەویش لەدوای رێککەوتنێك لەنێوانی سەرۆکی حکومەتی تورکیا، رەجەب تەیب ئەردۆگان لەگەڵ سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا جۆرج بۆش. بەڵام جیاوازییەکەی ئەم پرۆسەیە ئەوەیە کە پرۆسەیەکی زەمینییە، لەبەر ئەوەی پرۆسەکانی پێشوو هێرشی ئاسمانی بوونە. بەڕای من، مەبەستی سەرەکی لەدواوەی ئەم پرۆسەیە بریتییە لە دانانی PKK لەژێر فشارێکی بەردەوام بۆ ئەوەی هیچ مەجالێکیان بۆ نەمێنێتەوە بۆ هەناسەکێشان. لەبەر ئەوەی، هەموو ساڵێك و لەم کاتانەدا، لەگەڵ کۆتایی وەرزی زستان و هاتنی وەرزی بەهار، چەکدارەکانی PKK چالاك دەبنەوەو دەست دەکەن بە ئەنجامدانی هێرشەکانییان لەدژی حکومەتی تورکیا.

**ژەنراڵەکان و حکومەتی تورکیا رێککەوتوون کە کاروبارەسەربازییەکان بۆ سوپا بەجێبهێڵرێت**

*** هەموو سەرکردە سیاسییەکانی عێراق، تەنانەت لە کوردستانیش، هەموویان بانگێشتی تورکیا دەکەن بۆ دۆزینەوەی رێگاچارەیەکی ئاشتییانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، نەك بە رێگاچارەیەکی سەربازی. بەڵام جەنەراڵە تورکەکان جەخت دەکەنەوە لەسەر بەکارهێنانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی. ئایا، بەڕای تۆ، بۆ چی تورکیا جەخت دەکاتەوە لەسەر بەکارهێنانی رێگاچارەی سەربازی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان؟**

- بێ گومان ئەوە شتێکی ئاشکرایەو هەموومان دەزانین کە لەناو تورکیا جۆرە دابەشبوونێك هەیە لە بیروڕا لەسەر چۆنییەتی چارەسەرکردنی کێشەی پارتی کرێکارانی کوردستان و پرسی کورد بەشێوەیەکی گشتی. کاتێك حکومەتی تورکیا نارازی بوو لەسەر ئەنجامدانی هەر هەڵوێستێکی سەربازی لەدژی هەرێمی کوردستانی عێراق، سوپا فشاری دەخستە سەر حکومەت بۆ ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی سەربازی. بەڕای من، ئێستا هەردوو لایەن گەیشتوونەتە جۆرە رێککەوتنێکی مامناوەندی، کە بریتییە لە بەجێهێشتنی کاروبارە سەربازییەکان بۆ سوپا. بەڵام بە سەرپەرشتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، کە دەبێت ئۆپەراسیۆنەکانیان سنووردار بێت. لەگەڵ بەردەوامبوونی حکومەتی تورکیا لەسەر رۆیشتن لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق. بۆیە، وابزانم هەمان ئەو مەبەستەیە کە لە رووداوە، ئەویش دوای ئەو بانگێشتەی کە سەرۆك کۆماری عێراق وەریگرتووە لە هاوتا تورکییەکەی بۆ ئەنجامدانی سەردانێك بۆ تورکیا، بەڕای من ئەوە گرنگترین هەنگاوە.

**مەبەستی سەرەکیی تورکیا لە ئەنجامدانی ئەم ئۆپەڕاسیۆنە سەربازییانە بەتەنها پەکەکە نییە بەڵکو هەوڵدانە بۆ گەڕانەوەی تورکیا بۆ نێو بازنەی پێشهاتە سیاسییەکانی عێراق**

*** ئێستا جۆرە تێگەیشتنێك لەنێوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق لەسەر دۆزینەوەی رێگاچارەیەك بۆ چارەسەرکردنی کێشەی شاری کەرکووك دروست بووە. ئایا هۆکارەکان چین کە**

**بەتایبەتی لەم کاتانەدا حکومەتی تورکیا دەستی کرد بە ئەنجامدانی پرۆسە سەربازییەکانی؟ ئایا هیچ پەیوەندییەکی هەیە لەگەڵ جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠و گەڕاندنەوەی شاری کەرکووك بۆ سەر هەرێمی کوردستان؟**

- ئەگەر ئۆپەڕاسیۆنە سەربازییەکانی تورکیا هەر چ شێوەیەکی وەرگرتبێت، گەر ئاسمانی بێت، یان زەمینیی، یان هەر چ شێوەیەکی تر، بە رای من، تەنها پارتی کرێکارانی کوردستانی نەکردووەتە ئامانج. بەڵکو، جەنەڕاڵە تورکەکان، زۆر جار ئاشکرایان کردووەتەوە کە PKK مایەی کۆنترۆڵ کردنەو دەتوانن بیخەنە ژێر کۆنترۆڵی سەربازییەوە. بەڵام گەورەترین گرفتی تورکیاو جەنەڕاڵەکانی بریتییە لە هەبوونی کیانێکی کوردی لە باکووری عێراق. روون و ئاشکرایە کە مەبەستی سەرەکیی تورکیا لە ئەنجامدانی ئەم ئۆپەڕاسیۆنە سەربازییانە بریتییە لە گەڕانەوەی بۆ نێو بازنەی پێشهاتە سیاسییەکانی عێراق، لەبەر ئەوەی لەدوای رووخانی رژێمی پێشوو و داگیرکردنی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ عێراق و دەرچوونی تورکیا لە بازنەی پێشهاتە سیاسییەکانی عێراق، ئەمرۆ تورکیا دەیەوێت بەڕێگاچارەی سەربازی و لەڕێگای بەکارهێنانی هێز دووبارە خۆی بسەپێنێت بەسەر رووداو پێشکەوتنە سیاسییەکانی ناوچەکە. هەروەها بۆ ئەوەی خۆی بسەلمێنێت بەرامبەر بە کوردەکانی عێراق کە بوونیان هەیە لە ناوچەکەو پێویستە حیسابیان بۆ بکرێت و رەچاوی بەرژەوەندییەکانیان بکرێت لە ناوچەکە.

**ڕەزامەندیی ئەمەریکا لەسەر دەستێوەردانی سەربازی لە تورکیا، لە پەیمانێک سەری هەڵدوە کە تورکیا پەیمانی بە ئەمەریکا داوە لە ئایندەدا بەشێوەیەک دان دەنێت بە شەرعییەتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا**

*** بە پێی بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، ئەمڕۆ عێراق وڵاتێکی داگیرکراوە و لەژێر دەسەڵاتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە. ئایا، هۆکارەکان چین کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا رەزامەند بووە لەسەر هێرشە سەربازییەکانی حکومەتی تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستانی عێراق؟ ئایا ئەمە مانای ئەوە دەگەیەنێت کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دووبارە پشت لە کوردەکان بکات؟**

- نەخێر من بەو شێوەیە بیر ناکەمەوە. لەبەر ئەوەی هەر لەسەرەتای بڕیارەکەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ داگیرکردنی عێراق. کوردەکان دۆستی سەرەکی بوون کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پشتی پێی دەبەستی لە پرۆسەی داگیرکردنەکە. بۆیە، سەبارەت بە رەزامەندیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەسەر دەستێوەردانی سەربازی لە لایەنی تورکیاوە لە کاروبارەکانی عێراق، لە پەیمانێك سەری هەڵداوە لە لایەنی تورکیاوە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کە بەشێوەیەك دان دەنێت بە شەرعییەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەمە لە لایەنێکەوە، کە پرسیارێکە سەرجەم تورکیای گرتۆتەوە و هەموویان ئەو هزرەیان هەیە. لە لایەنێکی ترەوە، هەندێ لایەن بڕوایان وایە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا باجی ئەو رەزامەندییە وەردەگرێت، بە ناردنی هێزی سەربازیی تورکیا بۆ ئەفغانستان، مەبەست لە ناردنی هێزەکانی تورکیا لە چواچێوەی هێزەکانی پەیمانی ناتۆدا، بە تایبەتی لەدوای نارەزایی وڵاتە بەشداربووەکان لەو ناوچەیە بۆ ناردنی هێزی زیاتر.

**لەبەر ئەوەی تورکیا نکۆڵی لەبوونی کورد دەکات لەم ئۆپەراسیۆنەشدا سەرکەوتوو بیت هەر دەگەڕێتەوە خاڵی سفر**

*** دوایین پرسیارمان پەیوەستە بە پرسی کورد لە تورکیا. حکومەتی تورکیاو جەنەڕاڵەکانی بەردەوامن لە هەوڵدان بۆ لاوازکردنی رۆڵی کورد لە تورکیا. ئەویش بە بیانۆی پرسی PKKە. ئەمڕۆ DTP پارتێکی کوردییە لە پەرلەمان و مۆڵەتی وەرگرتووە، هەروەها رۆڵی هەیە لە پەرلەمانی تورکیا. ئایا حکومەتی تورکیاو ئیدارەی ئەردۆگان چ مەبەستێکی هەیە لە تواندنەوەی رۆڵی کورد لە تورکیا بە بیانۆی PKK؟**

- تورکیا بەردەوامە لە بەکارهێنانی گەمە ئاساییە پێشووەکەی، ئەویش جوداکردنەوەی پارتی کرێکارانی کوردستان لە بنەما جەماوەرییەکەی لەنێو هاووڵاتییە کوردەکانی تورکیا. هەروەها بەردەوامن لەسەر باسکردنی ئەوەی کە جۆرە جیاوازییەك هەیە لەنێوانی ئەو میتودەی کە PKK پەیڕەوی دەکات، بێ گومان ئەویش بە پێی لێدوانە فەرمییەکانی حکومەتی تورکیا، لەگەڵ تێڕوانینی کوردەکانی تورکیا کە پشتگیری دەکەن لە پارتی عەدالەت و گەشەپێدان. لێرە پرسیارێك دێتە پێشەوە، گەر بێت و تورکیا سەرکەوتوو بێت لە لەناوبردنی هەموو چەکدارەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان و بنبڕکردنی هەموو بنکەکانیان لە هەرێمی کوردستانی عێراق و چیاکانی قەندیل، ئایا هەنگاوی دواتری چی دەبێت؟ بەڕای من، دوای ئەوە، دووبارە دەگەڕێتەوە خاڵی سفر. لەبەر ئەوەی کێشەی کورد کەوتووەتە ناو چوارچێوەی خاکی تورکیاو حکومەتی تورکیا هەردەم ناڕازییە لەسەر نکۆڵی کردن لەسەر هەبوونی نەتەوەیەك کە ناوی نەتەوەی کوردە لە ناو خاکی تورکیا، کە نەتەوەیەکە خاوەن مافی رۆشنبیری و کەلتووری و لایەنەکانی تر لە مافەکانی کوردەکان. بۆیە، پێویستە ئەنقەرە واز بێنێت لەم سیاسەتەی ئێستای لە نکۆڵی کردن، کە نزیکەی ٨٠ ساڵە لەدژی کوردەکان پەیڕەوی دەکات لەپێناوی سەقامگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە وڵاتەکە.

**ئەگەر ئۆپەراسیۆنەکە سنووردار بێت لەوانەیە هەرێمی کوردستان تێگەیشتنێکی هەبێت بەڵام ئەگەر سنووردارنەبیت ئەوا تێگەیشتنیش نامێنێت**

*** بەڕێزت وەکو پسپۆڕێك لەسەر کاروبارەکانی تورکیا، ئایا کوردەکانی عێراق چ رێگایەك بگرنە بەر بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ هەڕەشەکانی تورکیا؟ ئایا، ئەگەرێك هەیە بۆ داگیرساندنی جەنگ لەنێوانی سوپای تورکی و پێشمەرگەی کوردستان؟ باری ئەمڕۆی هەرێمی کوردستانی عێراق چۆن دەبینیت؟**

- بەڕای من، گەر بێت و ئۆپەڕاسیۆنە سەربازییەکەی سووپای تورکیا سنووردار بێت و تەنها چەند ناوچەیەکی جوگرافی بگرێتەوەو لەچوارچێوەی ماوەیەکی کاتی دیاریکراو بێت، هەروەها زۆر بە قووڵایی خاکی هەرێمی کوردستان نەڕوات، ئەوە لەوانەیە کوردەکانی هەرێمی کوردستان جۆرە تێگەیشتنێکیان بۆ دروست بێت لەسەر بارەکە. بەڵام، گەر بە پێچەوانەوە بێت، ئەوە بڕواناکەم بارەکە لە بازنەی تێگەیشتن بمێنێتەوەو لە چوارچێوەی ئاشتی و تێگەیشتن دەردەچێت. بێ گومان ئەو کاتە جەنگ و پێکدادان دروست دەبێت. بەڵام بێ گومان ئەو شتەش روونادات، لەبەر ئەوەی چەند ڕێساو بنەمایەك هەیە، پێش هەموو شتێك، ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی و کوردی هەیە کە هەرگیز رێگا نادەن بەم جۆرە دەستێوەردانە لە قووڵایی خاکی عێراق و خاکی هەرێمی کوردستان. سەرەڕای سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کە هەرگیز رێگا نادات بە دروست بوونی ئەم جۆرە دەستێوەردانانە لە قووڵایی خاکی هەرێمی کوردستانی عێراق لە لایەنی سووپاو هێزەکانی تورکیا.

●●●
**ئەم هێرشە زەمینییەی تورکیا بۆ سەر کوردستان بەرەنجامی رێککەوتنی ئەردۆگانە لەگەڵ بوش**
●●●

●●●
**هەموو هەوڵی تورکیا بۆ ئەوەیە بگەڕێتەوە ناو پێشهاتە سیاسیەکانی عێراق**
●●●

●●●
**پێویستە ئەنقەرە واز بێنێت لەم سیاسەتەی ئێستای لە نکۆڵی کردن، کە نزیکەی ٨٠ ساڵە لەدژی کوردەکان پەیرەوی دەکات لە پێناوی سەقامگیریی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە وڵاتەکە**
●●●

●●●
**ئەمەریکا هەرگیز رێگا نادات بە دروست بوونی ئەم جۆرە دەستێوەردانانە لە قووڵایی خاکی هەرێمی کوردستانی عێراق لە لایەن سوپاو هێزەکانی تورکیا**
●●●

## پرۆفیسۆر هنری-جی- بارکی شرۆڤەکارو چاودێری تورکیا لە ئەمەریکا بۆ گوڵان:



●●●
لەم بارودۆخەدا حکوومەتی عێراق هیچی پێناکرێت، تەنها ئەوەندە نەبێت رەخنە لە تورکیا بگرێت
●●●

●●●
تورکیا وتووێژکردنی لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە بە دانناں بە حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەزانێت
●●●

●●●
لە کۆتاییدا هەردەبێت تورکیا ئەم کێشەیە بە رێگەچارەی ئاشتی چارەسەر بکات
●●●

# پرسی کورد لە تورکیا زۆر لە پەکەکە گەورەترەو بە سنووربەزاندنیش کێشە ناوخۆییەکانی تورکیا چارەسەر ناکرێن

■ پرۆفیسۆر هنری بارکی کە لەسەر ئاستی ئەمەریکا بە یەکێك لە توێژەرە بەناوبانگەکانی دۆسێی تورکیا دادەنرێت، خاوەنی چەندین کتێبە لەسەر تورکیاو کێشەی کورد لە تورکیاو لە ساڵی «١٩٩٨» لەگەڵ گراهام فۆلەری کۆنە ئەفسەری CIA کتێبێکیان بە هاوبەشی لەسەر مەسەلەی کوردی تورکیا نووسیووە، بەناوی مەسەلەی کوردی تورکیا the Turkeys Kurdish queslion

هەروەها لە ساڵی ١٩٩٦ کتێبێکی دیکەی بە ناونیشانی Reluctank Neighbor: Turkeys Role in the Middle east

پرۆ فیسۆر بارکی، بەردەوام بۆچوون و بەدواداچوونی خۆی لەسەر تورکیا لە رۆژنامەو گۆڤارە بەناوبانگەکانی ئەمەریکاە بڵاودەکاتەوە، سەبارەت بەم هێرشە زەمینییەی تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستان پرۆ فیسۆر هنری بارکی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن. ■

## لەبەر ئەوەی هەلومەرجەکە گونجاو نییە ئۆپەراسیۆنەکە سنووردار دەبێت

***تێڕوانینی ئێوە چییە لەسەر سنووربەزاندن و هێرشی زەمینی سوپای تورکیا بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان؟**

من پێموانییە ئۆپەراسیۆنێکی بەربڵاو بێت بە چەشنێك ژمارەیەکی گەورەی سوپای تورکیا بێتە قوڵاییەوە لەبەر ئەوەی هەلومەرجەکە بۆ هێرشێکی بەرفراوان گونجاو نییە.

## ئەمەریکا خوازیارە تورکیا بە ڕەوتێکی خێرا ئۆپەراسیۆنەکەی ئەنجام بدات و بکشێتەوە

***پێشبینی دەکەیت هەڵوێستی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا چی دەبێت؟**

-من پێم وایە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا خوازیارە تورکیا بە ڕەوتێکی خێرا ئۆپەراسیۆنەکەی ئەنجام بدات و بکشێتەوە. واتە ئۆپەراسیۆنێکی کورتخایەن بێت و زۆر درێژە نەکێشێت.

## تورکیا بە بیانووی پەکەکە سنووری بەزاندووە

***بە پێی بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەمەریکا بەرپرسە لە سەقامگیری عێراق، هێرش و سنووربەزاندنی سەربازی تورکیاش دەبێتە هۆی شڵەژاندنی سەقامگیری هەرێمی کوردستان، پێتوایە ئەمەریکا بەردەوام دەبێت لەسەر درێژەپێدانی هەڵوێستی بێدەنگی لە ئاست تورکیادا؟**

- لێرەدا دوو لێکدانەوە هەیە بۆ یاسای نێودەوڵەتی، لەبەر ئەوەی، ئەوەی ئێوە دەیڵێن شتێکی ڕاست و دروستە، لەلایەکی دیکەشەوە تورکیا پێیوایە بەپێی یاسای نێودەوڵەتی مافی بەرگری لە خۆکردن و کاردانەوەی هەیە. لەبەر ئەوەی گەر پەکەکە لە باکووری عێراقدا نەبووایە تورکیا مافی ئەوەی نەدەبوو هێرش بکات و سنوور ببەزێنێت.

## پرسی کورد زۆر لە پەکەکە گەورەترە بەسنووربەزاندن کێشەکانی ناوخۆی تورکیا چارەسەرناکرێن

*** نزیکەی بیست ملیۆن کورد لە تورکیادا دەژین، ئایا پێتوایە لەناوبردنی پەکەکە لەلایەن تورکیاوە دەبێتەهۆی چارەسەرکردنی پرسی کورد لە تورکیادا؟**

- بە دڵنیاییەوە نەخێر، پرسی کورد زۆر لە پەکەکە گەورەترە. هەروەها بە تەنیا بوونی پەکەکە لە باکووری عێراقدا تەنها کێشەی تورکیا نییە، بەڵکو ئەوە تەنها بەشێکی کێشەکەیە. تورکەکان ناتوانن بەهۆی سنووربەزاندنەوە کێشەی ناو وڵاتەکەی خۆیان چارەسەر بکەن.

## حکوومەتی عێراق هیچی پێناکرێت تەنها دەتوانێت ڕەخنە بگرێت

***ئایا هەڵوێستی حکوومەتی ناوەندی چی دەبێت لە ئاست ئەو سنووربەزاندن و هێرشە سەربازییەدا؟**

- حکوومەتی عێراقی ڕەخنە لەو بڕیارەی حکوومەتی تورکیا دەگرێت لەبەر ئەوەی نایەوێت ئەمە ببێتە پێشینەیەك بۆ وڵاتانی دیکە بۆ ئەوەی هەمان هەڵوێست بگرنەبەر. بەڵام لە ڕاستیدا حکومەتی ناوەندی ئامادەبوونێکی زۆری لەو ناوچەیەدا نییە لەبەر ئەوە کارێکی زۆری لە دەست نایەت. لەبەر ئەوە تەنها دەتوانێت ڕەخنە بگرێت و من نازانم ئایا بەڕێز تاڵەبانی کە بڕیار بوو سەردانی تورکیا بکات گەشتەکەی هەڵدەوەشێنێت یان نا.

## هیچ حکوومەتێک خوازیار نییە دەوڵەتێکی دەرەکی دەست لە کاروبارە ناخۆییەکانی وەربدات

***ئەی ئەگەر تورکیا دەستێوەردانی لە کێشەی کەرکووکدا کرد؟**

-من نازانم هەڵوێستی حکوومەتی ناوەندی چی دەبێت، بەڵام هیچ حکوومەتێك خوازیار نییە دەوڵەتێکی دەرەکی دەست لە کاروبارە ناخۆییەکانی وەربدات. کێشەیەکی دیکە هەیە کە بایەخێکی کەمی پێدراوە ئەویش ئەوەیە کە تورکیا بۆ ماوەیەکی دوورودرێژە لەو ناوچەیەدا بوونی هەیە و نازانرێت ئایا داوای لێدەکرێت ئەو ناوچەیە بەجێبهێڵێت یان نا.

## تورکیا وتووێژ لەگەڵ هەرێمی کوردستان بەدانانان بە هەرێمی کوردستان لە قەڵەم دەدات

***بەڵام سەرکردە عێراقی و کوردەکان ڕایانگەیاندووە ئامادەی گفتوگۆکردنن لەگەڵ تورکیادا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی پەکەکە بەشێوەیەکی ئاشتییانە، بۆچی تورکیا پێداگیری دەکات لەسەر چارەسەری سەربازی؟**

- لەبەر ئەوەی تورکیا نیگەرانە لەوەی ئەگەر ڕێگەی وتووێژ لەگەڵ هەرێمی کوردستان بگرێتەبەر و هاوکاری لەگەڵ کوردەکاندا کرد، ئەمە دەبێتە شەرعییەتپێدان بەو بارودۆخەی لە کوردستاندا هەیە.

لە کۆتاییدا هەردەبێت بەرێگەچارەی ئاشتی ئەم مەسەلەیە چارەسەر بکرێت.

***کەواتەچۆن پەیوەندییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی تورکیا دەبینیت لەم بارودۆخەدا؟**

-من هیوای ئەوەم دەخواست کە بارودۆخەکە بە ئاراستەیەکی باشتردا بڕۆیشتایە بەتایبەتی کە بڕیار بوو سەرۆك تاڵەبانی سەردانی تورکیای بکردایە. هەروەها من پێموایە لە کۆتاییدا هەر دەبێت چارەسەرێك بۆ ئەو کێشەیە بدۆزرێتەوە.

●●●

**پێموانییە ئۆپەراسۆنێکی بەربڵاو ئەنجام بدرێ بە چەشنێک ژمارەیەکی گەورەی سوپای تورکیا بێتە قوڵاییەوە لەبەر ئەوەی هەلومەرجەکە بۆ هێرشێکی بەرفراوان گونجاو نییە**

●●●

●●●

**ئەمەریکا خوازیارە تورکیا بە ڕەوتێکی خێرا ئۆپەراسیۆنەکەی ئەنجام بدات و بکشێتەوە. واتە ئۆپەراسیۆنێکی کورتخایەن بێت**

●●●

داڤید ئیگناتۆس ستوونووسی بەناوبانگی واشنتۆن پۆست بۆ گوڵان:



# گفتوگۆی گرنگ بۆ چارەسەری ئەم سنووربەزاندنەی تورکیا لە نێوان ئەمریکا و بارزانی و تاڵەبانیدا دەبێت

■ داڤید ئیگناتۆس یەکێکە لەو ستوونووسە بەناوبانگانەی واشنتۆن پۆست کە بەردەوام لەسەر کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراق دەنووسێت و، نووسینەکانیشی لەسەر ئاستی جیهان و بڕیارسازانی ئەمریکا بایەخی پێدەدرێت و حسابی وردی لەسەر دەکرێت. لە مانگی رابردوو لە ستوونێکیدا کە بەناونیشانی تواناکان بۆ رووخانی مالکی رێکدەخرێن بڵاو کردەوە و تیایدا باسی گوشاری هاوپەیمانی کوردستانی کردبوو دژی مالکی، ئەوە بوو گوڵان وتووێژێکی تێروتەسەلی لەگەڵ کردو، ستوونەکەی و وتووێژەکەی پێکەوە بڵاوکردەوە، هەر لەسەر ئەم ستوونە بێجگە لە وتووێژەکەی گوڵان، لەسەر ئاستی ئەمریکا رایان کرۆکەر و ژنراڵ پەتریۆس وەڵامیان دایەوە، لەسەر ئاستی عێراق وتەبێژی رەسمی حکومەتی عێراق، لەسەر ئاستی هاوپەیمانی کوردستانیش د. فوئاد مەعسوم وەڵامیان دایەوە، هەر بۆیە دوای هێرشە زەمینییەکەی تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستان، گوڵان جارێکی دیکە پەیوەندی بە ئیگناتۆس کرد و بەڕێزی بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی. ■

### ئەمەریکا ڕێگەی لە تورکیا نەگرتووە بۆ جێبەجێکردنی ئەم داگیرکارییە

*** تێڕوانینی ئێوە چیە لەسەر سنووربەزاندن و هێرشی زەمینی سوپای تورکیا بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان؟**

-وڵاتــە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە تورکیای ڕاگەیاندووە کە ئەمەریکا کێشـــەی پەکەکە بە جیددی وەردەگرێت و پشتیوانی لــە کردەوەکانی تورکیــا دەکات دژی پەکەکە بە هۆی پێدانی زانیاری هەواڵگـــری و ڕێگەدان بە تورکیــا تاوەکو لە خاکی عێراقدا ئۆپەراســیۆن بکات. ئەمڕۆش تورکیا رایگەیاندووە کە پێشتر ئەمەریکای ئاگادار کردۆتەوە لە ئەنجامدانی هێرشەکەی، ئەمەریکاش ڕێگەی لە تورکیا نەگرتووە بۆ جێبەجێکردنی ئەم داگیرکارییە.

### گفتۆگۆی گرنگ بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەم ئۆپەراسیۆنە لەنێوان ئەمریکاو تاڵەبانی و بارزانیدا دەبێت

***بە پێی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشـــی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەمەریکا بەرپرسە لە سەقامگیری عێراق، هێرش و سنوربەزاندنی ســەربازی تورکیاش دەبێتە هۆی شـڵەژاندنی سەقامگیری هەرێمی کوردســتان، پێت وایە ئەمەریکا بەردەوام دەبێت لەسەر درێژەپێدانی هەڵوێستی بێدەنگی لە ئاست تورکیادا؟**

ئەمەریکا لەبەردەم هەل و مەرجێکی ناســك و هەســتیاردایە، لەبەر ئەوەی لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکان بەرپرسیارێتی عێراق و کوردستان خراوەتە ئەستۆی ئەمەریکا. من پێم وایە گفتوگۆ قورســەکە لە نێوان ئەمەریکا و ئەندامە کوردەکانی حکومەتی عێراقدا دەبێت، بــە دیاریکراوی لەگەڵ بەڕێــزان تاڵەبانی و بارزانیدا، بە تایبەتی ئایا هەوڵ و کۆششی نوێ دەگرنەبەر بۆ کۆنترۆڵکردنی پەکەکە بە چەشنێك ئەمەریکا لە هەڵوێستێکی باشــتردا دەبێت بۆ ئەوەی بە تورکیا رابگەیەنێت کە پێویســتە سوپاکەی بکشێنێتەوە و ئۆپەراسیۆنەکانی رابگرێت.

### بۆ ئەوەی گفتوگۆکان لەگەڵ تورکیا سەرکەوتووبن پێویستە سەرکردە عێراقی و کوردەکان بەرەیەکی یەکگرتوو پێکبهێنن

***بەڵام سەرکردە عێراقی و کوردەکان رایان گەیاندووە ئامادەی گفتوگۆکردنن لەگەڵ تورکیادا بۆ چارەســەرکردنی کێشــەی پەکەکە بە شــێوەیەکی ئاشــتییانە، بۆچی تورکیا پێداگیری دەکات لە سەر چارەسەری سەربازی؟**

- باشــترین چارەسەر بریتیە لە دەســتپێکردنی گفتوگۆکان لە نێوان حکومەتی عێــراق کە لە لایەن وڵاتــە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە پشــتیوانی کرابێت لەگەڵ حکومەتی تورکیدا بۆ دۆزینەوەی ڕێگەی نوێ بۆ کۆنترۆڵکردنی پەکەکە بە شێوەیەك تورکیا دڵنیابێت چیتر لە لایەن پەکەکەوە هەڕەشــەی لێناکرێت لە ســنوورەکانی عێراق و تورکیاوە. بۆ ئەوەی ئەو گفتوگۆیانە ســەرکەوتووبن دەبێت ســەرکردە عێراقی و کوردەکان بەرەیەکی یەکگرتــوو پێکبهێنن، کە ئــەوەش تەحەددایەکی گەورەیە کە دەبێت عێراق وەك یەك وڵات رەفتار بکات.



### ئەگەر بە تەنیا وەک حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم کێشەیەدا بەتەنیا روبەڕوبەرووی تورکیا ببێتەوە دووچاری گیروگرفتی زیاتر دەبێت

*** چــۆن پەیوەندییەکانــی حکومەتــی هەرێمی کوردســتان و حکومەتــی تورکیا دەبینیــت لە پەیوەندیدا بــە بارودۆخی ئێستادا؟**

- ئێســـتا پەیوەندییەکان زۆر خراپن، هەموو لایەکیش خوازیاری ئــەوەن خۆیان لە ناکۆکییەکی راســـتەقینە لابــدەن لەو ناوچە ســـنووریانەدا. پێم وایە مەســـەلەکە بۆ کوردســـتان ئەوەیە کە دەبێت بەشــێك بێت لە عێراق و بە هــۆی حکومەتی عێراقەوە گفتوگۆ لەگەڵ تورکیادا بکات کە ئەوەش پێگەیەکی بەهێزتر بە کوردەکان دەدات لە گفتوگۆکاندا، لەبەر ئەوەی گەر بە تەنها وەك حکومەتی هەرێمی کوردستان روبەڕوی مەسەلەکە ببێتەوە دووچاری گیروگرفتی زیاتر دەبێت.

●●●

**ئەمەریکا لەبەردەم هەل و مەرجێکی ناسک و هەستیاردایە، لەبەر ئەوەی لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکان بەرپرسیارێتی عێراق و کوردستان خراوەتە ئەستۆی ئەمەریکا**

●●●

●●●

**پێم وایە مەسەلەکە بۆ کوردستان ئەوەیە کە دەبێت بەشێک بێت لە عێراق و بە هۆی حکومەتی عێراقەوە گفتوگۆ لەگەڵ تورکیادا بکات کە ئەوەش پێگەیەکی بەهێزتر بە کوردەکان دەدات لە گفتوگۆکاندا**

●●●

تەمەر ڕەمەزان پارێزگاری دهۆک بۆ گوڵان:



# ئەو پردانەی فڕۆکەکانی تورکیا رووخاندوونی پردی ستراتیژین و لە سنوورەوە دوورن

- **ئەندازیار عومەر ئیبراهیم بەڕێوەبەری گشتی ڕێگاوبان:**
  **بە رووخانی ئەو پردانە ناوچەیەکی گرنگ دادەبڕێت**
- **ئەندازیار دیوالی حەمێ بریندار بەڕێوەبەری چاککردنەوەی ڕێگە و پردەکان لە بەڕێوەبەرایەتی ڕێگاوبانی دهۆک:**
  **تیمەکانمان سەردانی پردەکانیان کردووە و بە تەواوی رووخێنراون**

### هێرشی سوپای تورکیا سنووردار نەبوو

تورکیا بانگهێشەی ئەوە دەکات هێرشەکەی سنووردارە و زیان بە هاوولاتییان و ژێرخانی هەرێمی کوردستان ناگەیەنێت، هەروەها لەمیدیاکانی خۆیدا ئاماژە بەوە دەکات کەتەنیا ناوچە سنوورییەکانە، بەڵام پاش ئەنجامدانی هێرشەکەی دەبینین، شاڵاوەکەی تورکیا گەیشتۆتە قوڵایی کوردستان و چەندین پردی ستراتیژی لە دەڤەرە جۆراوجۆرەکانی کوردستان رووخاون، سەبارەت بە دەستدرێژی هێزەکانی تورکیا لە قوڵایی هەرێمی کوردستان بەڕێز تەمەر ڕەمەزان پارێزگاری دهۆك بە گوڵانی ڕاگەیاند:

«بێگومان هێزەکانی تورکیا زیانێکی زۆریان لە کۆمەڵێك پردی ستراتیژی داوە، کە چواریان زۆر سەرەکین، ئەمە

بێجگە لە رووخاندنی چەندین پردی پیادە».

ئەم پردانەی کە هێزەکانی تورکیا هێرشـــی کردوونەتەســـەر هێرشی لابەلا یان بە رێکەوت نین لەبەر ئەوەی ئەو پردانەی بەهۆی فرۆکەکانی تورکیاوە رووخاون هەموویان لە ناوچەی زۆر گرنگن و کۆمەڵێك ناوچەی گرنگ پێکەوە دەبەستنەوە و شوێنی پردەکانیش پێویستی بە شارەزایی و دەستنیشانکردنی سەر نەخشە هەیە، هەربۆیە پێدەچێت فرۆکەکانی تورکیا بە دەستی ئەنقەست و بە پیلانی پێشوەختە پلانیان بۆ رووخاندنی ئەو پردانە دانابێت.

## ئامانجی تورکیا لە رووخاندنی ئەم پردانە

ئامانجی ســـەرەکی و دیاری تورکیا لە رووخاندنی ئەم پردە ستراتیژییانە کە هەریەکەیان چەندین ناوچەی گرنگ پێکەوە دەبەســـتێتەوە، بۆ ئەوەیە ئەو ناوچانەی لە دوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاوەدان کراونەتـــەوە، جارێکی تر وێران بکاتەوەو پێداویســـتییەکانی رۆژانە نەگاتـــە ئەو ناوچە تـــازە ئاوەدانکراوانە، دەربارەی بایەخی ئەم پردانە بۆ خەڵکی ناوچەکە و ئامانجی تورکیا، ئەندازیار عومەر ئیبراهیم بەڕێوەبەری گشـــتی رێگەو بان لە وەزارەتـــی ئاوەدانکردنەوەی حکومەتـــی هەرێم گوتی: «ئامانجی حکومەتی هەرێمی کوردســـتان هەر لەسەرەتاوە ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچانەبووە کە پێشـــتر لەلایەن رژێمی پێشووی عێراقەوە کاولکرابوو، بێگومان ئاوەدانکردنەوەی ئەو ناوچە شاخاوی و ســـەختانە پێویستی بە دروستکردنی پرد و رێگاوبان هەیە، هەربۆیە حکومەتی هەرێمی کوردســـتان لەو بارودۆخە ئاڵۆزەدا و بـــەو ئیمکانیەتە کەمەی ئەوکات لەبەردەســـتی بوو، رێگەی گەیاندە ئەو شـــوێنە سەختانە و ئەو پردانەشـــی دروستکردووە بۆ ئەوەی ئەو ناوچانە ئاوەدان بکرێنەوە».

ســـەبارەت بە چۆنیەتی دروستکردنی ئەو پردانە لە کاتێکدا کە کوردستان لە ژێر گەمارۆی دوو ئابلوقە دابووە لەمبارەوە عومەر ئیبراهیم گوتی: «ئەم پردانە بەگشتی و پردی ئاڤا مالکێ بەتایبەتی، ئاســـنە و درێژییەکەی ٤١ م، ئەم پردە لەلایـــەن ئەندازیار و کارمەندانی خۆمانەوە دروســـتکراوە و هەر خۆمان دەزانین چەند پێوەی زەحمەتمان کێشـــاوە، بەڵام بەداخەوە وەك بینیمان ئەو پردە سەرتاپای لەبەریەك هەڵوەشاوە و دەبێت جارێکی دیکە سەرلەنوێ دروستی بکەینەوە».

## سەردانی تیمی ئەندازیاری بۆ پردە رووخاوەکان

ســـەبارەت بە ئاســـتی کاولکاری کە لەو ناوچەیە کراوە و هەوڵەکانی رێگاوبانی هەولێر بۆ سەرلەنوێ چاککردنەوەی پـــردەکان، ئەندازیـــار دیوالی حەمێ بریـنـــدار بەڕێوەبەری چاککردنەوەی پرد و رێگا لـــە بەڕێوەبەرایەتی رێگاوبانی دهـــۆك بەمجۆرە بـــە گوڵانی راگەیاند: «بـــۆ ئەوەی لە نزیکـــەوە ئاگاداری ئـــەو زیانانە بین کە بـــەر ئەو پردانە کەوتـــوون، تیمێکی ئەندازیاریمان رەوانـــە کرد، بەڵام لەبەر باری ئاسایش تەنیا توانیویانە سەردانی پردی ئاڤا مالکێ بکەن کە یەکێکە لە پردە ســـتراتیژییەکان، زۆریش دوورە لە سنوورەوە، بەگشتی بەمجۆرەیە:

لـــەو ناوچەیە کـــە ناوچەیەکی شـــاخاوییە چەندین پردی گرنگی ســـتراتیژیمان دروستکردووە، بەداخەوە ٤ پرد لەوانە بە بۆمبای فرۆکەکانی تورکیا رووخێنراون و چەند پردێکی دیکـــەی پیـــادەش رووخێنراون ئەو چوار پردە ســـەرەکیەش ئەمانەن:

### ١. پردی ئاڤا مالکێ

ئـــەم پـــردە پردێکـــی زۆر گرنگە و تـــەواوی ناوچەکانی شیلادزێ، گەلی باڵندە بۆ مێرۆ، رێکان، بۆ دۆسکی ژێرێ بۆ مزوری ژێرێ پێکەوە گرێدەداتەوە.

### ٢. پردی سێدان

ئەم پردەش ناوچەکانی شیلادزێ بۆ دەڤەری بارزان و مزوری ژێرێ پێکەوە گرێدەداتەوە.

### ٣. پردی شاجا، یان پردی پێ بەرخا

ئـــەم پردە تـــەواوی گوندەکانـــی دەڤەری رێـــکان پێکەوە دەبەستێتەوە.

### ٤. پردی دوکەرامازی

ئەم پردەش ناوچەکانی رێکان بۆدۆسکی ژێرێ لەوێشەوە بۆ سنوور پێکەوە دەبەستێتەوە.

زیانی رووخانی ئەم پردانە لەسەر هاووڵاتیانی سڤیل

بێگومان پێکەوە بەستنەوەی ناوچەکان بە یەکتری هەنگاوی یەکەمی ئاوەدانکردنەوەی کوردستانە، سەبارەت بەو زیانەی لە ئاکامی رووخانی ئەم پردە دروست دەبن، تەمەر رەمەزان پارێزگاری دهۆك گوتی: ئـــەم ناوچەیەی ئەم پردانەی رووخێنـــراون ناوچەیەکـــی ژیارییە هەم بۆ دانیشـــتوانی ناوچەکە، هەمیش ناوچەیەکی گەشتوگوزارییە و ساڵانە بەدەیان هەزار کـــەس رووی تێدەکەن، هەربۆیە کاتێك ئەم پردانە دەڕوخێنرێن ئەو ناوچەیە لێك دادەبڕێت و دابینکردنی پێداویستییەکانیان ســـەخت دەبێت، یان خەڵك ناچار دەبێت ناوچەکە چۆڵ بکات، ئەم ناوچەیەش ناوچەیەکی فراوانە و ســـەدان گوندی تێدایە کە بەهۆی ئەو پردانەوە پێکەوە بەستراونەتەوە».

لەبەر نائارامی ناوچەکە شاندی حکومەتی عێراق ناتوانێت سەردانی ناوچە بۆمبارانکراوەکان بکات

ئەندازیـــار عومەر ئیبراهیم پێی راگەیاندین کەشـــاندێکی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەی عێراق بەنیازبوون ســـەردانی ئەو ناوچانە بکەن کە بۆمباران کراون، پـــردەکان رووخێنرابوون، بـــەڵام پارێزگاری دهـــۆك پێی راگەیاندیـــن لەبەر ئەوەی بارودۆخی ناوچەکە مەترســـی هەیە ئێمە ئەو سەردانەمان دواخستووە بۆ چەند رۆژێکی دیکە.

●●●

**هێزەکانی تورکیا زیانێکی زۆریان لە کۆمەڵێک پردی ستراتیژی داوە، کە چواریان زۆر سەرەکین، ئەمە بێجگە لە رووخاندنی چەندین پردی پیادە**

●●●

●●●

**شاندێکی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەی عێراق بەنیازبوون سەردانی ئەو ناوچانە بکەن کە بۆمباران کراون، پردەکان رووخێنرابوون، بەڵام لەبەر ئەوەی بارودۆخی ناوچەکە مەترسی هەیە ئێمە ئەو سەردانەمان دواخستووە**

●●●

## ئاسیملەکردن..

# ئەو پەیڤەی خەریک بوو پەیوەندییەکانی نێوان ئەڵمانیا و تورکیا ژەهراوی بکات

## ئەردۆگان بڕیار دەدات پەخشتی تەلەفزیۆنی کوردی لەتورکیا دەست پێبکات



وەزیری پەنابەرانی ئەڵمانیا



سەرەك وەزیرانی تورکیا

### ئێوە بۆچی ئێمە ئاسمیلە دەکەن

هەفتەی ڕابردوو ڕەجەب تەیب ئەردۆگان سـەرۆك وەزیرانی تورکیا بەزمانێکی هەڕەشـەئامێزانە لەشاری کۆڵن-ی ئەڵمانیا ڕایگەیاند کە هیچ کەسـێك ناتوانێ کۆمەڵگای تورك ئاسمیلە بـکات (پەیڤـی ئاسـمیلەکردن Assimilation: بەواتای تواندنەوەی زمان و کولتووری نەتەوەیەك لەسەر دەستی نەتەوەیەکی دیکە دێت). لەم ڕووەوە ئەردۆگان بانگەوازی «ئاسمیلە نەبن»ی ئاراستەی تەواوی هاوڵاتیانی کۆماری تورکیا کرد کە لەوڵاتی ئەڵمانیـا دەژین و ڕوونیکردەوە کە دەبێ تورکەکان لەهەر کوێیەك بن زمان و کولتووری خۆیان بپارێزن. سەرباری ئەمەش ئەردۆگان ئینتەگراتسـیۆن وەکو ئاسمیلە لێکچواند و گوتی ئاسمیلاسیۆن تاوانێکی مرۆڤایەتییە.

ئەم ئاخاوتنەی ئەردۆگان لەکاتێکدایە کە حکوومەتی تورکیا بە سـاڵانە سیاسەتی ئاسمیلەکردنی کوردان پێڕەو دەکات و کورد لەکۆمـاری تورکیـا مافی پەروەردەیان بەزمانـی دایك نییە و بەشێوەی سیستماتیك ئەشکەنجە دەدرێن و وەك هاوڵاتی پلە دوو حیسابیان بۆ دەکرێ. لەتورکیا تائێستا کوردان مافی ئەوەیان نییە بەزمانی خۆیان پەروەردە ببینن و لەناوەندەکانی خوێندن و دامەزراوە فەرمییەکانی دەوڵەتدا زمانی کوردی بەکاربهێنن. ئێسـتاش بە دەیان هەزار کەس لەتورکیا بەهۆی بەکارهێنانی پەیڤی کوردی و ناوی کوردی لەدادگا داوایان لەسەر تۆمارکراوە. بۆیە لێرەدا جێی خۆیەتی کوردان لەمیسداقییەتی ئاخاوتنەکەی ئەردۆگان بپرسن بۆئەوەی کورد زمانی خۆی بەکاربهێنێت. لەبەرئەوە پێشتر چەندین کەس لەتورکیا لەسەر بەکارهێنانی زمانی کوردی لەپۆستەکانیان دوورخراونەتەوە، دیارترینیان عەبدوڵلا دەمیرباش-ی سـەرۆکی شـارەوانی سوور بوو لەشـاری دیاربەکر. بۆیە کاتێك ئەردۆگان

ئەو مافە بۆ کۆمەڵگای تورك بەڕەوا دەبینێت ئەگەر بۆ کەسانی دیکەش هەمان ماف بۆ فرە زمانی نەخوازێت ئەوا لێدوانەکانی مۆرکێکی دووسەرە و ناسیۆنالیزمانە وەردەگرێ.

دوای پەیدابوونی کاردانەوە نێودەوڵەتییەکان لەمەڕ گوتارەکەی سەرۆك وەزیرانی تورکیا، ئەردۆگانی بەرەچەڵەك گورجی بەشداری لەپرۆگرامێکی کەناڵی atv تورکی کرد و ڕایگەیاند کە لەحکوومەتەکەی کار بۆ ئەوە دەکات کەناڵێکی TRT بکاتە کوردی و لەتەك پەخشی کوردی، بەزمانەکانی عەرەبی و فارسیش پەخش دەکرێت. ئەردۆگان بانگەشەی ئەوەی کرد کە حیسابی تورکان بریتی نییە لە ئاسمیلەکردن (تواندنەوە) یان ئەنتیگرەکردن (یەکخستن)ی کوردان، گوتی «هەر کەس بیەوێ دەتوانێ بەزمانی خۆی کۆرس بخوێنێت».

پەیوەست بەم مژارە، ستوونووسی ڕۆژنامەی میللیەت حەسەن جەمال و چەند ڕۆژنامەوانێکی دیکە لەئۆفیسەکەی ئەردۆگان لەئیستانبوڵ لەگەڵ سەرۆك وەزیر دانیشتن و لەسەر ئەو مژارە بەتێروتەسەلی قسەیان کرد. ئەردۆگان پێی ڕاگەیاند کە کورد هێمای ئەساسی تورکیان و ئەوان کێشەی ئاسمیلەکردن و ئەنتیگرەکردنیان نییە، هەر کەس بخوازێ دەتوانێ بەزمانی دایکی کۆرس ببینێت. ئێمە دەتوانین تەکانێکی گوڕتر بەو مەسەلەیە بدەین، ئێمە دەتوانین وا بکەین کە کەناڵێکی وەك TRT تایبەت پەخشی کورد دەست پێبکات و تەنانەت بەعەرەبی و فارسیش پەخش بکات.

لەلایەکی دیکەوە، حەسەن جەمال لەسەر ئەو پرسە، وتارێکی سەرنجڕاکێشی لەڕۆژنامەی میللیەت نووسی و لەئەردۆگان دەپرسێ: ئایا سیاسەتی تورکیا لەبەرامبەر کوردان ئاسمیلە کردنە یان ئەنتیگرە کردنە؟ حەسەن جەمال بەگەلێك نموونە نیشانی ئەردۆگانی داوە کە تورکیا لەبەرامبەر کوردان سیاسەتی تواندنەوە بەڕێوە دەبات و لەمبارەیەوە نموونەی پەرلەمانتاری کورد ئەحمەد تورك دەهێنێتەوە کە بەزۆر و بێ خواستی خۆی ئەنتیگرەی نێو کۆمەڵگای تورك کراوە.

## لەبەر داواکارییەکانیان ئەشکەنجە دەدرێن

وەك بیرخستنەوەیەك لەساڵی ٢٠٠١ لەهەر چوار لای تورکیا بەهەزاران قوتابی کە داخوازی پەروەردەیان بەزمانی کوردی کردبوو، لەقوتابخانە و زانکۆکان دوورخرانەوە و لەدادگا داوایان لەسەر تۆمارکرا و ساڵانێکی زۆر سزای زیندانیان بۆ بڕایەوە. بەهەزاران قوتابی کە لەمافی خوێندن بێبەش ببوون، دەستگیرکران و تێگەیشتن کە داواکردنی خوێندن بەزمانی زگماکی مانای چییە. هاوکات بنەماڵەی ئەو قوتابیانە بۆ هەمان ئامانج داواکاریان پێشکەشی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی نەتەوەیی کرد، بەڵام وەڵامەکەیان هەروەکو خۆی بە ناکامی مایەوە. لەبەرئەوە تورکیا ڕێگای نەدا زمانی کوردی لەسیستمی خوێندن پێڕەو بکرێت تەنها ئەوە نەبێ لەڕێگای کردنەوەی هەندێ خولی تایبەت، بەڵام بەبیانووی ئەوەی شوێنەکانیان بچووکن، ئەم پرۆسەیە تا بڵێی زۆری خایاند، بەمشێوەیەش گوشاری سەر منداڵانی کورد بۆئەوەی لەخوێندنی زمانی زگماکیان بێبەش بن، درێژەی کێشا.

کاربەدەستانی دەوڵەتی تورك هەر جارێك سەردانی ئەورووپا دەکەن خۆیان وەکو نوێنەری دیموکراسی نیشاندەدەن، بەتایبەتی کە ڕووداوەکانی باکووری کوردستان پشتگوێ دەخەن، سەرباری ئەمەش لەدەڤەرە جیاجیاکانی تورکیا لەزۆر شوێن لەسەر بڵاوکردنەوەی پەرتووك، نووسینی کارتی پیرۆزبایی، نووسینی لافیتە و پانکارت بەزمانی کوردی لەدادگا دۆسییان بۆ کراوەتەوە و کەوتۆتە قاڵبی سزاوە. جگە لەوەی ئەو داوایانەی کە لەبەرامبەر ڕۆژنامەی ڕۆژانەی کوردی «ئازادیا وەلات» کراونەتەوە لەژماردن نایەت. ئەردۆگانیش لەئەنقەرە و ئەروپا دەڵێت «ئاسمیلەکردن تاوانێکی مرۆڤایەتییە»، بۆیە خەڵك مەراقی ئەوە دەکات داخۆ قەدەخەکردنی زمانی کوردی دەکەوێتە چوارچێوەی چ یاسایەکەوە؟

## ئەو دۆسێیانەی لەدادگا کراونەتەوە

لەبەرئەوەی سیاسەتمەدارانی کورد و شارەوانییە کوردییەکان بەکوردی قسەیان کردووە و وتاریان نووسیوە ئەوا دۆزیان لەبەرامبەردا کراوەتەوە. سەرۆکی شارەوانی سوور عەبدوڵڵا دەمیرباش و ئەنجومەنی شارەوانی بەمەبەستی فرەزمانی لەپۆستەکەی دوورخراوەتەوە. تاکە ڕۆژنامەی کوردیش لەدیاربەکر دەردەچێ لەماوەی ساڵ و نیوێکدا ڕووبەڕووی زیاتر لە ٥٠٠ داوای قانوونی و لێپرسینەوە هاتوون و سەرنووسەر و خاوەن ئیمتیازی ڕۆژنامەکەش دەستگیرکراون.

## پرسیار لەئەردۆگان؟؟

ئەردۆگان لەمیانەی ئاخاوتنەکانیدا لەئەنجومەن گوتی وا دیارە هیچ کەس ئەو مافەی نییە داوا لەکەسێکی دیکە بکات بۆئەوەی زمانی خۆی بەکار نەهێنێت و زمانی دایکی لەبیر بکات و فێر نەبێت. بۆئەوەی لەواقیعەکە تێنەگەن و بەرخودان دەکەن. ئێوە بۆچی بەرخودان دەکەن؟ ئێوە بۆچی لەفرە زمانی دەترسن؟ لەمە سروشتی تر هیچ شتی دیکە هەیە؟ خەڵکی دیاربەکر و ناوچەکانی دیکە ئەم پرسیارانە لەئەردۆگان دەکەن. بۆئەوەی کورد زمانی دایکی لەبیر بچێتەوە، ئەم هەوڵانەی ئێوە لەپای چییە؟ ئەوکاتەی ڕێگا نادەیت منداڵانی کورد پەروەردە بەزمانی زگماکیان ببینن، ئەمە نابێتە ئاسمیلەکردن؟! ئێوە بۆچی لەبەرامبەر فێربوون و مومارەسەکردنی زمانی کوردی ئەوەندە داکۆکی دەکەن؟ ئێوە بۆچی لەبەکارهێنانی زمانی کوردی دەترسن؟ بەڕێز ئەردۆگان بۆچی دەترسن؟!

## عەبدوڵڵا دەمیرباش: پێم سەیرە سەرۆک وەزیر دەترسێت

عەبدوڵڵا دەمیرباش سەرۆکی لەکارلادراوی شارەوانی سوور لەبەرئەوەی چالاکییەکانی لەبواری بەکارهێنانی زمانی کوردی چەندین جار دۆزی لەبەرامبەر کراوەتەوە و لەلایەن حکوومەتی پارتی داد و گەشەپێدانەوە بەهۆکاری داواکردنی پرۆژەی فرە زمانی دەستگیرکراوە، لەبەرامبەر قسەکانی ئەردۆگان ناڕەزایی نیشاندا. دەمیرباش لە لێدوانێکی تایبەتدا گوتی: سەرۆك وەزیر تەنها تورك و نەتەوەی تورکان دەپارێزێت لەچوارچێوەی



**عەبدوڵلا دەمیرباش سەرۆکی لەکارلادراوی شارەوانی سوور لەدیاربەکر بۆ گوڵان:**

# سەرۆک وەزیرانی تورکیا دەخوازێ سەنتێزێکی تورکی- ئیلامی دروستبکات

بەرگێکی ئیسلامیدا هەڵسوکەوت دەکات، دواتریش سەنتێزێکی «تورکی- ئیسلامی» دەردەکات. بۆیە فرە زمانیش بۆ وڵاتێکی ستاتۆگەرا و یونیتاری وەك تورکیا زەحمەتە. لەبەرئەوە پێشتر بەڕێز ئەردۆگان بەکردەوە سەلماندوویەتی کە مافی زمانی زگماکی بۆ کوردان بەرەوا نازانێت، هەروەك ماوەیەك لەمەوبەر گوتی ئەگەر سبەینێ پەروەردە بەزمانی کوردی دەست پێبکەین ئەوا لەداهاتوودا ئەرمەن و چەرکەز و لازیش داوای هەمان ماف دەکەن. لەکاتێکدا بەڕێزیان لەبیری چووە کە لەوڵاتانی دیموکراسی و مۆدێرن فرەزمانی مافێکی ئاساییە، تەنانەت ئەمڕۆ لەهەرێمی کوردستانی عێراقیش تورکمان و کلدۆئاشوورییەکان مافی پەروەردەیان بەزمانی دایك هەیە و قوتابخانەی تایبەتیان بۆ کراوەتەوە. بۆیە مخابن ئەو قسانەی بەڕێز ئەردۆگان ئاسۆکانی بەردەم ڕیفۆرم و دیموکراتیزەبوونی تورکیا تەڵخ و تاریکتر دەکات و، ئیدی لەمە بەدوا دەبێ تورکیا لەجیاتی نزیکبوونەوە ئەورووپا و جیهانی ڕۆژئاوا بەدوای شەریکی دیکەدا بگەڕێت.

دەمیرباش گوتیشی: «بەڕێز سەرۆك وەزیر لەچی دەترسێن؟ ئەگەر بەڕێز ئەردۆگان ناترسێت بۆچی لێر ڕێگا نادات کورد، ئەرمەن، لاز، چەرکەز و نەتەوەکانی دیکە پەروەردەی زگماکی ببینن؟ ئەگەر وا نەبێت سەرۆك وەزیر ترسی لەخۆی هەیە. لەسیستم دەترسێت. ئەوانەی دەترسێن ناتوانن کەسانی دیکە بەترسنۆك و تاوانبار ناوزەد بکەن».

عەبدوڵلا دەمیرباش لەکۆتایی ئاخاوتنەکانیدا گوتی: «ئەردۆگان بە تەنیا نایەوێ کوردەکانی ناو تورکیا بەڵکو دەخوازێ کوردەکانی ناو ئەڵمانیاش ئاسمیلە بکات و بیانکات بەتورك، بەڵام ئەڵمانیا ڕێ بەو سیاسەتە نادات».

**جەم ئۆزدەمیر:**

**دەبێ سەرۆک وەزیری تورکیا چاوی لەئاست واقیعی ولاتەکەی بکاتەوە**

جەم ئۆزدەمیر ئەندامی کۆمسیۆنی باڵای گروپی سەوزی ئەڵمانی و ئەندامی پەرلەمانی ئەورووپا وەڵامێکی توندی ئاخاوتنەکانی ئەردۆگانی دایەوە و ڕایگەیاند لەکاتێکدا سەرۆك وەزیرانی تورکیا باسی ئەوە دەکات ئاسمیلاسیۆن تاوانێکی دژە مرۆڤایەتییە، دەبێ چاوی خۆشی لەئاست هەقیقەتی وڵاتەکەی بکاتەوە و ببینێ کە کەمینەکانی ئەو وڵاتە لەنێو چ ئاستەنگ و کەبتێکدا دەژین، لەتورکیا هێشتا تەلەڤزیۆنی کوردی نییە کە پەشی زمانی کوردی بکات، چۆن ڕێگا بەخۆی دەدات دەرس بداتە ئەڵمانیا. ئەگەر تورکیا ئەو مەترسییە بەدی دەکات ئەوا دەبێ بزانێت ئەو گرفتە پەیوەستە بەحکوومەتی ئەڵمانییەوە.

ئۆزدەمیر بەزمانێکی وشك ئەوەی بە بیر ئەردۆگان هێنایەوە کە هێشتا لەتورکیا زمانی کوردی لەنێو قوتابخانە و زانکۆکان قەدەخەیە، تائێستا لەتورکیا پەخشی کوردی نییە، ئەمە ئاسمیلاسیۆنە یان ئەوەی بەڕێز ئەردۆگان بانگەشەی بۆ دەکات. ئەگەر ئەردۆگان پێیوایە لەدژی ئاسمیلاسیۆنە ئەوا وەڵامی من بۆ بەڕێزیان بەمشێوەیە: «ئەمە کاری ئەو نییە، من بەهەمان



**جەم ئۆزدەمیر پەرلەمانتاری ئەوروپا بۆ گوڵان:**

# لەکاتێکدا هێشتا لەتورکیا تەلەڤزیۆنێکی کوردی نییە بۆ تورکیا نییە ڕێنمایی ئەڵمانیا بکات

شـێوە وەڵامی سیاسـەتمەدارانی ئەڵمان دەدەمەوە کە لایەنگری ئاسمیلە کردنن، ئاخاوتنی لەم چەشـنە پەیوەندییەکان ژەهراوی دەکەن.

لەبارەی داخوازی کردنـەوەی زانکۆیەکی تورکی لەئەڵمانیا، ئۆزدەمیر گوتی: «ئەمە شـتێکی بێ مانایە، هیچ تورکێك ئەم شتەی ناوێت. دەکرێ پەیمانگایەکی تورکی- ئەڵمانی بکرێتەوە، هاوشێوەی ئەڵمانی- ئیسپانی.

### ئەردۆگان ناسیۆنالیزمی تورکی لەئەڵمانیا بڵاوکردەوە

ڕاوێژکاری ئەڵمانیا و وەزیری پەنابەران و یەکێتی کریسـتیان دیموکراتەکانی ئەڵمانیا (CDU) ڕەخنەی توندیان لەهەڵوێست و ئاخاوتنەکانی سـەرۆك وەزیرانی تورکیا گرت و قسـەکانی ئەردۆگان لەشا ری کۆڵن وەکو دەستێوەردان لەکاروباری ناوخۆی ئەڵمانیا لێکدەدەنەوە.

وۆڵفگانگ بۆسباچ سەرۆکی فراکسیۆنی CDU هۆشداری دایـە حکوومەتـی تورکیا کە دەسـت لەکاروبـاری ناوخۆی ئەڵمانیـا وەرنەدات. بۆسـباچ گوتـی: «حکوومەتی ئەڵمانیا لەبەرامبەر سیاسـەتی هاوبەش بەرامبەر هاووڵاتیان بەرپرسیارە بۆ لەبەرچاوگرتنی پرەنسـیبەکانی مافی مرۆڤ و هاووڵاتی دەستووریی نەك تورکیا».

لەلایەکی دیکەوە ئەنگێلا مێرکڵ ڕاوێژکاری ئەڵمانیا بەتوندی ڕەخنەی لەقسەکانی ئەردۆگان لەبارەی ئاسمیلەکردنەوە گرت و گوتی: «تێڕوانینی ئەردۆگان لەسـەر ئینتەگراسیۆن هەڵەیە. واتای ئینتەگراسـیۆن ئەوەیە خۆ بەخۆ بەشداریکردن لەشێوەی ژیانی وڵاتێکدا، ئەوەی ئەڵمانیش نەبێت هاووڵاتییە و گرێدراوی ئەو وڵاتەن، بۆیە دەبێ ئێمە لەگەڵ سەرۆك وەزیری تورك لەسەر چەمکی ئینتەگراسیۆن گفتوگۆ بکەین».

هەروەها ئەروین هۆبەر سـەرۆکی باسکی CDU لەبەرلین نارەزایی خۆی لەبەرامبـەر ئاخاوتنەکانی ئەردۆگان دەربڕی و گوتی: «ئەردۆگان ناسـیۆنالیزمی تورکـی لەخاکی ئەڵمانیا بڵاوکردەوە. ئەمە لەبەرامبەر ئەوروپایە و پێویسـتە ئێمە جارێکی دیکە بیر بکەینەوە بەبێ ئەم هەلومەرجانە بەڕێوەبردنی یاداشتی لێکتێگەیشـتنی نێـوان تورکیـا و یەکێتی ئەوروپا لەشـوێنی خۆیدایە».

سەرۆکی شـارەوانی بایرن ڕەخنەی لەقسـەکانی ئەردۆگان گرت و گوتی: «ئەم قسـانە لەئاسـتی بەرزدا کران، بەداخەوە لەئاستی دۆستایەتیدا نەبوو، بەڕاستی حکوومەتی تورکیا کورد، مەسـیحی و عەلەوییەکان ئاسـمیلە دەکات نەك ئەڵمانیا تورك ئاسمیلە بکات».

جێی باسە، میدیای ئەڵمانیا بایەخێکی زۆری داوە بەقسەکانی ئەردۆگان لەپەرلەمان کاتێك گوتی: «ئاسمیلە مەبن و سەرنجی ڕاکێشـایە سـەر ئەوەی کە حکوومەتـی تورکیـا لەئەڵمانیا نایـەوێ تورکەکانـی ئەڵمانیا لەنۆرم و ترادسـیۆنی تورکێتی دووربکەونەوە».